یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
19 75
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

ژمارە
١٥
بەهاری ٢٠٢٣

ڕێبەر

گۆڤارێکی وەرزی پێشمەرگانەی هەمەڕەنگە
مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١

ژمارە
١٥
بەهار ٢٠٢٣

گۆڤارێکی وەرزی پێشمەرگانەی هەمەڕەنگە
مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

Email: govaryrebar@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز:مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

سەرنووسەر: بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا
٠٧٧٠١٥٣٣٥٣٢

بەڕێوبەری نووسین: ئیسماعیل خالید
٠٧٧١٩٦٨٥٩٣٨

دیزاین و کاری هونەری: سەرمەند سەلیم

پێڕست

بابەت	ناوی نووسەر	ژ.لاپەڕە
١- کاریگەری ڕووبەر و شێوەی دەوڵەت لەسەر ستراتیژی سەربازی	د. جەزا تۆفێق	٤
٢- کورد لە بۆشایی میدیای جەنگیدا	ئازاد ئیبراهیم	١٢
٣- نۆزدە	ڕاهبەری سەید برایم	١٦
٤- چۆن دکتۆرێک بووم	نەوڕۆز زرگوێزی	٢٠
٥- سەربازە ونەکان	سەربەست باڵخی	٢٦
٦- دەزگای تەندروستی پێشمەرگە	ئیسماعیل خالید	٣٤
٧- کرێکارانی مەعریفە و شۆڕشی سپی	سەلاح جەلال	٤٤
٨- مێدیتەیشنەکانی دیکارت	گۆران زیاد شێخانی	٥٢
٩- دیدگاکان بۆ ناسینی پرسی ژنان	د. ئەکرەم میهرداد	٥٨
١٠- تێڕوانینێک بۆ ململانێکانی ئۆکرانیا	ئیدریس جەبار	٦٦
١١- فەرهەنگی زاراوەی سیاسی	عەبدوڵڵا کۆمەڵە	٧٤
١٢- ڕۆڵی هەتیو لە مێژوودا	د. کامەرتان محەمەد	٧٨
١٣- بیرەوەرییەکانی مستەر همفر	بەران عەباس بەدری	٨٤
١٤- ڕووداوە مێژووییەکانی باشووری کوردستان و لکاندنی بە ویلایەتی موسڵەوە :	عومەر ئەحمەد	٩٦
١٥- پیرەمێردو سروودی نیشتمانی	د. عەبدولواحید ئیدریس	١٠٤
١٦- کێ شەقامەکانی سلێمانی ناوناوە؟	ئاوات کۆکەیی	١١٠
١٧- شەهیدان		١١٨

ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی

سەرنووسەر

ئـەو دەمـەی دڕندەیـی ڕژێمـی بەعـس هەمـوو گونـد و کانیاوەکانـی ژێرەوژوورکردبـوو. کوردسـتان وێـران و چـۆڵ بـوو. بایەقـوش تێیـدا دەخوێنـد. خاکـە بەجێماوەکەشـی کردبـووە ناوچـەی قەدەغەکـراو.

چارەنووسـی میللەتەکەمـان لـەو دەمـەدا بـەرەو نەهامەتـی و لەناوچـوون دەڕۆیشـت. تووڕەیـی خەڵـک لەنێـو شـار و شـارۆچکەکاندا پەنگـی خواردبـۆوە و قوڵپـی دەدا و بـۆ دەرفەتێـک دەگـەڕان. تاوەکـو مافـی ڕەوای خۆیـان بەدەسـتبهێنن. ئـەو هەلومەرجـەی لـەو دەمـەدا لـە عێراقـدا بەرجەسـتەبوو. زەمینەسـازییەکی وەهـای ڕەخسـاند ڕاپەڕیـن بکرێت. سـەرمەشـقی ئـەو ڕاپەڕینـەش یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو کـە نەخشـەی سـەرتاسـەری بـۆ دانـا.

لـە ڕاپەڕینـدا توانـرا. سـەرپاکی خاکـی کوردسـتان ڕزگاربکرێـت. بـە کەرکوکـی قودسـی کوردستانیشـەوە کـە کەوتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی خاوەنـە ڕاسـتەقینەکەی. بـەڵام بەداخـەوە لـەو دەمـەدا پشـتیوانییەکی نێودەوڵەتـی وەهـا لـە مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد نەکـرا. بگـرە گلۆپـی سـەوزیشـیان بـۆ ڕژێـم هەڵکـرد. تـا پەلامـاری گەلـی کـورد بداتـەوە.

ئـەو پەلامـارە بـووە هـۆی دروسـتبوونی کـۆڕەوە مەزنەکـەی گەلـی کـورد. ئـەو کـۆڕەوە ملیۆنییـەش وایکـرد. وڵاتانـی جیهـان بێنـە سـەر خـەت و بەرگـری لـە خەڵکـی سـڤیل بکـەن.

پشـتیوانی نێودەوڵەتـی لـە گەلـی کـورد لـە دوای کۆڕەوەکـە. وایکـرد دەرفەتێکـی بـاش بـۆ کـورد بڕەخسـێت کـە دواتـر پرۆسـەی دیموکراتـی و پێکهێنانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی لێکەوتـەوە. ئەمـەش کەشـێکی ئـازادی و دیموکراتـی وەهـای ڕەخسـاند کـە تائێسـتاش لـە عێراق بـە تایبەتـی و لـە ناوچەکـە بـە گشـتی. وێـڕای کەموکورییـەکان. وەک نموونەیـەک تەماشـا دەکرێـت.

ئـەم دەسـتکەوتانەش بەرهەمـی خوێنـی شـەهیدانە و پشـکـی شـێری ئـەو سـەروەرییەش بـەر یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەکـەوێت کـە بـە شـانازییەوە خاوەنـی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕیـن و ئـەم ئەزموونـەی ئێسـتایە.

پرۆفیسۆر/دکتۆر حەزا تۆفیق تالیب
پسپۆڕی جیۆستراتیج و ئاسایشی نەتەوەیی

کاریگەری ڕووبەر و شێوەی دەوڵەت لەسەر ستراتیژی سەربازی

لە لێکۆڵینەوەکانی جیۆستراتیژ و جوگرافیای سەربازیدا بەبەردەوامی سەرکردە سەربازی و ستراتیژییەکان جەخت لەسەر شوێنی پرۆسە سەربازییەکان (شوێن) دەکەنەوە. تا بەشێوەیەکی ورد سەرجەم ڕەهەندەکانی لە ڕوانگەی سەربازییەوە لێکبدنەوە. بەو پێیەی مەیدانی ڕاستەقینەی ڕووبەڕووبوونەوە بریتییە لە گۆڕەپانی جەنگ. لێرەدا پسپۆڕانی بواری سەربازی و جوگرافیای سەربازی تایبەتمەندییەکانی گۆڕەپانی جەنگ لەڕووی تۆبۆگرافیا و ئاو و هەوا و دارستان و شێوە و ڕووبەرەوە، وەک فاکتەرێکی سەرەکی و یاریدەدەر بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن ئەژماردەکەن و لەژێر ڕۆشنایی ئەم فاکتەرانەدا پلان و تاکتیکی جەنگ دادەڕێژن. ئێمە لێرەدا باس لە کاریگەری ڕووبەر و شێوەی دەوڵەتی

ئیسرائیل دەکەین لەسەر ڕەوشی سەربازی و سیاسی ئەو وڵاتە. بەو پێیەی لە ساڵی ١٩٤٨وە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە ئەم دوو فاکتەرە جوگرافییە (ڕووبەر) و (شێوە). کاریگەری لەسەرجەم پلانی جیۆستراتیژ و ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیلدا بەجێهێشتووە.

ڕووبەری ئیسرائیل:

لە زمانی جوگرافیای سیاسیدا ڕووبەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بەو پێیەی لە کۆتاییدا ئەو نیشتمانەی لێپێکدێت کە ئارامی و ژیانێکی هەتاهەتایی بۆ دانیشتوانەکەی فەراهەم دەکات. لەم بارەیەوە جوگرافیاناسی سیاسی (ڕاتزل) دەڵێت:»شتێکی بەڵگەنەویستە هەموو دەوڵەتان لە کێشمەکێشێکی بەردەوامدان لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان (مەبەستی دەوڵەتانی دراوسێیە) لەپێناو بەرگریکردن لەو ڕووبەرەی کە بەدەستی هێناوە (١). و هەر دەوڵەتێکی بەهێز و ڕێکخراو لە هەوڵی زیادکردن و بەرفراوانکردنی ڕووبەرەکەیدایە. لەبەر ئەوەی ئەم بەرفراوانییە دەرامەتی سروشتی و تا ئاسایشی زیاتری بۆ زامن دەکات (٢). کۆی ڕووبەری ئیسرائیل خۆی دەدات لە (٢٧,٠٠٩ کم٢) لەو ڕووبەرە نزیکەی (٣٦٤ کم٢) بریتییە لە کەرتی غەزە و (٥,٦٥٠ کم٢) (٣) یشی بریتییە لە خاکی کەناری ڕۆژئاوا کە بە خاکی ژێردەسەڵاتی فەلەستینییەکان دەناسرێن و کۆی ڕووبەریان دەگاتە (٦,٠١٤ کم٢) و لە (٢٢,٢٪) کۆی ڕووبەری ئیسرائیل پێکدەهێنێت. واتە ئیسرائیل لە (٧٧,٨٪) کۆی ڕووبەری لەژێر ڕکێفدایە. کە دەکاتە (٢٠,٩٩٥ کم٢). بڕوانە نەخشەی ژمارە (١). بەگوێرەی پۆلێنکردنی ڕووبەری وڵات جوگرافیای سیاسیدا ئیسرائیل لە پۆلێنی وڵاتە خاوەن ڕووبەرە زۆر بچوکەکان پۆلێن دەکرێت. بەم پێیەش بە بەردەوامی هەڕەشەی ئەوەی لەسەر دەبێت کە لەلایەن دوژمن و نەیارانیەوە هێرشبکرێتەسەری و بە ئاسانی وڵاتەکەیان داگیربکرێت.


لبنان
سوريا
طبريه
حيفا
يافا
نابلس
مصر
٨٠ كم
بئر السبع
غزة
المملكة الأردنية الهاشمية
السعودية

بەو پێیەی ئیسرائیل هاوسنوری چوار وڵاتی عەرەبییە کە ئەوانیش بریتین لە «سوریا و لوبنان و میسر و ئوردن» و بە هەر چوار وڵات نزیکەی (٨٢٥ کم)ێ. درێژی سنوورییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. ئەم دۆخە جیۆستراتیژییە بە بەردەوامی جۆرە هەڕەشە و مەترسییەکی بەردەوامی بۆ ئیسرائیل هێناوەتە ئاراوە. بە تایبەتیش لە کاتی هێرشی سەربازی بەکۆمەڵی ئەو چوار وڵاتە بۆ سەر ئیسرائیل و خەسڵەتی بچووکی و ڕووبەری ئیسرائیلیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری وڵاتانی دراوسێوە. وەک چۆن پێشتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا پێنج وڵاتی عەرەبی کە چوارییان هاوسنووری ئیسائیل بوون (سوریاو لوبنان و میسر و ئوردن) و عیراقیش چووە پاڵیان بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و لە ماوەی نێوان ٥-١٠ حوزەیرانی ١٩٦٧دا لە هێرشێکی شەش ڕۆژیدا. ئەو پێنج وڵاتە بە گەلەکۆمەک و لە چەند قۆڵێکەوە هێرشێکی بەر بڵاوییان کردە سەر ئیسرائیل. بەڵام لەو شەش ڕۆژەدا ئیسرائیل توانی نەک هەر تێکیان بشکێنێت. بەڵکو چەند ناوچەیەکی بەربڵاوی لە میسر و ئوردن و سوریاش داگیرکرد. وەک (نیمچە دۆرگەی سینا لە میسر. کە پاشان دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتی گەڕایەوە بۆ میسر. جۆلان لە سوریا کە تائێستاش بە دەست ئیسرائیلەوەیە. هەروەها کەناری ڕۆئاوای لە ئوردن و کەرتی غەزەشی لە میسر داگیرکرد) لێرەدا ئەوەی لە ڕوانگەی جوگرافیای سەربازییەوە لێکدەدرێتەوە بچووکی ڕووبەری ئیسرائیلە لە کاتی هێرشی بەکۆمەڵی وڵاتانی عەرەبی هاوسنووردا. بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەترسییە سەربازییە ئیسرائیل دوو چارەسەری سەرەکی گرتەبەر بۆ دورخستنەوەی مەترسییە سەربازییەکان لەسەری. ئەوانیش بریتیبوون لە:

یەکەم: بەستنی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ هەریەک لە میسر و ئوردندا. کە درێژترین سنوورییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. بۆنمونە سنووری نێوان میسر و ئیسرائیل (٢١٠ کم) دەبێت و لەگەڵ ئوردنیشدا (٣٦٠ کم) دەبێت. بەمەش ئیسرائیل توانیویەتی لەڕێگەی کەناڵی سیاسی و دیپلۆماسییەوە تارمایی هێرش و جەنگ لەخۆی دوربخاتەوە و ئاسایشی سەربازی ئیسرائیل لەو دوو بەرەوەیەوە بپارێزێت.

دووەم: خۆپڕچەککردن و بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی پێشکەوتوو. وەک چەکی ئەتۆم. وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن ئێستا ئیسرائیل خاوەنی نزیکەی «٢٠٠ کلاوەی ئەتۆمییە» لە جۆری ٢٠ کیلۆ تۆن و توانیویەتیشی پەرە بە مووشەکی بالیستی دوورمەودا بدات بە ناوی (ئەریحا -٢). کە توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمی هەیە (٥). هەروەها ئیسرائیل توانایەکی بێ وێنەی سەربازی و پلاندانانی هەیە بۆ ئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێزی سەربازی یەدەگ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بۆ بەربەرچدانەوەی هەر هێرش و مەترسییەک (٦).

شێوەی ئیسرائیل:

شێوەی دەوڵەت کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پرۆسەی سەربازی بەجێدەهێڵێت. بەو پێیەی جۆری شێوەی بەرفراوان زیاتر دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەری ستراتیژی بۆ دەوڵەت لە کاتی جوڵەی سەربازی و دابەشکردنی یەکە سەربازییەکان و دامو دەزگا ستراتیژییەکانی وەک سەربازگە و فڕۆکەخانە و بەنداو و کارخانە گەورەکان. بەڵام ئەوەی لە شێوەی نەخشەی وڵاتی ئیسرائیلدا دەبینرێت بریتییە لەوەی کە ئیسرائیل شێوەی درێژی هەیە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢). درێژی ئیسرائیل لە باکوورەوە بۆ باشوور (٤٣٠ کم). لە کاتێکدا پانتاییەکەی لە بەشی باکوورییەوە لەنێوان (٥١- ٧٠ کم) و لە ناوەڕاستی وڵاتدا پانتاییەکەی دەگاتە نێوان (٧٢- ٩٥ کم) و لە بەشی باشووری ئیسرائیلدا دگاتە (١١٧ کم) و لەوپەڕی باشووری ئیسرائیل پانتایی خاک کەمدەبێتەوە بۆ کەمترین قولایی و دەگاتە (١١ کم) لەنێوان شاری عەقەبەی ئوردنی و مەرشەڕشی میسریدا. لێرەدا هەژاری ئیسرائیل بەدەردەکەوێت لە بواری «قولایی ستراتیژیدا» بەو پێیەی کە خاوەنی ڕووبەرێکی بچووکی شێوە درێژکۆلەیە و کەمترین بواری جوڵەی سەربازی و ستراتیژی دەبێت و بە ئاسانی ناتوانێت جوڵە بە هێزەکانی بکات لەو ڕووبەر و شێوە نەگونجاوەدا و بە ئاسانی ناتوانێت دامو دەزگا ستراتیژی و ئابووری و تەکنەلۆژیاکانی بەشێوەیەکی گونجاو بڵاوبکاتەوە. بەو پێیەی جگە لە ڕۆژئاوای ئیسرائیل کە دەریای سپییە. لە باکوور و ڕۆژهەڵات و

نەخشەی ژمارە (٢)
شێوەی دەوڵەتی ئیسرائیل



رۆژئاواوە بە وڵاتی عەرەبی گەمارۆدراوە و ناتوانێت بەئاسانی مانۆڕ و جوڵە ستراتیژییەکان لەو سنوورە نزیکانەوە بەئەنجام بگەیەنێت.

ڕووبەری ئیسرائیل کە (٢٧,٠٠٩ کم٢) بەراورد بە ڕووبەری ئەو جۆرە وڵاتە عەرەبییەی کە هاوسنوورن لەگەڵیدا کۆی ڕووبەریان دەگاتە (١,٢٨٦,٩٧٤ کم٢) . واتە ڕووبەری ئیسرائیل تەنیا ٢٪ی کۆی ڕووبەری ئەو چوار وڵاتە پێکدەهێنێت. ئەم دۆخە جیۆستراتیژییەی کە بۆ ئیسرائیل هاتۆوتە کایەوە لە ڕووبەری بچووک و شێوەی درێژکۆلە، بە ئاسانی ناتوانرێت جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێت و ئیسرائیل ناچار بووە کە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، بەتایبەتیش پلانی جەنگ و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هاوسنووردا بەشێوەیەک دابڕێژێت کە بگونجێت لەگەڵ ڕووبەر و شێوەی درێژکۆلەی ئیسرائیلدا و بۆ ئەم مەبەستەش چەند بنەمایەکی جیۆستراتیژی کردۆتە ئامانج بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دراوسێکانیدا، لەو بنەمایانەش:

یەکەم: بە حوکمی ڕووبەری بچووک و شێوەی درێژکۆلەی ئیسرائیل، ستراتیژی ئاسایشی سەربازی ئیسرائیل هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا پلانی گواستنەوەی جەنگی بۆ وڵاتانی دراوسێی دا، واتە ئەگەر هەر جۆرە جەنگێک لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دراوسێیدا ڕوویدا، ئەوا با جەنگەکە لە دەرەوەی سنووری ئیسرائیل ئەنجامبدرێت. لەبەر ئەوەی ڕووبەر و شێوەی ئیسرائیل بەرگەی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان ناگرێت، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکانەوە سوپای ئیسرائیل بەگوێرەی پلانی گواستنەوەی جەنگ بۆ دەرەوەی ئیسرائیل، بەرزاییەکانی جۆلانی لە سوریا داگیرکرد، هەروەها کەناری ڕۆژئاوا لە ئوردن و نیمچە دوورگەی سینا لە مسیر، بە مەبەستی ئەنجامدانی جەنگ لە خاکی دوژمندا و کەمکردنەوەی زیانەکان لە خودی ئیسرائیل.

دووەم: گرنگیدانی تایبەت بە هێزی ئاسمانی و مووشەکی لەنێو سوپای ئیسرائیلدا، تاوەکو دور بە دور بتوانێت هێز و توانای بەرامبەر تێکبشکێنێت و لاوازی بکات، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەیلولی ١٩٨١دا ئیسرائیل و ئەمریکا ڕێککەوتننامەی هاریکاری ستراتیژیان

مۆرکـــرد بـــە مەبەســـتی بونیاتنانـــی جبەخانــە و هاوردەکردنـــی چـــەک و تەقەمەنـــی و پاڵپشـــتیکردنی ســـەربازی و ســـتراتیژی ئیســـرائیل لـــە ســـەرجەم بـــوارە ســـەربازیەکاندا.

سـێیەم: وەک پێشـــتر ئامـاژەمـان پێکـرد ئیســرائیل خاوەنـی عەمبارێکـی گـەورە و بەهێـزی چەکـی ئەتـۆم و مووشـەکی بالیســتیە و دەتوانێــت لــە کاتــی پێویســتدا بەکاریانبهێنێــت.

چـوارەم: گرتنەبـەری پرۆســە ســەربازی و هـەواڵگرییـە پیشـــوەختەکان «الاســتباقیە»، واتـە پێش ئـەوەی جەنـگ و هێـرش و مەترسـی بێنەئـاراوە سـوپای ئیسـرائیل گـورزی خـۆی لەنێـو جەرگـەی وڵاتانـی نەیـاردا دەوەشـێنێت لـە نمونـەی لێـدان و بۆردومانکـردنـی کـورەی ئەتۆمـی عێـراق لــە ســەرەتای هەشــتاکانی ســەدەی رابــردوودا و لێدانــی بــارەگای رێکخــراوی رزگاریخــوازی فەلەســتینی لــە تونـس و لێدانـی کاروانێکـی گـەورەی چــەک و تەقەمەنــی لــە ســودان کــە وابرپـار بـوو بنێردرێـت بـۆ جوڵانـەوەی «حەمـاس».

بەمپێیـە ئامانجـی سـتراتیژی ئیسـرائیل بریتیـە لـە پاراسـتنی رووبـەری بچووکـی ئیســرائیل، هــەروەک (مۆشــی دایــان) دەڵێـت ئـەوەی بڕیـار لـە سیاســەتمان دەدات ئاسایشـــە (٧).

سەرچاوەکان

١-پ.د. جەزا تۆفیق تاڵیب، جوگرافیای سەربازی، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ١٨٧-١٨٨.

٢-د.صلاح الدین الشامی، دراسات فی الجغرافیة السیاسیة، مطبعة الانتصار، ط ٢، ١٩٩٩، الاسکندریة، ص ٥٥.

٣-حسن عبدالقادر صالح، فلسطین المحتلة ١٩٦٧ جغرافیا و دیموغرافیا، مجلة شؤون عربیة، العدد (٦٠)، ١٩٨٩، ص ٧.

٤-کمال موریس، الموسوعة الجغرافیة للوطن العربی، دار الجیل للنشر، بیروت، ١٩٨٨، ص ٤١٣.

٥--د. بسمة خلیل نامق الاوقاتی، تأثیر مقومات قوة الدولة علی سیاساتها الخارجیة، حالة دراسة «اسرائیل»، مجلة المستنصریة للدراسات العربیة و الدولیة، العدد (٢٩)، ٢٠١٠، ص ١١٨.

٦-الفریق ارکان حرب سعدالدین الشاذلی، حرب اکتوبر «مذکرات»، منشورات مؤسسة الوطن العربی للطباعة و النشر، باریس، بالتعاون مع دار المحرر للطباعة و النشر، بیروت، ط ١، ١٩٨٠، ص ٨٦.

٧- د. سلمان رشید سلمان، اسرائیل و التسویة، دار الخلدون، بیروت، ١٩٧٥، ص ١٢٨.

ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد

کورد لە بۆشایی میدیای جەنگیدا

میدیای جەنگی، یان راگەیاندنی جەنگی جۆرێکە لە جۆرەکانی راگەیاندن و وڵاتانی جیهان گرنگیی زۆریان بەم جۆرەی میدیایە داوە. ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین جار چوونەتە جەنگەوە، زیاتر و زۆرتر بایەخ و گرنگی ئەم جۆرەی میدیا دەزانن، نەک هەر ئەوەش لە زۆربەی وڵاتاندا کە بایەخ بە میدیای جەنگی دەدەن هاوکات بایەخ بە رۆژنامەنووس و میدیاکاری بەرەکانی جەنگیش دەدەن تاکو لە کاتە پێویستەکاندا بتوانن روماڵێکی تەواو پرۆفیشناڵانە بکەن کە دووربێت لە مەترسی بۆسەر وڵات و سوپای وڵاتەکەیان. لێرەشەوە ئەوە جیادەکرێتەوە کە هەموو رۆژنامەنووسێک ناچێتە بەرەکانی جەنگ و هەموو رۆماڵێکیش بە روماڵی بەرەی جەنگ هەژمار ناکرێت. بە درێژایی ئەو کاتانەی پێشمەرگە لە جەنگی داعشدا بووە، هەڵە تێگەشتنێک لە میدیای کوردیدا هەبووە کە پێمانوابووە ئەوەی لە جەنگی داعشدا کراوە میدیای ئێمە کاری روماڵی کردووە، نەخێر، ئەوە روماڵی جەنگی نییە میدیای ئێمە وێنەی هەموو جوڵە و خواردن و خەوتنێکی پێشمەرگە بگەیەنێت بە دوژمن، لە راستیدا کاری روماڵکردنی جەنگ یەکێکە لە هونەرە باڵاکانی

میدیــا و ئــەو کــەس و میدیاکارانــەی کــە تایبــەت دەکرێــن بــەم بــوارە، دەبێــت خــول و دەورەی ناوخــۆیی و جیهانــی ببینــن و بەنــاوی روماڵــەوە کارێــک نەکــەن کــە دژی ئاسایشــی نەتەوەیــی کــورد بێــت. وەک چــۆن دەزانیــن لــە مەیدانــی جەنگــدا ئەرکــی فەرمانــدە و قائیدەکانــە پلانی وردی ســەربازی دابرێژێــت و لــە هەمــووان زیاتــر ئاگایــان لەهێزەکەیــان بێــت و نەشــکێت و بەکەمتریــن زیــان لــە جەنگێکــدا بچنــەدەرە و ســەرکەوتن بەدەســتبهێنن. بــەو شــێوەیەش پێویســتە میدیــا ئــەو کەســانە بنێرێتــە بەرەکانــی جەنــگ کــە تایبەتمەنــدن لــە روماڵــدا و لــە هەمــووان باشــتری لێدەزانــن، ئەمــەش بۆئــەوەی کەمتریــن زیــان، یــان هیــچ زیانێــک بــە میدیاکارەکانــی نەکەوێــت. بەپێچەوانــەوە ئــەو میدیــاکارەی هیــچ خولێکیــان لەبــارەی روماڵــی بەرەکانــی جەنگــەوە نەبینــی بێــت و راســتەخۆ بچێتــە بــەرەی جەنگێکــەوە و دەســت بــکات بــە رومــاڵ. ئــەوا لــە یەکــەم چرکــەی کارەکەیــەوە هەڵــەی کــردووە و پێــی ناوترێــت رومــاڵ. هەمــوو ئــەو بابەتانــەی کــە پەیوەســت بــوون بــە نەبوونــی میدیایەکــی جەنگــی و نەبوونــی پەیامنێــر و میدیاکارێکــی تایبەتــەوە بــۆ رووماڵــی مەیدانــی جەنــگ. ئــەوە وایکــرد میدیــای کــوردی هێــزی

زۆرێکی میدیاکان و میدیاکار و رۆژنامەنووسی کورد تا ئێستاش نازانن هونەری روماڵکردن بە گشتی و روماڵی جەنگی چییە لە میدیادا! جا نەخاسمە ئەو توانا کەمەی کە میدیاکارەکانی کورد هەیانبوو بنێردرێنە بەرەکانی جەنگ و ئەرکێکی گەورەی پێبسپێردرێت کە روماڵی جەنگێکی تاقەت پڕوکێنە.

پێشمەرگە و خاكی كوردستان و تەنانەت خودی میدیا خۆیشی تووشی زەرەری زۆر بكاتەوە لەو جەنگەدا. بە وردبوونەوە لە جوڵەكانی میدیاكان كاری زۆرێكی میدیاكان دەچوونە خزمەت دوژمنەوە. لەو سەروبەندەدا گلەیی و تووڕەییەكی زۆریش هەبوو كە میدیای كوردی جارێكیتر بەو شێوەیە نەچێتە بەرەكانی جەنگ و وێنەی دیمەنیی جەنگ و چاوپێكەوتنی فەرماندەكان نەگوازێتەوە. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو رومالّە هەڵەیە بوو كە میدیاكانی كوردستان دەیانكرد لە بەرەكانی جەنگەوە.

رەنگە زیادەڕەویمان نەوتبێت كە زۆرێكی میدیاكان و میدیاكار و رۆژنامەنووسی كورد تا ئێستاش نازانن هونەری رومالّكردن بە گشتی و رومالّی جەنگی چییە لە میدیادا! جا نەخاسمە ئەو توانا كەمەی كە میدیاكارەكانی كورد هەیانبوو بنێردرێتە بەرەكانی جەنگ و ئەركێكی گەورەی پێبسپێردرێت كە رومالّی جەنگێكی تاقەت پروكێنە.

لە وڵاتاندا. پرسی میدیای جەنگی بە یەكێك لە پاڵنەرەكانی سەركەوتنی وڵات لە هەر جەنگێكدا دادەنرێت و بایەخی تەواویش بەمجۆرەی میدیا دەدرێت. بەمانایەكی دیكە دەوترێت هێزی میدیا هێزێكی كاریگەرە لە پشتەوەی سوپاوە. ئەم بۆچوونە زۆر راست و دروستە بە نیسبەت كوردیشەوە. لە شۆڕشی گەلی كوردا ئەوەی كورد هەیبووە رادیۆیەك

بووە و هیچی دیکە تا ڕاپەڕین. بەڵام کاریگەری ئەم ڕادیۆیە لەسەر ورە و مەعنەوییەتی پێشمەرگە زۆر کاریگەری هەبووە و دەتوانین بڵێین ئەوەی بە هێزی ڕەقمان بەدەستمان هێنا بەشێکی پاڵنەرە میدیاییەکەی بووە تاکو ڕاپەڕین. بەڵام جیاوازی ئەو ڕادیۆیەی جاران و میدیای ئێستامان ئەوەیە کە ڕادیۆکە هیچ دیمەنێکی هەڵەی هێزەکانی پێشمەرگەی نەگواستۆتەوە و جوڵە و هێرش و چرکە چرکەی جوڵەکانی فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگەی بۆ دوژمن نەگواستووەتەوە بە قسە.

لە کوردستان بەو پێیەی میدیایەکی جەنگیمان نییە وەک ئەوەی لە هەندێک وڵاتدا هەیە بەناوی «ناوەندی میدیای جەنگی»، ئەوا میدیاکاریشمان نییە لەم بوارەدا پرۆفیشناڵ و تایبەتمەند بێت. ئەم جۆرەی میدیا لە نێوان جۆرەکانی دیکەی میدیای کوردیدا پشتگوێ خراوە و بەپێی ئەو پێگە جەنگییەی کە کوردستانی تێکەوتووە و زۆرترینجاریش لە ساڵەکانی ڕابردوودا تووشی پێکدادان و جەنگ بۆتەوە. دەبوو حکومەت و لایەنی پەیوەست بەم بابەتە کە ڕەنگە وەزارەتی پێشمەرگە بێت. بیریان لە میدیایەکی لەم شێوەیە بکردایەتەوە و ڕۆژنامەنووسی تایبەتیشیان بەم بوارە پێبگەیاندایە و بیانناردنایە بۆ وڵاتانی دەرەوە تاکو خولی تایبەت ببینن.

نەبوونی ئەم جۆرە میدیایە بۆ کورد. یان نەبوونی ناوەندێکی میدیای جەنگی لای کورد. نەک لە ڕابردوودا شوێنەوارە نەرێنییەکەیمان بینیووە. بەڵکو لە داهاتووشدا زیاتر هەستی پێدەکەین و زۆرتریش دەبێتە مایەی مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان. چونکە میدیاکارەکانمان نەک پسپۆڕی و لێزانینیان بەم بوارە نییە بەڵکو ئەوەشی کردوویانە لە ڕابردوودا جۆرێک بووە لە کارکردنی ناچاری و جۆرێک بووە لە جاسووسی ناڕاستەوخۆش بۆ دوژمنانی گەل و خاکەکەمان. پێویستە ئیدی ئەم کارکردنە ناشارەزایانەیە ڕابگیرێت و ئیدی هەرکەسە و بۆ خۆی کاری ڕوماڵ لە بەرەکانی جەنگدا نەکات و کەسیش بەناوی ڕۆژنامەنووسەوە تووشی کارەساتی گیانی و ڕۆحی نەبێتەوە و هێزی پێشمەرگەش بەبۆنەی هەڵەی میدیاکارەکانمانەوە تووشی نارەحەتی و ئازار نەبنەوە.

راهبەر سەید برایم

نۆزدە

نۆزدە چاو هەڵۆی تیپی ٩٣ی کۆیە. لە ١٩٨٦/١١/١٩ بە نوێژی نیوەڕۆیە. لە چەقی سەرجادەی سەرەکی دۆڵی (شاڵبەگیان) چەقین. وەک مین لە کەمین ڕووبەڕووی سوپای دوژمن دا تەقین. لە بۆسەیەکی تۆکمە و دامەزراو. لە کاروانێکی سەربازی چاوەڕواننەکراو ولەناکاو. لە دەمژمێری دوو ونیوی پاش نیوەڕۆ. کاروانی سەربازی کەوتە بەر هەڵمەتی چنگی نۆزدە هەڵۆ. بوو بە تەقە وهێرش لە ئاست گوندی (کانی وەتمان). کاروانە سەربازەکە پڕ ئازووقە و تەقەمەنی بوو بە باتمان. لێیان هاتنە دەست و گورزێکی گەورە و دەگمەنیان لێ وەشاند. ١٩ پێشمەرگە لە ١٩ی مانگ ١٩ئیڤایان تێکشکاند و سوتاند. ١٩ ئەفسەر و سەرباز کوژران. شەش کەسیان لێ بەدیل گیران. دەسکەوت ٢٣ کلاشینکۆف و دوو R.B.G و یەک دەمانچە و یەک جیهازی ڕاکاڵ. خەسارەت د.کاوەی دلێر بوو بە گولالە سوورەی کۆتایی ساڵ. لەگەڵ برینداربوونی پ.م قاسم حەمە گچکەل. پێشتر لەو شەڕە د.کاوە و چارەی دەیکرد بە تیمار و تەقەڵ. بەڵام عەجەلە و ئەجەل بران. خوێنی شەهیدان ڕووناکی چران. بۆ ئازادی و سەرفرازی. بۆسەربەرزی مایەی شانازی. شەهیدان لەدوای مەرگ لە دایک دەبنەوە. لەیادو ویژدان دەژین هەرگیز لەبیرناچنەوە. چاک نوسین واتە چاک و پاک وماک بیرکردنەوە. ئەوەی شایانی گێڕانەوە بێ دەبێ وەک خۆی بیگێڕینەوە. بەجوانی و سروشتی و دروستی شیبکەینەوە. ڕۆژانی

هەڵوێست و جوامێری وخۆنەویستی بەبیربهێنینەوە.

باڵندەی دیکە هەیە دەفڕن بەرزتر، بەڵام وەک هەڵۆ چنگ بە گرنین نە بەهێزتر. ڕاستە د.کاوە ناونرابوو بە ناوی کاوەی ئاسنگەر، چەکووش و بەرکۆشی پێ نەبوو پێی بوو چەک و هەگبەی پڕ دەرمان و شرینقە و چارەسەر، ناسرابوو بە کاوەی دلێر، جوامێر و شێر و بوێر، چوستو چالاک و بەدەستو برد. بۆ خەڵک و پێشمەرگە ببووە دارگورد و پرد، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بوو، لە کاری دکتۆری و چالاکی پێشمەرگانە پشکی بوو، نموونە بوون لەو جۆر، پێشمەرگە و دکتۆر، لەگەڵ (د.هۆشمەند عەبدولکەریم) ناسراو بە دکتۆر شالاو، یەکەم خەستەخانەیان دانا لەناوچەی رزگارکراو، لەدۆڵە ڕەقە لەناو گوندی (پلینگان)، لە سنووری هەرێمی چواردەی ناوشێر و پلینگان، بەهیمەت و هاوکاری فەرماندەی هەرێمی چواردە، (سواراغای عەباساغای سەرکەپکان)، ببوونە هێمای مرۆڤایەتی لەناوجەرگەی جەماوەر ورە و هیوا لە هێرش و شەڕەکان، بۆ نەخۆش و برینداراني پێشمەرگە و جەماوەر، قەڵاو ئومێدبوون بۆ تیمار و چاکردنەوە و چارەسەر.

مرۆڤی سەرکەوتوو قەت ناکرێ قوفڵ، پەنجەرەی نوێ دەکاتەوە بۆ تیرۆژ و دیمەنی گوڵ، گوڵچن لە دڕک ناترسێ، لەئازار و ماندووبوون ناپرسێ، کە حەزرەتی (نوح)کەشتیەوان بێ هێندە مەترسی

نییە لافاو، هەموو گوڵێک جوانە بەڵام گوڵ بۆنی نەبێ نابێ بە گوڵاو، پشتت کێوبێ، یا دژمن دێوبێ. د.کاوە لە دڵێکی پڕ سۆز و سووتاو، لە جەستەیەکی بەهێز و چەسپاو بە پاکی، بێ باکی، بەچاکی، بە چالاکی، کەوتە ناو خەباتی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی، بە گیانی سۆز و ویژدانی دکتۆری میهرەبان و مرۆڤایەتی.

لەبن پەڕی هەورو ساماڵان دۆزرایەوە، بە دکتۆری تیپی ٩٣ی کۆیە گیرسایەوە، بەدروشمی (کەم بژی و شێر بژی، نەک زۆر بژی و لەژێر بژی)، بەدەرزی شرینقەو شرقەی تفەنگ سەلماندی بەکردەوە، خەستەخانەی شەهید د.خالیدی لە گوندی (کانی کوردە) کردەوە، بوە یەکەم تیپ خەستەخانەی هەبێ، پێداویستی نەخۆش و دەرمانخانەی هەبێ، خۆی چارەسەر و تیمارکەری برینان بوو، بۆ پێشمەرگە و خەڵک چارەسەر و دەرمان بوو.

دایک و کەسوکاری پێشمەرگە دڵ و دەروون وچاویان کەوتبووە دەشتو کەژان، لەهەر هەواڵ و ڕووداوێ ڕادەچەڵکین و دەشڵەژان و دەهاتنە هەژان، دایکە جگەر سووتاوەکەی (ئامینەخان)لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی لە هەمان ڕۆژ و کات، دڵە برژاوەکەی لە لێدان کەوت ١٩٩٧/١١/١٩ بەوەفاوە کردی وەفات، د.کاوە لە کن نۆزدە شەهیدەکەی داستانی قورە بەرازە

نێژرا، لەداخی شەهیدبوونی ئاخی بۆ هەڵدەکێشرا و فرمێسکی بۆ ڕێژرا، پاش شەهیدکرانی لە دەم زێ (فەتاح تەپڵ) هەواری تازە، بۆ خۆشەویستی و ڕێز و وەفا بۆ ئەو مەبەست و نیازە، کتێبخانەیەکی بۆ کراوە، بەناوی شەهید (د.کاوە)بەڵام لە ئەنفالەکان ئەنفالکرا، کتێبەکان سوتێندران و جێیەکە تێک و پێک درا، بۆیە دیسانەوە لەناو شاری کۆیە لە شوێنەواری قشڵە، کتێبخانەی شەهید د.کاوە دامەزرایەوە رازایەوە لەجوانی وجۆری کتێب چەپکە گوڵە، ئەو نۆزدانە هەڵبەستراو نین و ڕاست و دروستن، بۆ لاپەڕەی مێژوو بایەخدارو جێی سەرنج و

پێویستن! چاوەکان چەند گەورەبن ناتوانن یەکتر ببینن. خۆشەویستان نزیک بن یان دوور لەناو دڵان شیرینن! بەهەور و بەسایەقە. گوڵ هەر گوڵی لایەقە! زامی شەهیدەکان هەرگیز نابێ سارێژ. یادیان بەخێر و بەرێز و دڵبرێژ!!

١٩ نۆزدە هەڵۆیەکە:

- ١- شەهید د.کاوە عەبدوڵڵا
- ٢- شەهید حاجی شەفیق تۆفیق ئیسماعیل زریان
- ٣- شەهید بەکر ئەحمەداغا غەفووری
- ٤- شەهید مەلا عوسمان کانی بی
- ٥- شەهید سەید مەغدید سەید قادر
- ٦- شەهید حەمەتایەر حەمید
- ٧- شەهید (عومەرە سووری کانی بی)هەمزە اغا-گیڤارا
- ٨- رەهبەر سەید برایم (فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە)
- ٩- دڵسۆز بەکر فەتحوڵڵا (ف.کەرت)
- ١٠- پشتیوان همزە رسول (کەم ئەندامی سەنگەر)
- ١١- سەرباز حاجی سایەق
- ١٢- خالید عەبدولرەزاق حەمە سدیق
- ١٣- شۆرش کاکە (بەڕێوبەری پۆلیسی دارستانی ڕاپەرین)
- ١٤- سەید گوڵ سەید ئەمین داوداوە
- ١٥- حەمە هەڵدێر حاجی حەسەن کورتاندروو
- ١٦- قاسم حەمە گچکەل
- ١٧- دڵزار کاکەمین
- ١٨- عومەر عەلی حسین(هەڵۆ ڕەش سارتکەیی)
- ١٩- شاخەوان حەوێز (شاخە ڕەش)

بیرەوەرییەکی ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم

چۆن دکتۆرێک بووم

نەورۆز زرگوێزی

کە ئاشبەتاڵ ڕوویدا و کوردستان بووە مەیدانی تەراتێنی بەعس. ڕژێم بۆ پیشاندانی دلسۆزی بۆ کورد و هەڵخەلەتاندنی وڵاتانی دەرەوە. چەند کارێکی کرد. دروستکردنی هەندێ بنکە وەک خەستەخانە و قوتانخانە و لە هەندێک شوێن بەشی کشتوکاڵ و (بەیتەرییە). کەم و زۆر دابەش کرابوون بەسەر ناوچەکاندا. دوای گەشەکردنی شۆڕشی نوێ. بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی جەنگی تاقەت پڕوکێنی(ئێران - عێراق) ڕژێم زۆر ناوچەی چۆڵ کرد و هەندێ ناوچەش بەخوێنی تێکۆشەرانی کورد ڕزگار کراو ڕژێم نەیتوانی جارێکی تر بێتەوە تا کارەساتی ئەنفال. ڕژێم ئەو بنکە خزمەتگوزاریانەی گواستەوە ژێر دەسەلاتی خۆی. لەبەر ئەوەی شۆڕش سوودیان لێوەر نەگرێت. بەم هۆیەوە جۆرێکی تری چالاکی پێشمەرگە زیادی کرد. کە دەست بەسەر نەخۆشخانەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم بگرن و بیگوێزنەوە بۆ ناوچە ئازادەکان. کە ئەمەش سودێکی زۆری گەیاند بە شۆڕش و دانیشتوانی ناوچە ئازادەکان. کە توانرا لە زۆر شوێن خەستەخانەی شۆڕش دابمەزرێت و بە ئامێری پێشکەوتووە.

زۆر جار دڵسۆزانی ڕێکخستنەکان ڕێگە نیشاندەر بوون کە چ خەستەخانەیەک باشە بۆ دەستبەسەرگرتنی و گوێزانەوەی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. کە بەبێ تەقە جێبەجێ دەکرا. ئەوکات خەستەخانە لاوەکیەکان. شەوانە تەنها (حەرەسێک) دەمایەوە. تا توشی لێپرسینەوە نەبێت. لە ژوورێکدا زیندانیان دەکرا. تا ڕژێم شک

لــە پارمەتــی ئــەوان نــەکات و بیانگــرن. بــەم هۆیــەوە پێشــمەرگە دکتــۆر و برینپێچــەکان دەیانتوانــی زیاتــر خزمــەت بــە هێــزەکان و جەماوەرەکــە بکــەن. کــە دواتــر دەیــان بنکــەی گــەورە دروســت بــوون لــە مەڵبەنــدەکان و گــەورەترینیــان خەســتەخانەی ســەرەکی لەبەرگەڵــوو دروســت کــرا.

کارمەندانــی نەخۆشــخانەکانی شــۆڕش ســەدان نەشــتەرگەری گەورەیــان بــە ئەنجــام گەیانــدوو ســەدان گیانیان ڕزگار کــر. بەداخەوە ئــەو کارە پــڕ جوانــی و مرۆڤایەتیەیــان وەک پێویســت بــۆ مێــژوو تۆمــار نەکــراوە. بەهــۆی سەرکێشــی هێســترێکی چەمووشــی هاریــوو، کــە چەنــد مانگێــک بــەس خزمــەت دەکــراو دابەســترا بــوو کــە بەفــری زۆری باریــوی چەنــد مانگــەی ناوزەنــگ بــووە خێــر بۆیــی و هــەر لــە گەورەکــەدا دەلــەوەری هەتــا ئاویشــی بــۆ دەبرایــە ژوورەوە. لــەو مــاوە زۆرەدا تەنهاعەســرێک کارمــان پێــی بــوو .کردمیــە فلیــم و بوومــە قوربانــی و قۆڵێکــم نایــە بانــی. برامــە نەخۆشــخانە ســاواکەی شــێنێ و لــەوێ وێنــەی تیشــکیان بــۆ گرتــم و چەنــد ڕۆژێــک لایــان مامــەوە. ئــەوکات کاکە(حەمــە بەیــان) لــەوێ بــوو. بەرێزیــان کــوری شــار و ســەرچناریە دێرینــەکان و یەکتریمــان بــاش دەناســی و لەبەشــی تیشــک خزمەتــی دەکــرد. بــەو هۆیــەوە ئاشــنایەتیم لەگــەڵ بــرا دڵســۆزەکانی نەخۆشــخانە پەیــدا کــرد کــە

د. ئاگۆ: وتی ئەوە چەند ڕۆژە فێــرت دەکــەم، دەبــێ ئەمــرۆ دەرزی لـــــێبرەیت، بەڕاســتی مــن ئامــادە نەبــووم، بــەلام دەبــوو تاقــی بکەمــەوە، ئــەوەم قبــوڵ کــرد بەمەرجــێ لەژێــر ئــاگاداری ئــەودا، چونکــە دەمزانــی دەرزیەکــی هەڵــە دەتوانــێ گیانێــک لەنــاو بەرێــت.

تــا ئەنفــال و دواتریــش. ڕۆژگاری گرگرتــوی خەبــات بەخێرایــی گەشــەی دەکــرد کــە خوێـن و هیلاکـی و دڵسـۆزی داینەمۆی بـوو. وتــی / تــۆ بــەردەوام ســەردانمان دەکەیــت و هەنــدێ جــار پێشــمەرگەو جەمــاوەری برینــدار و نەخــۆش دەگەیەنیتــە لامــان. وەک (ئامبولانســت) لێهاتــووە. بــۆ نایەبیــت هەنــدێ خزمــەت گــوزاری ســەرەتاییت فێــر بکەیــن. کــە بەســوود دەبێــت بــۆ برینــدار و نەخۆشــەکان تــا دەگەنــە لامــان. ســەرەتا گاڵتــەم بــە تواناکانــی خــۆم دەهــات لــەو بــوارەدا. بــەلام بــە دلســۆزی و هاندانــی ئــەوان. گەشــتمە ئــەو بڕوایەیــی کــە ڕاســت دەکــەن. هــەر نەبێــت دەتوانــم خزمەتێکــی بچــووک بکــەم و ئازارێــک یــان ژیانێــک ڕزگار بکــەم.

کــە گەڕامــەوە (کــوروان) لــە ئــاوەژێ بــە کاک نەوشــیروانم وت. ئــەو پێــێ بــاش بــوو. بڕیــارم دا هــەوڵ بــدەم و شــتێک فێــر بــم کــە بەهۆیــەوە خزمەتێــک بــە گەلەکــەم بکــەم. ســەرەتا وتیــان دەبــێ بێیتــە لامــان و گــوێ بگریــت و دواتــر فێــری دەرزی لێــدان و تیمــار کــردن و بریــن پێچــان و هەناســەی دەســتکرد ببیــت. ئــەوان ڕۆژانــە لــە خەســتەخانەکەی(مەرگــە) خزمەتیــان دەکــرد. باڵەخانەیەکــی بچــووک بــوو. بــەلام جێگەکــەی باشــی هــە بــوو. بــەلام ڕۆژانەقەرەبالغیەکــی زۆری تێدا بــوو. دکتــۆر ئاکــۆ لــە بەشــی دەرزیــو برینپێچــی بــوو. بــە قســە و وێنــە کێشــان فێــری کــردم کــە چــۆن و لــە کــوێ دەرزی دەدرێــت. چــۆن دەتوانــی دەرزیــەکان بــەکار بهێنییــت. مــاوەی چەنــد ڕۆژێــک بــەس ســەیرم دەکــرد. ئــەوکات دکتــۆر (ڕۆبــی ســپێ) نەبــوو تــا بناســرێتەوە. بــە جلــی پێشــمەرگانەوە خزمــەت دەکــرا. وتــی ئــەوە چەنــد ڕۆژە فێــرت دەکــەم. دەبــێ ئەمــرۆ دەرزی لێبدەیــت. ئەمــە وتــەی د ئاکــۆ بــوو. بەڕاســتی مــن ئامــادە نەبــووم. بــەلام دەبــوو تاقــی بکەمــەوە. ئــەوەم قبــوڵ کــرد بەمەرجــێ لەژێــر ئــاگاداری ئــەودا. چونکــە دەمزانــی دەرزیەکــی هەڵــە دەتوانــێ گیانێــک لەنــاو بەرێــت. د ئاکــۆ وتــی دەی وا دەکــەم خــۆ نایەڵــم خــۆت نەزانانــە دەرزی بوەشــێنیت. بڕیــار بــوو نەخۆشــی ئاینــدە مــن دەرزی بــۆ بکــەم. کــە هاتنــە ژوورەوە ژنێــک و منداڵێــک بــوون. دەرزیەکــە بــۆ منداڵەکــە بــوو. جــا ئێمــەی کــورد و ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاســتی لــە نەزانینمانــەوە منداڵمــان بــە شــەو لــە بــان و دەرزی و دکتــۆر و جنۆکــە و شــەیاتن ودێوەکە ترســاندووە. کــە تــا ئیســتەش ڕەنگدانــەوەی لەســەر نەوەکانــی ئێمــە هەیــە. منداڵــی ترســێنراو. وەک منداڵــی خــۆم. بــە ڕاســت و چەپــا دەجــوڵاو هــاواری دەکــرد. دوای ئــەوەی دەیزانــی دەرزی لێدەدرێــت. ئیتــر بــە دایکــی و مــن و دکتــۆر ئامادەمــان کــرد.

د ئاکــۆ وتــی / ســەیر کــە بزانــە کوێــی و

ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی شۆڕش، یەک بەیەک پیاوی تیکۆشەرو دڵسۆزی مرۆڤایەتی و شۆڕش بوون. مایەی ڕێز و پێزانینن، چونکە ئەوان سوێندیان خواردووە کە دڵسۆزی کاریان و خزمەتی نەخۆشەکان و نوێنیەکانیان بن و دوور بن لە دەمارگیری نەتەوایەتی.

چۆن دەرزی لێدەدرێت. کە پێشتر بۆی باس کردبووم. د. ئاکۆ دەستی چەپی بردوو و سمتی منداڵەکەی توند گرت و دەرزی تێچەقاند. هاواری منداڵ و چوولەکەی سوودی نەبوو. دەرزی ڕاکێشرا و خوێن نەهات و دواتر دەرمان کرایە لەشیەوە و بە لۆکەیەکی ئیسپرتۆ کراو منداڵ بە زیرە زیر لە ژوو وەدەرکەوت. ئەمجا نۆرەی تۆیە دەرزی لێبدەیت. ئەوە بە قسە و کردار فێرم کردیت. هەوڵبدە و ووریابە. زوو فێر دەبیت بێشکم هەڵە ناکەیت. ناوچەوانەکەم باشی نەهێنا. ئەگەر چی دەترسام. بەڵام د. ئاکۆ زۆر پشتگیری کردم. دەی بریار درا دەست بەکار بم و خۆم ئامادە کردووە. شەرمە فێر نەبم. هێشتا خەریکی قسە و فێربونی زیاتر سەقاڵی کردبووین. لە دەرگا درا و د. ئاکۆ فەرمووی لێ کرد. ژنێکی گەنج هاتە ژوورەوە. د. دەرزیم هەیە. د. ئاکۆ وتی (ڕووی لە من کرد) ئادەی دکتۆر ئەو دەرزییەی بۆ بکە. هەم شەرمم دەکرد و هەم بڕوام بە خۆم نەبوو. ئەی خوایە دوای منالێک نەدەکرا چەند پیاوێک بێت بۆ یەکسەر ژنێک هات ؟ کە ئاوڕم دایەوە ئەوەندەی تر تێک چووم. ژنەی نەگبەت وتی. دکتۆر ئەمە کەی دکتۆرە. ئێمە هەر تۆ دەناسین. د. ئاکۆ زوو وەڵامی دایەوە و وتی ئەمە دکتۆری تازەیە هاتووە. بۆیە نای ناسن. ئای کە سەخت

بوو. ژنەی قوربەسەر، کەوتە کەوانەی دەرزی لێدانەوە. نەک وەک منداڵکە بەڵکو وەک هەموومان هەر بە پێوە. بەشێکی چوارینەی سمت بەسەر بۆ دەرزی وەشاندن. دەرپێ داماڵراو و منیش پێشتر دەرزیم لە سرنجا ئامادەکرد و هەوام لێدەرکردبوو. وەک دەڵێن خوا کردنی د. ئاکۆ لە تەنیشتمەوە بوو. پێش دەرزی چەقاندن، دەستم برد بۆ سمتی تا وەک منداڵەکە سازی کەم بۆ دەرزیەکە. بە توندی درا بە دەستما. کە سەرم هەڵبڕی د. ئاکۆ بە ئیشارەت وتی. پێویست ناکات. تێیێ چەقێنە و ڕایکێشە و گەر خوێن نەبوو. بە هێواشی دەرمانەکەی تێکە. هەر زوو ئارەقەم دەردا و لەرزەم تێکەوت. هیوادار بووم یەک ملیم بوایە و زوو تەواو بوایە. ژنە نەلە لێدان و نە لە تەواو بووندا کێشەی نەبوو. دەست خۆشی لێ کردم و ڕۆشت. د. ئاکۆ لە من زیاتر ئارەقی کردبۆوە. هەردوکمان لە کار و کەسایەتی خۆمان دەترساییین کە کارەکە بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەردوکمان ئاهی حەسانەوەمان هەڵکێشا. وتی کوڕی خوا خۆ ئەو منداڵ نییە بۆ خەریک بوو سمتی بگریت ؟ وتم دکتۆر بڕوا بەخۆم ناکەم وام زانی دەرزی لێدان وەک منالەکەیە. دوای چەندین دەرزی و برین پاکردنەوە و پێچان، دەبوو بچمە لای د. شوان.

ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی شۆڕش. یەک بەیەک پیاوی تیکۆشەرو دڵسۆزی مرۆڤایەتی و شۆڕش بوون. مایەی ڕێز و پێزانیین. چونکە ئەوان سوێندیان خواردووە کە دڵسۆزی کاریان و خزمەتی نەخۆشیکان و نهێنیەکانیان بن و دوور بن لە دەمارگیری نەتەوایەتی. وتی بەس گوێبگرە تا شتێک فێر بیت ؟ ئەوە قسەی د. شوان بوو کە ماوەیەکی زۆر ڕۆژانە لەوێ خزمەتی دەکرد. د. شوان هاوخەباتێکی دێرینم بوو. کە زۆر پێش ئەو کاتە دەمناسی. بەڕیزیان کوری لەسەرخۆ و حەزی بە قسەی خۆش بوون. هاوکات زۆر دڵسۆز بوو و ئارەزووی دەکرد چی لایە بیخاتە خزمەتی شۆڕش. لەگەڵ هاوکارەکانی خزمەتێکی پڕ شانازیان کرد.

پیاوێکی گوندێکی سنورەکە بە منداڵێکی ساواوە هاتە ژوورەوە هەتا بڵێیت کەسێکی جوان و لەش و لارێکی جوانتر. منداڵێکی ساوای بە باوەشەوە بوو. دکتۆر خستیە سەر قەرەوێڵەکەو. زۆر فەحسی کرد. کە دانیشتەوە وتی. چ کارەیت ؟

د. گیان شوانم.

د. وتی / باش گوێ بگرە ئەم منداڵەتان پێویستی بە گرنگی پێدانی زۆر هەیە. دەبێ ڕۆژانە چارەسەری بۆ کرێت دەنا

ڕەوشی خراپتر و لەوانەشە بمرێت.

باوک / بەڵی دکتۆر گیان ڕاست دەکەیت بەلام بەخوا کاتمان نییە خەریکی منداڵەکە بیین.

د شوان / چۆن کاتت نییە.

د گیان /خۆم و ژنەکەم خەریکی کارین.

خۆم شوانم و ژنەکەم خەریکی دۆشین و خزمەتی تر و مانگاو مەڕەکانە. منی گوێگر هەر جارەی ڕوم بەلای یەکێکیاندا دەگەڕا.

د. شوان ئەو چەند تاڵەی قژی چووەبووە ئاسمان. هاواری کرد ئەی بێ ئەقڵ پێم بڵێ ژیانی منداڵەکەت گرنگترە یان هی ئاژەڵێک. بۆ وا بێقیمەتانە لە خۆتان دەڕوانن. تێگەشتم کە هەردوو لایان حەقیانە بە تێگەشتنی جیاوازەوە.

باوک جگە لە خەمی ژیانی خۆیان. خەمی منداڵیشی هاتبوە سەر. دیار بوو نەیدەویست کارەکەی لەدەست بدات.

د شوان هێشتا بڕوای نەدەکرد. وتم / دکتۆر گیان خۆت تورە مەکە. تێگەشتن و سەختی ژیان وادەکات مرۆڤەکان و بیرکردنەوەیان جوودا بێت.

وتی / ئاخر ژیانی منداڵێکە ؟

وتم دیارە هۆکاری خۆی هەیە.

هەستام و وتم ئیتر نایەم بۆ لات تۆبە.

وتی جا چیت دیوە.. لێرە بیت مێشکت تیا نامێنێت.

دوای چەند جارێک و شتێک فێر بوون. سندوقێکی فیشەکمان پڕکرد لە دەرمان و دەرزی و لەفاف. جۆر و شێوەی بەکار هێنانیمان نوسی. خۆشبەختانە بۆ کارەساتی گەورە بەکارم نەهێنا. کارمەندانی نەخۆشخانەی شۆڕش. قارەمانیەتی گەورەیان نواندووە. هەر لە کۆڵەپشتی ناو چالاکیەکان تا ناو نەخۆشخانەکانی شۆڕش. کە نەشتەرگەری وا گرنگیان ئەنجام دا کە لەلای ڕژێمیش لەوە باشتر نەدەکرا کە دەیان نموونە هەن. درود بۆ گیانی شەهیدەکانیان و بەختەوەری بۆ شەهیدە زیندووەکانیان. ئەوان مایەی ڕێزی زۆرن.

بەشی سیانزەیەم

سەربەست باڵخی

سەربازە ونەکان

لەدەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕەوشی سیاسی عێراق و کوردستان وای کرد هەزارەها گەنج وتازە پێگەیشتووی وڵات لەڕێڕەوی ئاسایی ژیان لایاندا و پەرتەوازەی ژیانی ناهەمواری بوون، منیش ئەوکاتەو لەتەمەنێکی کەمەوە بووم بە پێشمەرگە و تێکەڵی شۆڕشی چەکداری بووم لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا،بەپێ ئەوەی بەدەست خۆم بێت بووم بەکارەکتەر و بەشداربووی دەیان شەڕی سەخت و خوێناوی، دەیان کارەسات و چرکەساتی مەترسیدارم بینی،ئەوەی کەمنی پێشمەرگەیەکی سادەی کەم تەمەن بینیومە و تیایدا ژیاوم ڕەنگە لەناو کتێب و بیرەوەریەکانی لێپرسراوانی ئەوێ ڕۆژێ باس نەکرابێت و چوبێتە خانەی فەرامۆشیەوە . بۆیە بڕیارمدا ئەورۆژگارە سەخت و ڕۆژە خوێناویانە بهێنمەوە یادی خۆم و بەبێ زیادکردن و وەك خۆی بیانئوسم.کەئەوەش بەشێکە لەمێژووی ئەم گەلە.

دوای دە ڕۆژ مانەوە لە گوندی گوێزێ خۆمان کۆکردەوە و بەرەو شاخی تاتی دۆ بەڕێکەوتین. ئەم ڕێگەیە کە ڕێگەیەکی دوور و کوێستانییە. بە دەیان ماڵە مەڕدار و ڕەشماڵ نشین ئاوەدانە. لەم ماڵانەدا پشووماندا و خزمەتی زۆرکراوین کە دەیان چیرۆک و بیرەوەری جوانمان هەیە و بیرناچنەوە. لە تاتی دۆوە هاتینەخوارەوە بۆ گوندی سورەدێ. ئێرە بۆتە بەشی دواوەی شەڕگە. سەکردایەتی شەڕگە و نەخۆشخانە و ئیدارە و نانەواخانە و چەندین بارەگای تری لێدانراوە. شەڕ لە هەردوو شاخی کونەکۆتر و ساوێن گەرمە. ئێرە دواهەمین سەنگەری بەرگری و دواهەمین ناوچەی ئازادکراوی سنورەکەیە. هێزەکانی سوپای دووژمن لە هەموو لایەکەوە هاتوون و لێرە کۆکراونەتەوە بە هەموو تۆپخانە و جبەخانە و فڕۆکە جەنگییەکان. بە هەموو جەنەراڵ و فەرماندەکانیان. ڕەنگە هەموو سوپای عیراق هاتبن بۆ ئەم بەرەی شەڕە. لای ئێمەشەوە زۆرێک لە سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەکانی ناو هێزی پێشمەرگە لێرە کۆبوونەتەوە و ئامادی بەرگرین. بۆ هەردوولامان کۆتا شەڕە و شەڕی چارەنوسسازە. ئێمە لە سورەدێ لامانندا و بە دەستی چەپدا

تەنیا ڕێگاکە لێوەی هاتووچۆ بکەین هەر ئەو باریکە ڕێگەیەیە کە بەرەو سورەدێ ڕەڕوات، واتە ئەگەر ڕێگەی لای سورەدێ بیگیرێ ئەوا ڕێگەی گەڕانەوە و دەرچوونمان لێدەگیرێت، بەڵام ئەو کاتە کەس بیری لەوە نەکردبۆوە.

لامانکردەوە بەرەو شاخی ساوێن ڕۆیشتین. دەنگی ڕتڵە تۆپەکان و دەسترێژە بەردەوامەکانی گوللە لە هەردوولای شەڕەکەوە دەنگی ئەدایەوە و دووکەڵ و تەپوتۆزییان بەرزئەکردەوە. ئێمە بەڕێز و بەخێرایی بەرەو شاخەکە ئەڕۆیشتین. دوای نیوەڕۆ گەیشتینە سەر شاخی ساوێن. باریکە ڕێگایەکرد بە ناو دار و نزار و بەردەڵاندا بەرەو سەنگەرەکانی ئەبردین. یەکەم ڕیزە سەنگەر و کۆمەڵە پێشمەرگە و کۆی چاو لەسەر دووژمن و سەرقاڵن بەرگری تیپی ٣١ی سلێمانی بوو لێمان دەرکەوتن و لە نزیکیانەوە ڕەتبووین چەند سەد مەترێک لەولاترەوە گەیشتینە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون کە ئەمانیش کۆمەڵێک سەنگەریان قایم کردووە و بەرامبەر دووژمنیان گرتووە. لێرە لاماندا پاشان ئێرە بوو بە شوێنی ئێمە. لەم دیوی سەنگەرەکانەوە کەپرێکیان بۆ پشوودان و حەوانەوە دروستکردبوو کە هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە پشوودابوون بەڕێزێکی لاکێشەیی دانیشتبوون. کە چاویان بە ئێمە کەوت هەموویان خۆشحاڵ بوون و لە پێشوازیماندا هەستانە سەر پێ. ئێمەش لاماندایە لایان و لەگەڵ سڵاوێک بەڕێز لەم سەر تا ئەو سەر تەوقەمان لەگەڵ کردن دوایین کەس من بووم کە بیکەیسی یەکەم خستە سەر شانی چەپم بە سڵاو و تەوقەکردنەوە پیایاندا هاتم تا لە کۆتا کەسیانەوە ڕەتبووم کە هەموویان هاوڕێ و خۆشەویستمان بوون. وتم با شوێنی خۆمان ببینم و بیکەسی یەکەم دابنێم ئەگەڕێمەوە. ئیتر ڕۆیشتم نزیکەی بیست مەتر دوورکەووتبوومەوە لەم کاتەدا یەک تۆپی سەد و بیست لێیدان هەموویان بەرکەوتن و کەوتن. هەر خێرا گەڕامەوە و بیکەیسییەکەم دانا و چووم بە هانایانەوە هەموویان هەریەکە لە شوێنێکەوە برینداربوون خوێنییان لێئەچۆڕا. هەموو هاوڕێیان و دکتۆرەکانیش هاتن و دەستکرا بە هاوکاریی و تیمارکردنیان. خۆشبەختانە کەس شەهید نەبوو. بەڵام برینی زۆربەیان سەخت بوو. هەموویان تەواوی و چارەسەری سەرەتاییان بۆکرا و ڕەوانەکران بۆ سورەدێ. ئەوە یەکەم ڕوودا و یەکەم تەقە و خوێنڕشتن بوو لە بەرەی تازەی شەڕ کە بە داخەوە خوێنی هاوڕێکانی خۆمان بوو و خەمی زۆرمان لێخواردن. بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ئەو کەرەتە هەموویان کە چەند

کەسێکی کەمیان مابوو ڕۆیشتنە خوارەوە و ئێمە لە شوێنەکەیاندا جێگیربووین. ئەم شاخە کە بووە بەرەیەکی شەڕی گەرم لە ڕۆژئاوای گوندی سورەدێوە دەستپێدەکات و بە درێژایی پڕ لە دار و ڕقەبەردا درێژدەبێتەوە بۆ زیاتر لە پێنج کیلۆمەتر. پێشمانەوە کۆمەڵێک گوند و گۆردۆڵکەیە و دووژمن لێی دامەزراوە. پشتیشمانەوە شاخێکی بەرز و سەختە کە سەرکەوتن پێیایدا مەحاڵە. تەنیا ڕێگا کە لێوەی هاتووچۆ بکەین هەر ئەو باریکە ڕێگەیەیە کە بەرەو سورەدێ دەڕوات. واتا ئەگەر ڕێگەی لای سورەدێ بیگرێ، ئەوا ڕێگەی گەڕانەوە و دەرچوونمان لێدەگیرێت. بەڵام ئەو کاتە کەس بیری لەوە نەکردبۆوە.

تیپەکانی ٣١ و ٤٧ و پارێزگاری و ٣٧ی شارباژێر لەم بەرەیەدا بوون. لێرە جارێکی تر هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم شەهید شۆڕش و شەهید بەختیاری حەمە کوردستانی-یم بینیەوە. زۆر خۆشحاڵ بووم.

هەموو ئەو ماوەیەی لە سنوری مەڵبەندی سێ بووین دڵم هەرلای ئەم دوو هاوڕێیەم بوو. بە تایبەت شەهید بەختیار. بەو هۆیەی ئەو زۆر سەرکێش و نەترس بوو. هەمیشە لە پێشەوە و

لــە شــوێنە مەترســیدارەکاندا شــەڕی دەکــرد و خۆشــی نەدەپاراســت .
زۆر جــار وارێکەوتــووە لــە کاتــە پــڕ لــە مەترســییەکاندا بــەزۆر دامنیشــاندووە، یــان باوەشــم پێــدا کــردووە و دوورم خســتۆتەوە. جارێکیــان بــۆ مــاوەی کاتژمێرێــک لێــم زوویــر بــوو، ئاخــر ئــەو سەرکێشــی دەکــرد و من نەمدەهێشــت. ڕۆژێــک لــە شاناخســێ لــە کاتــی بۆردمانــی فڕۆکــە جەنگییەکانــدا، منــم و شــەهید بەختیــار دەگەڕاینــەوە بــۆ کەرتەکەمــان (کەرتــی ٢) مــن خــۆم هاویشــتە پەنایەکــەوە و خــۆم شــاردەوە، بــەڵام ئــەو لــەدەرەوە ڕاوەســتابوو، وەک هیــچ ڕووینەدابێــت. دەیگــوت وەرە بــۆ ئێرە بــا وێنەبگریــن. ســەرەتا ویســتم نەچــم، ئــەو ئینــکاری کــرد و چــارم نەمــا، چــوم بــۆلای و دەســتمان کــرد بــە وێنەگرتــن. ئــەو وێنــەی منــی دەگــرت و منیــش وێنەی ئــەو. لەکاتێکــدا فڕۆکــە جەنگییــەکان بۆردومانیــان دەکــرد. بــە چواردەورمانــدا دووکــەڵ و تەپوتــۆز بەرزدەبــۆوە و تــەواو لــە مەترســیداربووین. ئێســتا هەندێــک لــەو وێنانــە مــاون و بەڕوونــی دووکــەڵ و تەپوتــۆز لەچــواردەور و پشــتمانەوە دەبینــرێ. بــە داخــەوە ئــەو کاتــە وێنــەی ســێڵفی نەبــوو کەسیشــمان لەگــەڵ نەبــوو وێنەمــان بەیەکــەوە بگــرێ هەرتوانیمــان وێنــەی یەکتــری بگریــن.
ڕۆژێکــی تــر کــە فڕۆکــەکان بــە بۆمبــی هێشــوویی بۆردومانیــان دەکــرد. ئێمــە هەمووومــان بەخێرایــی چوینــە کونــە

تەیارەکــەوە. ئــەو تــا بۆمەمبــەکان نەهاتنــە ناومــان نەهــات. کــە هــات جێگــە نەمابــوو و هــەر لەبــەردەم کونــە تەیارەکــە خــۆی مەڵاســدا. بۆمبێــک هاتەخــوارەوە و ڕێــک لــە پشــتیەوە دای لــە زەوی و خۆشــبەختانە نەتەقییــەوە. جارێکــی تــر لەکاتــی تەقــە و بۆمبارانــدا چووبــووە ســەر دارێــک ســەیری دووری ئەکــرد. هەمــوو هاواریــان ئەکــرد بەختیــار وەرەخــوارەوە. هاوڕێیەکــی لێــی نزیکبــۆوە و پێــی گــوت کــە بێتەخــوارەوە. ئــەو هــەر نەهاتەخــوارەوە. ئــەم لــە خــوارەوە برینداربــوو. ئــەو بەســەلامەتی هاتەخــوارەوە.

ئەوەنــدە ســەرکێش و نەتــرس بــوو گاڵتــەی بــە دووژمــن و شــەڕ و شــەهیدبوون دەهــات. ئــەو کاتــە هەمــوو پێشــمەرگە وێنەیــان ئەگــرت بــۆ دوای شــەهیدبوون. تــا بۆیــان بکرێــت بــە پۆســتەر کــە ئــەو ســەردەمانە بــاوی بــوو. یــان لای هاوڕێیانیــان بمێنێتــەوە بــۆ یــادگاری.

شــەهید بەختیــار چەنــد وێنەیەکــی گــرت کــە زۆربەیــان خــۆم گرتوومــن. بــۆ ئــەوەی وەک یــادگاری یــان بــۆ پۆســتەری شــەهیدبوون. ئێســتا ئــەو وێنانــە هەمــووی لــە ئەلبومەکەمــدان و یادگارییەکــی زۆر بــەرخ و نەمــرن. ســەدان جــار فرمێســکیان لــە چــاوم بــە تــاو هێناوەتەخــوارەوە.

هەڵســوکەوتەکانی. پێکەنینەکانــی. تووڕەبوونەکانــی. و نوکتــە و قسەخۆشــەکانی هەمیشــە لــە ناخمــدا لێدەدرێنــەوە و بیــرم ناچنــەوە. ئێمە ڕۆژ تا ئێــوارە پێکەوەبویــن شــەویش لــە نزیــک یەکــەوە دەخەوتیــن. هەمیشــە قســەمان دەکــرد و پێدەکەنیــن قسەوباســمان تەواونەدەبــوون.

دەیــان هۆنــراوەی ئەدەبــی بەرگــری لەبەربــوو. ڕۆژانــە بــۆی دەخوێندمــەوە. ئــەو ڕۆژەی شــەهید شــۆڕشــی هاوڕێمــان بــوو بــە فەرمانــدەی دەســتە. ئێمــە بەخۆشــحاڵییەکی زۆرەوە بڕیارمانــدا چالاکییەکــی بــاش بکەیــن بــۆ ئــەوەی بــۆ کاک شــۆڕش ســەرکەوتنێکی بــاش بێــت و بەنــاوی پێدەربــکات. بــە تایبــەت شــەهید بەختیــار.

زۆر لــە هەوڵــی ئەوەدابــوو. بــەڵام بەدڵــی ئێمــە بــەو زوانــە هیــچ ڕووینــەدا.

ئــەم تیپانــە کــە ئێســتا لێــرە لــە زنجیرەیــەک ســەنگەری دوور و درێــژدا ســەنگەرییان لــە ســوپای دووژمــن گرتــووە. تیپەکانــی شــاربازێری ســەخت و شــاربازێری تەختــن. لــە ســاڵانی پێــش ئەنفالــدا هــەر تیپێــک ســنووری خــۆی هەبــوو. لــەو ســنوورانەوە چالاکــی

١

خۆیان ئەنجام دەدا زەبری گورچکبڕییان لە دووژمن دەوەشاند. پێشمەرگە و فەرماندەی زۆر لەم تیپانە هەڵکەوتوون و دووژمن لێیان ترساوە. لەم تیپانەدا پێشمەرگە و فەرماندەی وا شەهیدبوون کە هەرگیز ناتوانرێ باس لە ئازایەتی و جوامێرییان بکرێ مێژوویەکە بە چەندین کتێب تەواو نابێ. ئەو تیپانە وا ئێستا هەموویان لەم سنورە بەرتەسکە بەیەکەوە بەرامبەر دووژمن وەستاون.

هەموو یەکترمان ئەناسی و هاوڕێ بووین. لە کاتی پێویستیدا بەهانای یەکترەوە چووین و هاوکاریی یەکترمان کردووە. لێرەش ڕۆژانە سەردانی یەکترمان ئەکرد و قسە و باسی هاوڕێیانەمان ئەکرد. بۆ من تیپی ٣٧ی شارباژێڕ وەک ماڵە باوان وابوو. لە ١/١/ ١٩٨٧ بە کەرتەوە گواسترایینەوە بۆ ئەم تیپە و هاوڕێیەتیم لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەکانی دەستپێکرد. لە ئەرک و ڕووداوەکاندا بەشداربووم. بۆیە هەر زوو چووم بۆلایان و بە هاوڕێیانم شادبوومەوە. بە تایبەت هەردوو هاوڕێم شەهید بەختیار و شەهید شۆڕش. شەهید شۆڕش کەسێکی بەڕێز و کەسێکی بەرز و ڕووخۆش و مەنگ بوو. کادر و فەرماندەیەکی باش بوو. ئاستی

ڕۆشــنبیریی بــەرز بــوو. مــن زۆر ســودم لــە بیرکردنــەوە و ڕۆشــنبیری ئــەو وەرگــرت. کاتێــک کەرتەکەمــان لــە مانگــی دووی ١٩٨٧ هەڵوەشــایەوە کــە چوومــە کــەرتی دوو. ئــەو کاتــە شــەهید شــۆڕش لەگــەڵ کۆمەڵێــک لــە هاوڕێیانــی تیــپ لــە جەولــە بــوو. بەختیــار ئەوەنــدە باســی ک شــۆڕش و هاوڕێیانــی تــری بۆکردبــووم. لــە دوورەوە زۆریەیانــم ئەناســی. کــە هاتنــەوە هەموویانــی پێناســاندم. بــەڵام کاک شۆڕشــی جیــاواز لــەوان پێناســاندم. وەک بڵێیــت ئــەو تایبــەت بێــت منیــش ئەمــلاولام مــاچ کــرد. لــەو ڕۆژەوە بوویــن بــە هــاوڕێ. هاوڕێیەکــی شــەو و ڕۆژی و گیانــی بــە گیانــی. ئیتــر مــن و بەختیــار و شــۆڕش هەمیشــە بەیەکــەوە بوویــن. بیروڕامــان لــە یەکــەوە نزیــک بــوو.

لەگــەڵ ئــەوەی بــەردەوام شــەڕ و دوورە تەقــەی بەرامبــەر هەبــوو. ڕۆژ بــە ڕۆژ دووژمــن ســوپای زیاتــری لــەو ســنوورە کۆدەکــردەوە. تۆپخانــە و دەبابــەی زیاتــری دەهێنــا و شــەڕ نزیکتردەبــۆوە. بــەرەی شــەڕی ئێمــە لــە شــاخی کونەکۆتــرەوە هەتــا شــاخی ســاوێن زنجیــرە شــاخێکی ســەخت و چــڕ و بــەرداوی بــوو. دیــوی پشتیشــمانەوە ئێرانــە و دووژمــن ناتوانــێ گەمــارۆی تەواومــان بــدات. بــەڵام ژمــارەی هێــز و کەرەســتەی ســەربازی ئێمــە و دووژمــن بــەراورد نەدەکــرا. ئــەوان وەک کاک نەوشــیروان لــە کتێبەکەیــدا ئامــاژەی پێــداوە. زیاتــر لــە دووســەد هــەزار ســەربازی پیــادە و فەوجەکانــی جاشــی بــۆ پرۆســەی ئەنفــال و ئــەو شــەڕانە کۆکرابوونــەوە. دەیــان تۆپخانــە و دەبابــەی پێشــکەوتوو هێنرابــوون. ئێمــە لــەم ســەر تــا ئەوســەری شــەڕگە ڕەنگــە پێنــج ســەد کــەس نەبووبیــن. لەگــەڵ چەنــد کاتیۆشــایەک و چەنــد هاوەنێــک و تۆپخانەکــەی شــەریفی قورعانــی و دۆشــکا و بیکەســی و ئــاڕ پــی جــی چەکــی قورســی ئێمــە بــوون. بــەڵام بڕوایەکــی گەورەمــان بــە بەرگــری و خۆڕاگــری هەبــوو. ئــەو هێــزە زۆرەی دووژمــن هیــچ نەیدەترســاندین. ئــەوان چــۆن خۆیــان ئامادەئەکــرد بــۆ هێرشــێکی ســەرتاســەری. ئێمــەش خۆمــان ئامادەئەکــرد بــۆ بەرگرییەکــی گــەورە.

دکتۆر فایەق گوڵپی

دەزگای تەندروستی پیشمەرگە
یان نەخۆشخانەکانی شۆرش

سازدانی: ئیسماعیل خالید

هەر لەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی (ی.ن.ك) کەشۆڕشێکی جەماوەری بوو، هەموو چین و توێژێك بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە پاڵپشت و پشتیوان بوون ئەو توێژەی کەلێرەدا تیشکی دەخەینە سەر ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەشۆڕشەکەماندا ئەویش تەندروستیە.

کەبەدەیان دکتۆر و کارمەندی تەندروستی لەسەردەمی شۆڕشدا بۆ پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆبەخشانە کۆڵە پشتەکەی دەرمان و چەکی شەرەفیان کردە شان کەشان بەشانی پێشمەرگە درێژەیان بەخەباتدا.

لەوپێناوەشدا دەیان پزیشکو کارمەندی تەندروستی گیانیان بەخت کردو تائێستاش بەردەوامی بەخزمەتی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان و جەماوەر دەدەن و چەندین نەخۆشخانەمان بەناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕشەوە هەیە بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤارەکەمان درێژە بەچاوپێکەوتنەکانی دەدات لەگەڵ ئەو گیانبەخشانەی کە لەئێستاو ڕابردوودا خزمەتی پێشمەرگەو جەماوەریان کردوە، بەخۆشحاڵیەوە لەم ژمارەیەدا چاومان کەوت بە بەڕێز (دکتۆر فایەق گوڵپی) کەیەکێکە لەپزیشکەکانی سەردەمی شاخ و مێژوویەکی پرشنگداری لەسەرخستنی شۆڕشدا هەیە. بەم شێوەیە باسی نەخۆشخانەکانی شۆڕشی لەسەردەمی شاخدا بۆ کردین.

پ/بەڕێز د.فائق بەڕێزتان لەساڵی چەن پەیوەندیتان بەڕێکخستن و بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردوە؟

و/ من سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیم بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردووە ئەو کاتە یەکەم جاربوو بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانم وەرگرت پێم وابێت لەمانگی ٤ی ١٩٧٦دا بوو ئێمە ئەو کاتە وەکو کۆمەڵەی خوێندکاران ئیشمان دەکرد دوای ئەوەی کۆلێژی پزیشکیم تەواو کرد لە ١٩٨٢/٤/١ پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگەوە کرد یەکەم شوێن کە پەیوەندیم پێوە کرد چەند بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەتیپی(١١)ی هەورامان بارەگایەکیان لەگوندی هاوار بوو منیش چووم و لەوێ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە.

پ/ لەشار ڕێکخستنەکانتان چۆن بوو؟

و/ ئێمە لەکۆلێژی پزیشکی ڕێکخستنی خۆمان هەبوو دوای ئەوەی ئەو ڕێکخستنەمان چالاکی نەما دواتر ساڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لەڕێگەی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی هەڵەبجەوە

لە ساڵی هەشتاکاندا لە گوندی قوڵەهەرەس نەخۆشخانەی شەهید د.بەختیار کرایەوە کە یەکەم نەخۆشخانەی شۆڕش بوو کە تاقیگەی تێدا بوو کە تیشکی تێدا بوو نەشتەرگەری بچووکی تێدا ئەنجام دەدرا کۆمەڵێک دکتۆر چوونەتە ئەو نەخۆشخانەیە و خزمەتیان تێدا کردووە

لەخورماڵ پەیوەندیم بەڕێکخستنی کۆمەڵەوە کرد لەڕێگەی کاک مەلا یاسینی هەڵەبجە کەپێشمەرگە بوو بە نهێنی ئەهاتە ناوشار.
جارێکیان هاتبووە خورماڵ بە ئیختیفا بۆسەردانی ڕێکخستنەکان هاتبوو خزمی خۆم بوو لەوێ بینیم ئەدەبیاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانم لێ وەرگرت و خوێندمەوە دوای تەواو کردنی کۆلێژی پزیشکی لەشاری هەولێر دامەزرام لەوێ پەیوەندیم بەکەرتی ڕێکخستنی شەقلاوە وە کرد کەرتەکە پۆلی جەماوەری هەبوو ئیتر لەوێ ئابونە و دەرمانمان بۆ هێزەکان جێبەجێ دەکرد دواتر کە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا بچمە دەرەوە زۆر حەزم دەکرد ببم بە پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١ چوومە هەڵەبجە و گوندی هاوار پەیوەندیم بەڕیزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کرد.

پ/ ئێوە چۆن بەشداریتان لە چالاکییەکاندا دەکرد؟

و/ بەگوێرەی شوێنەکان و کاتەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی پزیشک بوون یان کارمەندی تەندروستی بوون زۆربەی کات لەبارەگای کەرت و تیپ و مەڵبەندەکاندا یان سەرکردایەتیدا

دەماینەوە نەخۆشخانەمان هەبوو لەشوێنەکانی خۆمان بە جێگیری دەماینەوە نەخۆشەکان سەردانیان دەکردین لەپێشمەرگە و هاوڵاتی سەردانیان دەکردین وە ئەگەر بێت و شەڕێک هەبوایە ئێمە مەفرەزەی پزیشکیمان لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەنارد لەپشتەوەی بەرەی شەڕ لەگەڵ هەندێک پێشمەرگە دەماینەوە چاوەڕوانی بریندارەکانمان دەکرد چارەسەری سەرەتایمان دەکردن و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی خۆمانمان دەکردن لەسەرکردایەتی بۆنمونە لەساڵی ١٩٨٦ هێزی پێشمەرگە شارۆچکەی سەنگاوی گرت من خۆم وەکو تیمی پزیشکی بەشداریم کرد لە گوندی کرپچنە مامەوە.

پ/ ئێوە بۆ بەشداری کردن لە کار و چالاکییەکانتان فەرمانتان لەکێ وەردەگرت؟

و/ ئێمە بەتەنسیق بەشداریمان دەکرد لەگەڵ بەرپرسەکان تەنسیقمان هەبوو ئەگەر بەرنامەی چالاکییان هەبوایە بەرپرسی مەڵبەندەکان یان بەرپرسە سەربازییەکان داوایان لێدەکردین کە ئێمە تیمێک ئامادە بکەین بۆ هاوکاریان ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە بەشداریمان دەکرد.

پ/ بنکەی سەرەکیتان کوێ بوو وەکو بنکە تەندروستییەکان؟

و/ بەپێی قۆناغەکان بەر لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران بنکەی جێگیر زەحمەت بوو بۆ نمونە یەکەم مەفرەزەی ناوچەی هەورامان د.ڕەزایان لەگەڵدا بوو یان د.خدر هەم پێشمەرگە بوو هەم پزیشک بوو دوای ئەوەی کە پێشمەرگە گەشەی کرد ناوچەی ئازادکراو هەبوو نەخۆشخانەی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکان دامەزرا بۆ نمونە لەساڵی هەشتاکاندا لە گوندی قوڵەهەرمێ نەخۆشخانەی شەهید د.بەختیار کرایەوە کە یەکەم نەخۆشخانەی شۆڕش بوو کەتاقیگەی تێدا بوو کە تیشکی تێدا بوو نەشتەرگەری بچووکی تێدا ئەنجام دەدرا کۆمەڵێک دکتۆر چوونەتە ئەو نەخۆشخانەیە و خزمەتیان تێدا کردووە وەکو د. شادومان و د. فوئاد و خۆم د. شوان ئەم قۆناغە قۆناغی جیاکردنەوەی پیشەی پزیشکی و ئەرکەکانی تر بووە پزیشک کاری خۆی کردووە ڕاگەیاندن، کۆمەڵایەتی، دارایی، ئیشی خۆی کردووە دواتر لەکۆتایی ١٩٨٢ مەڵبەنداکان دروست بوون

هەموو مەڵبەندەکان نەخۆشخانی تایبەت بەخۆیان هەبوو مەڵبەندی یەک د.هەژار و د. کەمالی لێ بوو. مەڵبەندی دوو من لەوێ بووم. مەڵبەندی سێ د.زریان تا لە کۆتایی ١٩٨٦ نەخۆشخانەکان زیاتر پێشکەوتن بەتایبەت نەخۆشخانەی بەرگەڵو کە عایدی سەرکردایەتی بوو د.نەوزاد ساڵەح کە زۆر نەمایەوە دواتر د.ئەدیب ناسراو بە هەڵۆ دکتۆری جەڕاح بوو ئێمەش لەکاتی مفاوەزاتەکەدا دەورەمان بینی د.شوان. من. کاک ئاکۆ شەهید د.هادی وای لێهات نەخۆشخانەی بەرگەڵو ببێت بە نەخۆشخانەیەکی گرنگ لەناو شۆڕشدا نەشتەرگەری و بەنجی عامی تێدا دەکرا نەخۆشخانەی مەڵبەندی(١) سەرەتا لەگوندی سێوسێنان بوو بەهۆی بۆردومانەکانی دوژمنەوە گواستمانەوە بۆ قوپی قەراغ لەبەینی گوندی باڵخە و بەلەکجاڕ لەساڵی ١٩٨٧ د.ناسیح و د.جەلالیش هاتن بۆلام و بوین بەتیمێکی پزیشکی کۆمەڵێک نەشتەرگەریمان ئەنجام دا د.حەسەن ئەویش ماوەیەک پێش ئەوە لەگەڵمەندا بوو. بەبێ جیاوازی چارەسەری هاولاتی و پێشمەرگەمان دەکرد.

من لەکاتی مفاوەزاتەکەدا هەندێک پسوڵەی نەخۆشخانەکانی سلێمانیم لەگەڵ خۆم هێنابوو. نەخۆشم ئیحالەی نەخۆشخانەکانی کە دەکرد بەو پسوڵانە لە ١٩٨٦ بەدواوە کەڕێککەوتن لەنێوان حزبە کوردستانیەکان کرابوو ئێمە بەبێ جیاوازی چارەسەری هەموو پێشمەرگەیەکمان دەکرد ئیتر هەر حزب و لایەنێک بوبێت ئەوکاتە لە سێوسێنان بووین مەفرەزەیەکی حزبی سۆشیالیست بریندارێکیان هێنا چارەسەرمان بۆکرد. ئەو هەڵوێستە کاریگەری باشی هەبوو لەسەر ڕای برادەرانی سۆشیالیست. کاک محەمەدی حاجی مەحمود لەکتێبەکەی خۆیدا هەڵوێستی نەخۆشخانەی شۆڕشی بەرز نرخاندبوو دەڵێت یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێککەوتنمان هەڵوێستی د.فایەق و نەخۆشخانەی سێوسێنان بووە کەڕێزیان لەبریندارەکانمان گرتووە و چارەسەریان کردوون بەهەمان شێوە هەڤالانی حزبی شوعی کە هێشتا لەگەڵ یەکێتی ئاشتیان نەبووە وە بریندارێکیان هەبوو ناوی کاک تۆفیق بوو هێنایان بۆمان چارەسەر کردن. لەڕوی سیاسیەوە یەکێتی هیچ تەداخولێکی ئیش و کارەکانی ئێمەی

نەدەکرد. بەڵام ئێمە هەندێک جار شەڕمان لەگەڵ دەکردن بۆنمونە ئێمە خەڵکمان بانگ دەکرد کە هاوکاری داراییمان بکەن ئەیانوت بۆچی دەوڵەمەندەکان هاوکاری قادسیەی صەدام دەکەن هاوکاری ئێمە ناکەن دەوڵەمەندێکیان بانگ کردبوو تەمەنی هەبوو.

نەخۆشیش بوو منیش ئەمناسی خەڵکی هەڵەبجە بوو برادەران ویستیان سجنی کەن بەڵام من نەمهێلاو لە نەخۆشخانەکە هێشتمەوە تاکو کێشەکەی چارەسەر بوو. لەو ڕووداوە مەبەستمە بڵێم هەرشتێک پەیوەندی بە نەخۆش و بە نەخۆشخانەکەوە بوو ئێمە بڕیارمان لەسەر ئەدا و بەرپرسە سەربازیەکان دەستوەردانیان نەدەکرد. وە هەروەها برادەرانی حیزبی شیوعی و پارتی کە دەهاتنە ناوچەکە . بۆچارەسەر دەهاتنە نەخۆشخانەکەی ئێمە. برادەرانی پارتی بەرپرسێکیان هەبوو بە ناوی (ئەکبەر حیدر) کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە. نەخۆش کەوت و نزیکەی ١٠ ڕۆژێک لای ئێمە مایەوە و چارەسەرمان بۆ کرد. دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانەکە سووپاسنامەیەک بۆ نووسیم بۆیە ئێمە ئەتوانین بڵێین جیاوازیمان لە بەینی هیچ حیزبێکدا نەدەکرد و بێ جیاوازی چارەسەری هەموو نەخۆشێکمان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی نەخۆشخانەکانمان لەژێر هەڕەشەی حکومەتی عێراقدا بوو بە بەردەوامی. ئەوەی کە زیاتر جێگای نیگەرانی

ئێمە بوو پزیشکەکانمان شارەزاییمان لە چارەسەری نەخۆشی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی نەبوو. بەڵام خۆشبەختانە سوتفەی سەربازێکی هەڵهاتووەی رژێمم کرد کە دەفتەرێکی پێبوو هەموو چارەسەر و رێکارەکانی چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی تێدابوو. کە لە محازەرەدا خۆی خوێندبووی لای خۆی نووسیبووی و تۆماری کردبوو.
ناوی مەحموود بوو برای رەفیقێکی خۆمبوو . بەناوی وەهاب. توانیم لە رێگای وەهابەوە دەفتەرەکەی لێ وەر بگرم وە هەندێک لە رەفیقەکانیشمان سەردانی ئێرانیان کردبوو خولێکی چۆنیەتی چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاییان بینیبوو.
لە ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٧ توانیمان چارەسەرەکە بدۆزینەوە

پ/ رۆژگارەکانی ژیانتان پڕن لە یادەوەری تاڵ و شیرین ئەو یادگارییانە کامانەن کە هەمیشە لە یادتان ماوە؟

و/ لەمانگی ١٩٨٢/٤ من چوومە دەرەوە لە گوندی هاوار و جێگیر بووم لە کەرتەکەی مامۆستا شاهۆ کە شەهید نیازی جێگری بوو. دوو رۆژ دوای ئەوە پێشمەرگەیەک هات بۆلام لە کەرتەکەی کاک (حمەی حمە سعید). لە گریانە بوون.
پێشمەرگەکە ناوی ئازاد بوو وساڵێک یان زیاتر گولەیەک بەر پشتی کەوتبوو. چووبووە تارانیش چارەسەر نەکرابوو دکتۆر پێی وتبوو لە حەبلی شەوکیت نزیکە دەستکاری ناکرێ. بەڵام کە سەیرم کرد گولەکە لە ژێر پێستەکە بوو. بە پێی کات لە حەبلی شەوکی دوور کەوتبووەوە چارەسەرەکەی ئاسان بوو. منیش بەنجی مەوزوعیم بۆ کرد و گولەکەم بۆ دەرهێنا. بۆ سەرەتای دەستبەکار بوونم و ئەوە شتێکی خۆش بوو.
ئەوەشی کە زۆر ناخۆش بوو ئەوەبوو لە رۆژانی پێشمەرگایەتیم هەمیشە لە یادمە لە ئەنفالی سێدا ئێمە لە گوندی کوردە میرەکان بووین لە گەرمیان ئەو ناوچەیە ئاوی زۆر کەمبوو. لە بەرواری ١٩٨٨/٤/١٤ نزیکەی ٢٠ نەخۆش و بریندارمان لابوو. یەکێک لە بریندارەکان ناوی (ئەبوو فەلاح) بوو قاچێکیمان بڕیبووەوە چەند رۆژێک لەوەو پێش.
منیش چووم بۆلای بەرپرسەکان لە گوندی مەستۆیی. دەوری دوو سەعات بە پێ دوور بوو لێمانەوە. وتم

بەرنامەتان چییە و ئێمە چی بکەین؟ وتیان بچنەوە تا خەبەرتان پێ ئەدەین کەمن گەیشتمەوە جێ بینیم کاک (عادل شکور) فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان پەیدا بوو. خۆی و شەش حەوت پێشمەرگە بوون. لێم پرسی چی بووە؟ وتی ئێمە ئینسیحابمان کردووە. وتم ئێمە چی بکەین؟ وتی ئێوە لەگەڵ بەرپرس مەڵبەند قسە بکەن. خوا عەفووی کات کاک قادر سەعاتێک پێشتر لایبووم قسەی بۆ نەکرد. وتم کاک قادر ئێمە چیی بکەین؟ وتی تۆش لەگەڵ ئەواندا وەرە.

ئەی چی لە بریندارەکان بکەم؟!

ئێمە دکۆر و کارمەندەکان تەقریبەن ١٢ کەس دەبووین. د.جەبار و د.ناصیح و د.جیهاد نازانم ئەوکات لامان بوو یان نا . هەندێک لە بریندارەکان خەڵکیان لەگەڵدا بوو. هێسترێکمان لابوو . برادەرێکمان ناوی حمەلطیف بوو ئەومان سواری هێسترەکە کرد و ئەوانەی کە مانەوە یەکێکیان وتی دکتۆر من ناتوانم بێم ئەگەر چەکێکم لا جێ بێڵن خۆم تەسلیم کەم ڕەنگە نەم کوژن. منیش تفەنگەکەی خۆمم پێی دا بریندارێکی تیپی ٥١ی گەرمیانم لابوو کەسی لەگەڵدا نەبوو شەلەل بوو بێ هۆشیش بوو ناوی حەمە کۆشکی بوو. ئەو سەردەمە نەمانزانی مەسیری چییە بەڵام دەڵێن ئێستا خۆشبەختانە لەژیاندا ماوە. ئەوە ناخۆشترین کات بوو بەلای منەوە کە ئەو بریندارانەمان بە ناچاری لەوێ بەجێهێشت.

ئەو سەردەمە جاشەکان هەندێکیان باش بوون یارمەتیان ئەدایین ڕەنگە لەخۆیانیان گرتبێ و نەیان کوشتبێتن و بارودۆخێکی زۆر سەخت بەسەر کوردستاندا هات.

پ/ دکتۆر دوا وتەی بەڕێزتان چییە؟

و/ دوا وتەم ئەوەیە زۆر پێویستە پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان یەک بگرنەوە و هەندێک حیزب هەیە مێژووی زۆر گرنگە و مێژووی یەکێتی لە هەموو حیزبێکی تر موهیمترە چونکە کاتێک یەکێتی دروست بوو کەس بە بیری نەدەهات حیزبێک دژ بەو زوڵمە زۆرە بە تەعریب و ڕاگواستن درووست بێت بەڵام حەیف ئەو مێژووە فەرامۆش کراوە.

لەناو ئەو مێژووەدا ڕێکخستنەکانی ناوشار زۆر دەوریان هەبوو. یەکەم شەهید ئەوان دایان وە دکتۆرەکان ڕۆڵی زۆر کاریگەریان هەبوو بەڵام

شۆڕشی ئەیلول هەڤاڵ مام جەلال دروستی کردووە

بەداخەوە فەرامۆش کراون.

لەم دواییەدا لە ئەرشیفی یەکێتی دکتۆرەکان بەسەرکراونەتەوە ئەوە کارێکی باشە.

هەرچەندە من دابڕام لە یەکێتی بەڵام ئەوە مێژووی منە بەڵام بەداخەوە دکتۆرەکانی شۆڕش کە داوام لێکردن بەشداری بکەن لە بە ئەرشیف کردنی خەبات و مێژووی خۆیان نەیان کرد چونکە عاجز کراون.

چونکە لەو سەردەمەدا ئەوەنە کاری گرنگ ئەنجام دراوە دەبوو زۆر ئیبراز بکرانایە لە نموونەی دکتۆر بەختیار کە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو لە زانکۆی موصل کە ڕێکخستنەکانی موصل زۆر بەقوەت بوون زۆربەی ئەو دکتۆرانەی کە بووین بە پێشمەرگە دەرچووی زانکۆی موصل بووین. (د.بەختیار ، د.مەجید ، د.شوانە ، د.زریان و من) ژمارەیەکی کەم لە زانکۆکانی ترەوە هاتبوون.

دکتۆر بەختیار بووە پێشمەرگە و هاتەوە بۆ سزادانی پیاوانی ڕژێم لەناو سلێمانی شەهید بوو تا بۆ نموونە تەیارە هاتە سەر مەڵبەندی سێ. کاک کۆسرەت شەڕی لەگەڵ دەکرد. بەسەختی بریندار بوو. دکتۆر زریان توانی لە مردن ڕزگاری بکات و چارەسەری بۆ کرد. لەسەر ئەو قارەمانییەتی دکتۆرەکان و پێشمەرگە فیلمێک بەرهەم دەهات.

ئەو هەموو تێکۆشانە بەرامبەر بە ڕژێمی ئەو سەردەمە کە ئێستا خەڵک خۆشی ئەوێ چونکە هیچ خراپەیەکی ئەو ڕژێمە باس ناکرێ. ئەوترا خەڵک برسی نەکردووە خۆ ڕاستە خەڵکی برسی نەکردووە بەڵام هیچ ئازادیەک نەبوو لەناو بردنی کورد هەبوو بەڵام ئێمە نەمانتوانی ئەو مێژووەی خۆمان بە جوانی بگێڕینەوە بۆ نەوەکانی

داهاتوو. من لە ئەنفال و کیمیا باراندا زۆر دەورم هەبوو چەند جار داوام کرد بەرنامەم لەگەڵ درووست بکەن. نەیان دەکرد لەبەر ئەوەی رەخنەم هەبوو لە یەکێتی دوورکەوتمەوە. هیوادارم یەکێتی لەبەر ئەوەی مێژووی هەیە قوربانی زۆری داوە یەکێتی پایەی هەیە. ئەگەر پایەکانی خۆی رێکخاتەوە ئەتوانێ ببێ بە حیزبێکی مەدەنی باش لەسەر مەسەلە سیاسی و دیموکراسی و نەتەوەییەکان.

لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ململانەی حیزبییەکانی کە بکات کە لە بەرژەوەندی گەلی کورد بێت.

شۆرشی ئەیلول مەکتتەبی سیاسی لە بەغداد بوو مەلا مصطفی چۆتە بارزان پارتی ئازاد بووە جینۆسایدی گەلی کورد کراوە لەوکاتانەدا جوڵانەوەیەکی شۆڤێنی بە بەعسی کردن و تەعریب کردن نەبووە ئاشبەتاڵی حەفتاو شەش نەبووە. شۆرشی ئەیلول هەڤاڵ مام جەلال درووستی کردووە کە باسی شۆرشی ئەیلول دەکرێ گەنجەکانی ناو یەکێتی بە حەساسیەتەوە وەری دەگرن. بەس غەڵەتە.

مەکتەبی سیاسی پارتی هەڤاڵ مام جەلال دەنێرێتەوە بۆ کوردستان تا بزانن بارودۆخی کوردستان چۆنە. مەلا مستەفا لە بارزان دەبێت و هەڤاڵ مام جەلال دێتەوە بۆ شارەزوور بۆ سلێمانی کۆبوونەوەیەک رێکدەخات لەگەڵ سەرۆک عەشرەتەکان. نامەیەک دەنێرێ بۆ مەکتەبی سیاسی و دەڵێت زەمینەی کوردستان لەبارە بۆ شۆرش. ئەو کوردستان یان نەمانەی شیعاری شۆرشی ئەیلولە وتەی هەڤاڵ مام جەلالە لە کتێبەکەی صلاح رەشید باس کراوە و لە کتێبەکەی کاک مەسعود خۆیدا هاتووە کە ئەڵێ ئێمە هەڵەمان کرد شۆرشی ئەیلولمان هەڵگیرسان ئەڵێ لەوەوبەر ئەوەی عبدالکریم قاسم لەگەڵ ئێمەدا باش بووە ئێمەی بارزانی ئازاد کرد و مافی بە کورد دابوو.

بۆیە ئەڵێم مێژوو کە یەکێتی فەرامۆشی کردووە لە هەموو شتێک گرنگ ترە بەداخەوە شتە باشەکانی خۆی فەرامۆش کردووە و باوەشی بۆ ئەوانە کردەوە کە ئێمە پێمان ناخۆش بوو. ئیتر هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم.

کرێکارانی مەعریفە و شۆڕشی سپی

سەلاح جەلال

دەبێت چۆن بڕوانینە ئاست و پەیوەندی و روانین و بیرکردنەوەوبونمان؟. لەچی هێڵێکەوە بچینە ناو زەریای بیروگومان و پرسیارەوە؟ چۆن زەمەنی بێدەنگی بە دایەلۆژوکرانەوەو خۆدۆزینەوەو لێکدانەوەوگۆڕانکاری ببڕین؟. لە دەستکەوتی مادی بۆ بیرکردنەوەو بەدواداچون و کۆشش وگونجاندن و ئاڵوگۆڕو وەرگرتن و پەیوەندێتی وهاوچەرخێتی؟..تاد. مامەڵەی رۆشنبیری بەرزکردنەوەی دروشم نیە. بەڵکو پرۆژەی رۆشنبیریە. بەردەوام پێویستی بە هۆشی مێژویی و زانستی هەیە. وەک ئەوەی (یەقتین) ئاماژە دەکات بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ مارکسیەتدا پرۆژەیەکی مەعریفیە بۆ گۆڕانی کۆمەلایەتی بەبێ هۆشی مێژویی بووە. هەرووەها پێبەخشین لەگەڵ بونیەویەتدا بەبێ هۆشی زانستی بووە. ئەمەش دەمانخاتە تۆڕی زمان و بیرو گومان و پرسیارەوە. لەچی گێژاوێکدایین و لەکوێوە دەست پێبکەین؟ ئایا چۆن بڕوانینە ئامادەیی مەبەست وکردارەکانی زمان و رەوتی ئاڵوگۆڕی رەمزی و بوعدی بلاوکردنەوە بۆ ئامانجی زمانی بەکارهاتو؟ چۆن بەسەراچونەوەو گشتگیری کردنی ئاست و قوناغی بەسەراچو بخوێنینەوەو بەراورد لەگەڵ ئیستادا بکەین بۆ ئایندەو لەم سەردەمە جەنجاڵەدا چاو بکەینەوە بۆ بەرهەمهێنان و خۆگونجاندن و جیاکاری؟ لەکاتێکدا پێویستە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بگونجێین. ئەویش پەیوەندیەکان و تۆڕی زانیاریەکانە. چۆن بچینە ناو جیهانی ژمارەییەوە؟

(ئێمە دەستمان بەوەکردووە بچینە ناو جیهانی ژمارەییەوە. بەلام هەڵگری زیهنیەتی پێش ژمارەیین؟ ل)16(1)

ئەمەش پێویستی بە نوێ بونەوەو داڕشتنەوە هەیە لە نوسینەوەی کوردیدا. گەورەترین کێشەیش زمانی کرمانجی سەرو خواروە. تائێستا دایەلۆژێکی لەسەر نەکراوە. لەیەکگرتنەوەی یان جیاکاری؟ لەراقەو پۆلێنکاری و رێکخستنەوەو داڕشتنەوەی سەرلەنوێی زمان و ئەدەب؟ (یەقتین) ئەم چونە ناو سەردەمی ژمارەییە لە رێگەی دەقی پەیوەنیدارو بەمیتۆدکردنی پەیوەندیداری دەقی دەبینێتەوە. نوێبونەوەی نوسینەوەی عەرەبیە بۆ نوێبونەوە لە بناغەی زمان لە نەحو. صەرف. ئیملاو نیشانەکانی ژمارەیی و پاوانکردن و رێکخستنێکی پێکهاتەیی و دەلالی دەق: (ئەو پرسیارانەی دەمانبات بۆ چونە ناوئەم جۆرە گفتوگۆیەوە بۆ تازەکردنەوەی روانین و بیرکردنەوە. لەم جۆرانەیە: چۆن لە چاخەکەماندا بژین؟چۆن لەتوانامان‌دا دەبێت ژمارەیی بیر بکەینەوە؟چۆن توانامان دەبێت ژمارەیی بنوسین؟ چۆن لە توانامان‌دا دەبێت بەژمارەیی بخوێنینەوە. ئایا رێگاکانی بیرکردنەوەو نوسین لە نەبونی ژمارەیی و

ناوەندە کارکەرەکانەوە مێتۆدمانکردووە. ئەوە خۆیەتی لەسەرمانە لە ئامادەبونیا کاری لەسەر بکەینەوە؟ل١٧)(2).

ئەمەش کردنەوەی پانتاییەکە لە روانین و بیرو فەزادا. بۆ خوێندنەوەی ئێستاو خۆئامادەکردن لە بەشداری ژمارەییدا. ئەرکێکی گرانەو لەسەر رۆشنبیریەکی رادیکالی دادەمەزرێت. پێویستە بەهۆشی نوێوە. حەزو ئامانج و ئەندێشەی گەشەکردنی ئێستا هەڵبگیرێت و کەشێک بکرێتەوە بیری نوێی تیادا لەدایک ببێت. جیاوازیەکانی خوێندنەوەو بەراوردکردنە لە بواری میتودلۆژیادا. لای (ریجیس دۆبریە). هەمو میدیاو دامەزراوو کەناڵ و پێگە رۆشنبیریەکان دەگرێتەوە. بایەخدانی لە پەیوەندی نێوان واقیع و ناوچەکانی واقیعدا بو. ناونانیشی بۆ شۆڕشی ئەلکترۆنیەکان. (زەمەنی بیستراوو بینراو)ە. چەند زاراوەیەکی تریش بەکارهاتووە(ئەدەبی ئەلکترۆنی و دەقی پەیوەندیدارو ئەدەبی داسەپاوو سیبرالادب) لە دوای هەمو دەستکەوتە زانیاریەکانی ئێستاوە. لای (غرامش)یش شیکردنەوەی کۆمەلایەتی بۆ رۆشنبیر مرۆڤێکە کۆمەڵێک ئەرک بۆ کۆمەڵ بەدەست دەهێنێت وەک:

پیشەی نوێ و بێژەری. پیشەی کاری ئەکادیمی و شیکەرەوەی بواری کۆمپیوتەرو پارێزەری تایبەتمەند بە بواری وەرزش و دام ودەزگای راگەیاندن و راوێژکاری دامەزراوەیی و پسپۆری سیاسی و راوێژکاری میری و نوسەری بازرگانی تایبەت. بە گشتی کرێکاران لە بواری رۆژنامەی جەماوەری هاوچەرخدا).

بەم جۆرەیش رۆڵی رۆشنبیر جیادەکاتەوە. لە تەقلیدیەوە بۆ رۆشنبیری ئەندامێتی. ئەوان وتراوەکان دەڵێنەوە لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر. ئەندامیش راستەوخۆ پابەندن بە چینەکان یان بە دامەزراوە بازرگانیەکانەوە لە بوارەکانی رێکخەری کارەکانی سەرمایەداری. لەلای خۆیەوە تەقنیەی پیشەسازی دادەهێنێت. هەروەها تایبەتمەندی لە ئابوری سیاسی و. بەرپرسانی دامەزراندنی رۆشنبیری نوێ. یان سیستەمی یاسایی نوێ ... هەرکەس ئەمڕۆ لە هەر پانتاییەکدا کاربکات. پابەند بێت بەبەرهەمهێنانی مەعریفە یان بڵاوبونەوەی هەمو ئەوشتانەی ناودەربڕێن بە پیشەسازی مەعریفەوە ئەوانەی پەیوەندیان بەبەرهێنانی مادیەوە هەیە. کارکەری بواری بەرهەمهێنانی مەعریفەن).(بروانە صورالمپقف/ئیدواردسعید) لای(عەلی حەرب)یش بەهەڵبژاردەی رۆشنبیری ناویان دەبات. خوێندنەوەی بەرهاتویان هەیەو بەر لە هەمو شتێک کێشەیان لەگەڵ خۆیان و فیکری خۆیاندا هەیە. بەبیرەکەیان ئێمەو جیهان دەگۆڕن بۆ زەویەکی نوێ:

(خوێنەرێکە. روداو دەخوێنێتەوەو قەیران دەستنیشان دەکات بۆ وەرگێڕان یان بۆ کێشەیەکی هزری یان ئامرازێکی چەمکیانە. ل٢٧)(3).

دواتر لەگەڵ رۆڵی رۆشنبیری تەکنیکی و کرێکارانی مەعریفەدا شیکاریان دەکات. ئاماژە بە چونە نێو سەردەمی بە جیهانی بون و نێوەندە جۆراو جۆرەکان دەکات. نەک وەک ئەوەی رۆڵی هەڵبژاردە نەمابێت. بەڵکو توانای دیکە دەخوڵقێنێت بۆ بونیاتنانی سیستەمی نوێی بەیەکگەیاندن و جیاکردنەوە. گۆڕینەوەو شێوازێکی نوێ لە نێوان مرۆڤدا بەرجەستە دەکات.

رەخنەگرتن لە رۆشنبیری دەستە بژێر و ئەندامێتی ئەوە ناگەیەنێت. بەڵکو ئەڵتەرناتیفە بریتیە لە رۆشنبیری تەکنیکی دابڕاو لە نێو بازنەی پسپۆڕیەکەی خۆیدا ل ٥21)(4)

ئەمەش بانگەشەکردنی نوسەرانی نوێیە بۆ کێشەی نەوەی داهاتو. کارلەسەر دامەزراندنی بەهایەکی نوێ بکەن. هەڵدەستێت لەسەر پەیوەندیداری و کارلێکەر ناوەرۆکی ژمارەیی و نێوەندێتی کارلێککراوە. فەزای تۆڕو دەقی پەیوەندیدار کەشێکی مەعریفی و بونیەیەکی نوێ پێکدەهێنن. لەنێوان دەقی ئەدەبی و سەرچاوەیی زانیاری و ئەدەبی ژمارەییدا. لە رێگەی بەدەستکەوتنی زانینەکان و کارپێکردنیانەوە بەرجەستە دەبێت.

(دەقی ئەدەبی دەقی پەیوەندیدارە لەسەر پەیوەندیداری دەقی بەو پێەی رەوتێکە لە رەوتەکانی کارلێکەر ببێتە دەروازەیەک بۆ نوێبونەوەی بیری رەخنەیی عەرەبی ل3٧)(٥)

بەمشێوەیەش فەزای پەیوەندیەکان بە جۆرێک فراوان بووە. تەنیا نابەسترێتەوە بە رۆشنبیری هەڵبژاردەو رۆژنامەنوس و نوسەرو سیاسی. زۆر بانگەشەی کۆتایی رۆشنبیری هەڵبژاردە دەکەن. ئەمرۆ کۆمەڵ خۆی لە پەیوەندی هاوبەشدایەو ئامادەکاری و بونی خۆی هەیە لەرێی تۆڕی پەیوەندیەوە. بەڵکو ئێستا رۆشنبیری تەکنیکیە هەمو پانتاییەکانی داهێنانی مەعریفە دەگرێتەوە. بەتەکنۆ رۆشنبیری فەیسبوک ناو دەبرێن. ئێمەش کتوپڕ چوینەتە ناو پێشکەوتنەکانەوە. ئێستا ئەم رۆشنبیریە دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهانەوەو جیهان بە تۆڕی پەیوەندیە زانستیەکان گرێ دەداتەوە. ئەمەش ئامادەکاری ئەو گەلانەیە لەروی زانستیەوە باڵادەستن. تەکنیک کاریشیان لەدایکبوی ئەو فەزایەن. ئێمەش دەبێت سەرەتایەک بۆ هەوڵی خۆگونجاندن بەرجەستە بکەین.

(ئێمە داوامان لێکراوە لەگەڵ ئەم چەرخەدا خۆمان بگونجێین. بەڵام پێشبینی چونێکی راستەقینە بۆ ئەم چەرخە ناکرێت بەبێ بەدەستهێنانی ئەم خۆگونجاندنە. ل16).(6)

چۆن خۆگونجاندن بکەین وکامەیە ئامادەکاری و پێدراوو زانین و زانیاری و زانستەکان؟ چی خوێندنەوەیەکی سەرەتاییمان هەیە بۆ هەر لقێک لە لقەکانی ژمارەیی و پەیوەندیەکان؟ رەگ و ریشاڵیان دەچێتەوە بۆ زانستەکان. لەکاتێکدا ئەمرۆ جیهان لە تۆڕی تەکنۆلۆژیادایە. بۆتە سەردەمی چرکە. ئێمەش بەکاربەری تەکنۆلۆژیاین. ئەمەش پرسیارە لە رابردو ئێستا لە جیاوازیەکان. چی بەدواداچونێک بۆ ئەم زانستە هەیە؟ کامەیە رەنگدانەوەو جیاوازیو ململانێ میدیای سەربەخۆو داهێنەر؟ لەکاتێکدا پێویستی ئێستای کورد شۆڕشی ریشەییو جۆراوجۆرە. ئەم پۆلینکاریەش کاری کۆلیژی ئادابو ئەندازیارانی مەعریفەیە بتوانن لە بواری گشتی زانست و مەعریفەدا گونجاندن لەم بوارە پڕ بایەخەدا بکەن. لە رێی داهێنانو کۆششی نوێو ناکۆکیەوە پێشکەوتن بەدیبهێنن. نەک وەک ئەوەی لە سایەی ژمارەییدا بژین. یان فەیسبوک بکەینەوە. لەکاتێکدا ئەم پەیوەندیە جیهانیە. دەمانبەستێتەوە بە (بون)وجیهانەوە.

(ناتوانین باس لە قۆناغی ژمارەیی بکەین

لــە بەرهەمهێنانــو وەرگرتنــا بەبــێ هۆشــی ژمارەیــی. وە بیرکردنــەوەی ژمارەیــی و روانیــن و فەلســەفەی ژمارەیــی بۆشــتەکان و جیهان. بەبێ بەدەســتهێنانی ئــەوە گوتــارو گفتوگۆیەکــی فەلســەفیانەو کۆمەڵایەتی و زانیاریانەیە. هێشتا بــەوردی لێــی نەکۆڵاوینەتــەوە بــۆ دیاریکردنــی رەوتــی ئــەم هۆشــەو ئــەو بیرکردنەوەیــەو ئــەو فەلســەفەو روانینــە. ل١٧)(٧).

ئایا ئــەو پەرەســەندنەی دەســتمان کەوتــووە راســتەقینەیە لــە بیرکردنــەوەو روانیــن و فەلســەفەوەیە؟ یــان پەرەســەندنێکی دەســتکەوتوگەیەنەرە؟ بەبــێ پۆلینــکاری و جیــاوازی لــەم قۆناغــەوە دەچێتــە ئــەو. لەکاتێکــدا پێشــبڕکێیەکی راســتەقینە نیــە مانــای جیــاوازی لــە فیکــرو روانیــن و شــێوەو ناوەڕۆکــدا بــکات. زۆربــەی پێگــەی رۆشــنبیریش پــاوان کــراون بــۆ کۆمەڵێکــی دیاریکــراو. عەقڵــو رۆحــی رۆشــنبیری هەڵبــژاردەو باخیــش دەگمەنەو بۆتــە کۆیلــەی گروپــکاری و شــەڕی سیاســی:

(شــیکردنەوەی هــزری راســتەقینە رێگــرە لــەوەی ناونانــی لایەنێــک بــە چــاک و ئــەوی تربــە شــەرەنگێز بکرێــت. لەراســتیدا هــزری بونــی تاکلایەنــی لــە حاڵەتــی گفتوگــۆ لەســەر رۆشــنبیریەکان هەتــا ســنورێکی زۆرگومانــی تێدەکەوێــت. ل121)(8)

ئەمــەش نەبونــی پرۆژەیــە. بیرمەنــد بەهزرەکــەی گۆڕانــکاری دەکات و لــە وان و لــە حیــزب جیــا دەبێتــەوە. بەپێچەوانــەوە دەســتەیەکی رۆشــنبیر لەهەمــو بــوارو پێگەکانــدا جێگەیــان گرتــووەو بــواری داهێنانیــان بــە خۆپەرســتی و رق خنکانــدووە. داهاتــی رۆشــنبیری بــۆ کۆمەڵێکــە لەحیــزب و حکومەتــدا هاوپشــکن.

خانەنشــینیش نایانگرێتــەوە. بونەتــە دەریــا لوشــی دەســتکەوتەکان. دەبێــت وەک ســارتەر نۆبــڵ رەفزبکــەن؟ یــان وەک باختیــن ســیبریا هەڵببژێــرن؟ تەنیــا دەبێــت نــەوەی نــوێ رۆڵــی خــۆی دەربخــات. ئەمــەش لــە یەکگرتنــەوەی رۆشــنبیری هەڵبــژاردەو تەکنیــک کاران رۆح و دڵ و مێشــکیان بــە پاکژبونــەوەی هەڵچونەکانیــان بشــۆن و تۆڕێکــی نــوێ بکەنــەوە. شۆڕشــی ســپی بــکات. لەگــەڵ پێویســتیەکانی نێوەنــدە نوێیەکــەو مەرجەکانیــدا بــۆ بەشــداریکردن لــە وەرگرتــن و کارکــردن و خۆگونجانــدن لــە شۆڕشــەکانی فیکــرو زانیــن و زانیاریــەکان لــە ئێســتادا. ؟.

ئەمــەو چەندیــن پرســیاروگریمانەی تــر لــە چۆنیەتــی بیرکردنــەوەو نوســین و بیرکردنــەوەی ئەدەبــی و رۆژنامەنوســی و سیاســی و هەڵبژاردنەکانــدا چــی جیاوازیــەک دەبینیــن؟ یاخــود هەرکــەس چــووە نــاو فەیســبوک بەتەکنیــککار دابنرێــت؟ فەیــس بــوک مانــای تاقــم بەســتنە بــە هێرشــکردن و جنێــو بــە داهێنــەران. یــان سیســتەمی زانیــاری و پێــدراوو بەرهەمهێنانــی مەعریفــەو داواکاری نــوێ؟ جگــە لــەوەش جیــاوازی رۆژنامەنوســی تەقلیــدی و کاری تەکنیکــی زۆرە. لێــرە هەتــا دواســنور فــراوان دەبێتــەوە:

(ئایــا پێویســتە لەســەر نوســینی رۆژنامەنوســی لــە فــەزای تۆڕەکانــدا. بــۆ نمونــە. پەیوەســت بیــت بــەو رەوتــەی لــە پێش نوســینی ژمارەییــدا زاڵبووە؟یــان لەســەری پێویســتە بەرزببێتــەوە بــۆ داواکاریــە نوێیــەکان. بــۆ ئەوگفتوگۆیانــەی لەلای ئێمــە لەســەر دەوڵــەت و هەڵبژاردنــی ژمارەیــی دەخرێنــە رو. ئایــا مەشــقی هەڵبژاردنــەکان

دەکەیــن؟ ل١٧(٩)

ئەمـــەش ئەرکـــی رۆژنامەنـــوس دەگۆڕێـــت، تەکنیـک کاران لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرمایەداری لیبرالیـدا کاردەکـەن، بەمـەش جیـاوازی دروسـت دەبێـت، لێرەشـدا لای (یەقتیـن)کاری ئەدەبـی لەسـیانیەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ چـواری لە(نوسـەر، دەق، خوێنـەر)ەوە بـە بەشـداری کۆمپیوتـەر، لایەنێکـی بنەڕەتیـە لـە کـرداری بەرهەمهێنـان و وەرگـردا.

(ناوەندێتی ژمارەیی ناوەندێکی ئاراستە کراوە، لەسـەر کـرداری وەرگرتنی دەقی زیاتر لە بەرهەمەکـەی دادەمەزرێنێت، رۆڵی نوسـەر بـە پێچەوانـەی وێناکراوەوەیـە، زیاترلـە خـۆی ئاڵۆزتـرو تێکەڵاوتربـووە. ل ١٩٩/١٩٨(10).

ئاماژە بەگۆڕانی گوتەی مەرگی نوسەر دەکات لە نێوەندێتی ئەدەبی ژمارەییدا، پێشتر تێگەیشتنێکی هەڵەی بۆکرابو، وەک گوتەی خوێندنەوەو خوێنەر زیاتر دەلالەتی ئاشکراو قوڵیان وەرگرتووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت رۆڵی نوسەر لاببات، راستە ئەرکی نوسەر گۆڕاوە لەو جیاوازییەوە، لەئەدەبی نوسراوو ژمارەییەوە دروست دەبێت، مانای ئەرکی نوسینی ئەدەبی و فیکرو داهێنان بێبایەخ نیە، بەڵکو فراوانتر دەبێتەوە بۆ ئەوەی لە کونی دەرزیەکەوە بۆ جیهان پەخش ببێت، جیاوازیش ئەوەیە ئەوانەی بەکاربەری ژمارەیی خوازراوەن بەبێ پاشخان و هۆشی زانستی و گونجاندن، ئەرکی راستەقینەیان داواکردنی سەربەستی تاکو دەسەڵاتی لامەرکەزی و ئابوری تێکەڵاوو فرە سیاسیە، ئەمانەش بناغەو پاشخانی پێشوەختەیان دەوێت، ئایا ئێمە تەکنۆلۆژیامان نیە نابینە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی و زانستی کشتوکاڵیشمان نیە نابینە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی، بە هۆی نەبوونی زانستەکان و فەلسەفەیشەوە دووریـن لەوەی گەیشتبینە زەمەنی سفر، ئەمەش بەو مانایەی دەشێت پرسیار بکەین، بۆچی بەو شێوەیە دواکەوتوین؟ کە ئەنجامی بەشداری نەکردنە لە شۆڕشە باڵاکانی جیهان، وەک (فەیسەل دوراج)ئاماژەی پێدەکات، بەشداری شۆڕشی پیشەسازی و بۆرژوازی و شۆڕشە باڵاکانی جیهان وگۆڕانە فیکری و رۆشنبیریەکانیان نەکردووە بەمەش عەرەب بەکەم ئەندام دەزانێت.

جاران پرسیارمان لەسەر قۆناغی چینایەتی و شۆڕش و جیابونەوە، هۆکاری گرنگی یەکنەگرتنەوەو پچڕان بە هۆی نەبونی بازاڕی ئابوری هاوبەش و رێکنەخستنەوە ژێرخانی ئابوری دانەمەزراوە، بەم هۆیەش سەرخانێکی پتەومان نیە. بتوانرێت گۆڕانەکانی لەسەر بکرێت..بەو هۆیەی کوردستان بەهۆی نەبونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆوە، هەتا ئێستا بازاڕێکی هاوبەشی نیەو نەیتوانیوە سیستەمی ئابوری دابڕێژێت، ئێستاش ئابوری بەکۆمپیوتەرکردن و بەزانست کردنە، ئەرکێکی قورسە، وەک زانست و بازاڕ لەبواری ئابوریەوە زەلیلین، ئیتر چۆن و لە کوێوە پرسیار لەسەر سەرخانی کۆمەڵگا بکەین؟ پێویستە کارکردنێکی ورد بکرێت لەسەر سیستەمی ئابوری جیهانی گونجاندن بکرێت، وەک (عەلی حەرب)لە دیکارت دەڕوانم(من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)ئەمەی بۆ ئەوروپاییەک نەگوتووە

بەڵکو کەشێکی بۆ بیرکردۆتەوە. بۆیە بیری بیرياری هەمو نەتەوەیەک پابەندە بە منیشەوە. ئەمەش دیسانەوە بەکاری داهێنەرانە دەکرێت. کە ریشەکانی زانست و فەلسەفە بەهۆشی زانستی و مێژوییەوە لەناو پانتاییەکانماندا دابمەزرێنین. ئەمەش کاری لقەکانی زانکۆو کەسەکانی فیکرو داهێنانە. خوێندنەوەی بەرهەمهێن بکەن. خۆ عەرەب و فارس و تورکیش لە روی مەعریفەی زانستی فەلسەفەوە وەک ئێمەن. لە کەلتورو خوێندنەوەو هۆشی خۆگونجاندن و کارکردنەوە جیاوازیان هەیە. ئەو هێڵەیشی ئێمە لە رابردو جیادەکاتەوە؟ بەرامبەر بەخستنە سەرو جیاوازی و پێدراوەکان لە هۆشی مێژویی و زانستیدا پرسیارە لە فەزای رۆشنبیری: چی کەشێک بۆ فیکرو روانینە جیاوازەکان دروست بووە؟ چی خوێندنەوەیەک بۆ مەعریفە باوو خوازراوەکان کراوە؟ یاخود رەورەوەی ئۆپزسیۆنی حیزبی چیە؟. ئەویش هەمان تراژیدیا دوبارە دەکاتەوە. پێویستە کاری رێکخراوەیی مەدەنی بکات و سیستەمێک دابرێژێت. خەڵکە گشتیەکەش لەگەڵ پێدراوو دەستکەوت و ئامانج و بەرهەمهاتووەکاندا یەکسان بکاتەوە. دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندیە بەچینی رۆشنبیری نوێوە لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و گۆڕانکاری راستەقینە. ئەرکی شۆڕشی سپیە. کارکردنە لە تۆڕی پەیوەندیەکانەوە. تەکنیکی و جەماوەری. کارکردن لەبواری بەرهەمهێنانی مەعریفە. سیستەمی دیموکراسی ئەو رۆڵەی جارانی نەما لە بەردەم فەزای ژمارەییدا. لەبەر ئەوەی لێرە پێویستی بە ئامادە بون هەیە. هەمیشە من و تۆو ئەوان ئامادەین روبەڕوی یەکتری دەبینەوە. ئەمە سیستەمێکی نوێی لە گۆڕانکاریەکاندا هێنایە کایە. رۆڵی کرێکارانی مەعریفەی کردە جاڵجاڵۆکەی تەونەکانی بون. لێرە هەزاران ئامادەن. لە یەک کاتدا هەمومان سیستەمێک دادەهێنین. ئەمانەش لەو کارکردنانەوە دەدۆزرێنەوە دەمانباتەوە بۆ ناو فەزای رۆشنبیری. چۆن شێوازی ئاستێک لە ئاستێکی تر جیادەکرێتەوە. لەپچڕانی شێرازەی نەتەوەیی و چینایەتی رۆشنبیر ئێستا بۆتە چینێکی جێگرەوەو باڵادەست. هەتا بەرز بونەوەی ئاست و جیابونەوە لە پێشوو بە مانای شۆڕش لە هەمو بوارەکاندا خاوەنی جیابونەوەیەکی مێتۆدی و فیکری نیە. پێویستە بە بەرهەمە فیکریەکان جیابکرێنەوە. لێرەدا لە زانکۆکانەوە ئەو تۆڕە بکەینەوە. ئاسۆی دەرچوانی زانکۆ تا چەندە لە پانتایی و هێڵە جیاوازەکاندا کاریان کردووە؟ کامەیە بەکۆمپیوتەرکردنی ئابوریەکان و بە ژمارەکردنی نوسراوەکانی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری. یاخود ئەو ریشەو خوێندنەوانەی لەبواری زانستەکان و فەلسەفدا کرابێت؟ ئەی کەواتە کامەیە هۆشی مێژویی و مەعریفی؟ چۆن بچینە ژمارەییەوە؟. لەکاتێکدا ئامارو رێکخستنی ژمارەیی کاری کۆلیژی ئادابە. چۆن بیرکردنەوەو روانین و خوێندنەوەمان بەژمارەیی بکەین؟ چۆن دەقەکانی ئەدەبی کوردی بەژمارەیی دەکرێن؟ ئەدەب لە سەدەی ژمارەییدا دەبێتە دوان. ئەوەی کۆن نوسراوەو ئەوی تر ژمارەیی نوێیە.(سەعید یەقتین) راڤەی هەمونەو دەقانەی کەلتوری عەرەبی دەکات. ئەوانەی

دەست خەتن لێکۆڵینەوەیان دەوێت جگە لە قورئانی پیرۆز. هەمو مەرجەکانی تیایە بچێتە ژمارەییەوە. ئەمەش لە چوار بەشدا شێدەکاتەوە.
(ا. وشە)لە وردبینی وێنەی وشەکان(ئیملا) و دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان. خاڵبەندی. پەنابردن بۆ شێوەی شیتەڵکردنەوە. (ب. رستە)وەستان. دانانی نیشانە لەنێوان ئایەتەکان (ج.گوتار). دیاری کردنی نیشانە لەنێوان سورەتەکاندا. دیاریکردنی ئایەتەکان (د. دەق) رێکخستنی ئایەتەکان و جیاکردنەوەیان بۆ ئەحزاب و بەشەکان. ئەمانەش کرداری بیناکردنن لەبەر ئەوەی کاردەکەن بۆ گواستنەوەی دەق لە تەلارسازی شەفەویەوە بۆ کرداری نوسراوەیی.(بڕوانە/ النص المترابک/ ل114=11٥)

ئەم ئامادەکاریەی ئێستا بۆ ئایندە پێویستی بە راڤەی تەواو هەیە. کاری زانکۆو کەسەکانی فیکرە. دەبێت چۆن باس لە ژمارەیی بکەین؟ لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی مەعریفە کارکردنە لەسەر پێدراوو پێگەیشتو نامەو کارەکانی ناو پانتاییەکانی مێژویی و زانستی بە شێوەیەکی گشتگیر. ئەی کەواتە چۆن لە رابردو جیادەبینەوە؟ دایەلۆژمان لەگەڵ ئەوەی ئایندەدا چیە؟ ئەی نامەکانی ماستەرو دکتۆرا؟ ئەمە جێگەی هیچ مشتومڕێک نیە. دەبو ببونایە بە خاڵی وەرچەرخان و خستنە سەرو جیاکاری گەورە. مانای چیە نامەکان بڵاونابنەوە؟ دەکرێت خوێندنی باڵا. وەک هەنگاوی باشی ناوە کەشێکی پێشبڕکێ بۆ ئەوانە بکاتەوە. بڕوانامەیان نیەو توێژینەوەی بەربڵاویان هەیەو دەتوانن لەپانتاییەکدا جیاوازیەک بخوڵقێنن. لە کاتێکدا بۆشاییەکانمان ئەوەندە زۆرن لە ئاستی زانستەکان و فەلسەفەوە نەگەیشتوینەتە زەمەنی سفر. کەواتە چۆن بەرەو ژمارەیی بچین؟ ؟ئەمەو دەیەها پرسیاری تر لە توێژێکدا پیشان دەدات تەنیا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

ئێستا بەهۆی جیهانگیری و پەیوەندیەکانەوە کرانەوەیەکی گەورە هەیەو ئەو داخراویەی پەیوەندیەکان نەماوە. بەهۆی باری جوگرافی و دوری لە دەریاو رۆژ هەلاتی ناوەراست و سەختی ناوچەو هاتوچۆوە هەبووە. ئەوەی کاریگەری راستەوخۆی هەیە پارچە بونی کوردستان و پچڕانی شیرازەی نەتەوەیی و چینایەتیە پێویستە لەروی عەقڵ و مەعریفەوە هەوڵی یەکگرتن بدرێت. ئەمەش گۆڕانکاری فراوانی دەوێت لە هەمو پێگەکانی ئێمەدا. لای (سەعید یەقتین) بایەخدانە بەزانست. نەگەری سەرنەکەوتن دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی خەو بەگۆڕانکاریەوە دەبینین ولە بەدەستهێنانی گۆڕانیشدا بایەخ بەزانست نادەن. لەم رووەیشەوە بانگەشەی چەکداریون دەکات بەدو شت: (مەعریفەی زانستی و تەکنۆلۆژیا. ئەو هاوبەشیە مەرجکراوەی لەنێوانیاندایە: ئەوە: (زانستێکی دامەزراوە لەسەر بناغەی مەعریفی و فەلسەفی. هەرچەندە رۆشنبیرانمان زیادەڕەوی بەزانستێک دەکەن پانتایی مرۆڤایەتی هەڵگرتووە.)ل13 (11)

یەقتین باس لەوە دەکات پەیوەندیان بەتەکنۆلۆژیای راگەیاندن و پیگەیشتنەوە لە رێگەی وەرگرتنەوە بووە. ئەم نوێبونەوەیەی

نوسـینی عەرەبـی بـۆ ژمارەیـی، بـە نوێبونـەوەی زمانـی پێگـەیشـتن دەزانێـت لـە نێوانیانـدا. ئایـا دەبێـت چـۆن زمانـی پێگـەیشـتن بەرجەسـتە بکەیـن و کار بـۆ پێـدراوو خسـتنە سـەرو جیاوازی و بەرهەمهێنـان بکـەیـن؟ بـۆ یەکگـرتنی عەقـڵ و گونجاندنـی زانسـتی ژمارەیـی... تـاد.

ئەمانـەو دەیەهـا پرسـیاروگریمانەی ترلـەو پێشـکـەوتنە رێژەییـەی پەیوەنـدی بەتەکنۆلۆژیاو پێکگـەیشـتن و وەرگـرو شـۆڕشـی سـپیەوە هەیـە دەمانخاتـە بـەردەم شـەپۆلی پرسـیارو گومانـی سەرسـوڕهێنەر.

سەرچاوە:

1- النـص المترابـط ومسـتقبل الثقافـه العربيه/سـعيد يقطين/المركـز الثقافـي العربي/الطبعـه الاولـى2008 بيـروت لبنـان/ص16.

2- النص المترابط/سـعيد يقطين/ نفس المصـدر/ ص1٧

3-الممنـوع و الممتنـع/ نقـد الـذات المفكـره/ علـى حـرب/ المركـز الثقافـي العربـي/ الطبعـه الاولـى/ص2٧

4- باسـی کۆتاییـەکان -کردنەوەکانـی بـە جیهانـی بـون و تەڵزگەکانـی شوناسـنامە/عەلی حـەرب وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە سـەلاح حەسـەن پاڵـەوان. لـە بلاوکراوەکانـی ئـاراس چاپـی یەکـەم 2006/ل٥21

٥- النص المترابط/ سعيد يقطين/ نفس المصدر/ص 3٧

6-نفس المصـدر/ ص16

٧-نفس المصـدر/ص 1٧

8-صـور المثقف/ادوارد سـعيد/نقله الى العربيه غسان غصن/١٩٩٦ دار النهار بيروت

٩- النص المترابط/ سعيد يقطين/ نفس المصدر/ص1٧

10- النص المترابط/ سعيد يقطين/ نفس المصدر ص8١٩٩/١٩

11- النص المترابط/ سعيد يقطين/ نفس المصدر ل13

تێبینی: دوا وتارو لێکۆڵینەوەمە بەکوردی تاماوەیەکی درێژ.

لە رۆژنامەی چاودێر ژمارە(24٧)لە 14/11/2011دا بلاوبۆتەوە.

گۆران زیاد شێخانی
مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن - پەیمانگا

مێدیتەیشنەکانی دیکارت

هەڵهێنجانی چەمکی مەعریفەی خودا و خود ناسی

لەساڵی 1928 ڕێنی دیکارت دەستی کرد بە کارکردن لەسەر ئەو نامە تەواو نەکراوانەی کە دوای مردنی خۆی بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە چەند دەقێکی گونجاو بۆ بیرکردنەوەی زانستی و فەلسەفی بەناوی regulated directional in genii کە مەبەست لێی ڕێساکانی ئاراستەکردنی دەروون بوو بەشێوەیەکی گشتی ئەم نوسراوە لە 36 بنەمای گشتی پێک هاتووە، کە هەریەکەیان وەک ڕەهەندێکی گرنگ بۆشیکاری دەروونی سەیردەکرێن بۆنموونە لەیاساکانی 1_12 باس لەپێناسەی زانست و ئۆپراسیۆنە سەرەکیەکانی میتۆدی زانستی (ئینتێزیۆن و لێبڕین و ژماردن) دەکات کە بەمانای هێز یان توانای بەدەستهێنانی زانیاری بەبێ ناسین یان بیرکردنەوە و دەرئەنجامی عەقڵانی ئاشکرا دێت ، هەروەها لەیاساکانی 13_24 باس لەوە دەکات کە کێشە چیە و هەموو ئەو بنەمایانەی کە کێشە چارەسەر دەکەن چین کە بەچەند ڕێسایەکی بیرکاری ئەو مەرجانەی کە پەیوەندیان بە چارەسەر کردنەوە هەیە دەخاتە ڕوو هەروەها لە یاساکانی 25_36 باس لە

زنجیرە نامەکانی سۆزەکانی

رۆح کە بریتیەلە لەنەریتێکی

دوور و درێژی لێکۆڵینەوەی

فەلسەفی لەسروشتی سۆزەکان

, خولیاکان , ئەزموونەکان

ئێستا بەشێوەکی باو لەسەردەمی

مۆدێرنەدا پێیان دەوترێت

(سۆز) کەلەسەردەمی

ئەفلاتونەوە بابەتی مشتومڕی

فەیلەسوف و زانایانی ئاینی بووە

کێشـەی تێگەیشـتنە ناتـەواوەکان دەکات ، ئـەو کێشـانەی کـە یەکێـک یـان چەنـد مەرجێکـی پەیوەندیـدار بـە چارەسـەر کردنـی کێشـەکان نازاندرێـت ، بـەلام مەرجـە بدۆزرێتـەوە ئـەو کێشـانەش زیاتـر لـە بابەتەکانـی فەلسـەفەی سروشـتی و میتافیزیکـدا سـەرهەڵدەدەن .
یەکێـک لـە کتێبـە گرنگەکانـی تـری دیـکارت بریتیەلـە بنەماکانـی فەلسـەفە (principia philosophies) لـەم کتێبەدا دیـکارت بنەماکانـی سروشـت دەخاتـە ڕوو لەپاڵ یاسـاکانی فیزیـا کـە گرنگترینیـان بریتیـە لـەو بنەمایـەی کـە لـە غیابـی هێـزی دەرەکیـدا جوڵـەی تەنێک یەکسـان دەبێـت بەهێڵێکـی راسـت وەک دەوترێـت (نیوتـن) ئـەم بنەمایـەی لـە دیـکارت وەرگرتـوە هـەر لەبـەر ئەوەیەکەتاکـوو ئەمـرۆ ئـەم بنەمایـە بـە یاسـای یەکەمـی جوڵـەی نوتـن دادەندرێـت ، کتێبەکـە بـە پلـەی یەکـەم مەبەسـت لێـی جێگرتنـەوەی مەنهەجـی ئەرسـتۆ بـوو لـە زانکۆکانـی فەرەنسـا و بەریتانیـا کـە بریتـی بـوو لـە سیسـتماتیکی میتافیزیک و فەلسـەفەی سروشـتی و نوێنەرایەتـی یەکـەم گێرانـەوەی میکانیکـی گـەردوون دەکات یەکێـک لـە کتێبەکانـی تـری دیـکارت بریتیەلـە Discourse on the

Method ئـەم کتێبـە بۆیەکەمجـار لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا چاپکـراوە و بەگشـتی لەگـەڵ تێرامانـەکان لەسـەر فەلسـەفەی یەکـەم دواتـر بنەماکانـی فەلسـەفە و پاسـاکانی ئاراسـتەکردنی عەقـڵ ، بنەمـای ئـەو زانسـت ناسـیبەش پێکدەهێنێـت کـە بـە کارتیـزم ناسـراوە کـە بەمانـای دوانەیـی ئۆنتۆلۆژیـا کـە دوو مـاددەی سـنوردارن وەک (عەقـڵ ، رۆح) جەوهـەری عەقـڵ بیرکردنـەوەی خۆئـاگادارە هەروەهـا جەوهـەری مـاددە درێژبوونەوەیـە لەسـێ رەهەنـددا خـودا ماددەیەکـی یەکەمینـە و جەوهەرەکـەی هەبوونێکـی پێویسـتیە .

دواتـر یەکێـک لـە نووسـینەکانی تـری بریتیەلـە زنجیـرە نامەکانـی سـۆزەکانی رۆح کـە بریتیەلـە لەنەریتێکـی دوور و درێـژی لێکۆڵینـەوەی فەلسـەفی لەسروشـتی سـۆزەکان ، خولیـاکان ، ئەزموونـەکان ئێسـتا بەشـێوەکی بـاو لەسـەردەمی مۆدێرنـەدا پێیـان دەوترێـت (سـۆز) کەلەسـەردەمی ئەفلاتونـەوە بابەتـی مشـتومڕی فەیلەسـوف و زانایانـی ئاینـی بـووە ، دواتـر لاجیۆمێتـری لەسـاڵی 1637 وەک پاشـکۆیەک بـۆ دیسـکۆرس دی مانـای گوتـار لەسـەر میتـۆد بڵاوکرایـەوە کـە لەگوتـاردا شـێوازی خـۆی بـۆ بەدەسـتهێنانی روونـی لەسـەر هەربابەتێـک دەخاتـە ڕوو .

بەگشـتی سـەرنجێک دەخەینـە روو کـە یەکێکـە لـە مێدیتەیتەرەکانـی رێنـی دیـکارت کەتیایـدا هاتـووە : خـودا وەک ماددەیەکـی بـێ کۆتایـی و ئەبـەدی و نەگـۆڕ هەروەهـا سـەربەخۆ و زیرەکـی رەهـا و دروسـتکەری هـەم خـۆی هـەم هەمـوو شـتێکی دیکـە بەلەبـەر چاوگرتنـی ئـەو بنەمـا فەلسـەفەی خودا ناسـی کـە سـەرچاوەکەی تێڕامانـە لـە خـود ناسـی تێدەگەیـن کـە بیرۆکـەی خـودا ناسـی دەبێـت واقعێکـی بابەتیـی و بێکۆتـا، ئەمـەش وادەکات سـەرنج لـەو تیۆریـە بدەیـن کـە خـودا نابێـت لەخۆیـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت هەمـوو ئـەو سـەرنجدانەش یـەک سـەرچاوەی نەگـۆڕ و گرنـگ و بەهێـزی هەیـە کـە بریتیەلـە بـە پێویسـت بوونـی هەبوونـی خـودا ، لەکاتێکـدا دەتوانیـن گومـان لـە بوونـی هەرچـی شـت هەیـە بکەیـن بـەڵام هەبوونـی خـودا نەخێـر بـەو پێیەی تێڕوانینێکـی هێنـدە روون و جیـاوازی هەیـە بـۆ بوونـی خـودا بیرۆکەکـە واقعێکـی بابەتـی و بێکۆتایـی هەیـە، هـەر بۆیـە ئەگـەری راسـتبوونی زیاتـرە لەهەمـوو بیرۆکەیەکـی تـر پاشـان

مێدیتەیتەر ئەگەری ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕەنگە تەواو بێت هەموو کەموکوڕییەکانی پۆتانسێلن کەبەمانی تاوانی کەسێک یان شتێک بۆ گەشەکردن بەدەستهێنان یان سەرکەوتن دێت لەناو خۆیدا و هێواش هێواش بەرەو کامڵ بوون بەرەپێش چوون دەچێت ئەگەر کامڵبوون پۆتانسێلێک بێت لەناو ئەودا ئەوا جێی متمانەیە کە بیرۆکەی خودا بەبێ هیچ هۆکارێکی دەرەکی لەناویدا بیری لێبکرێتەوە ئەم میتۆدەش سەلمێنەری وجودیەت و ئامادەیی و دەستکارایی خودا دەسەلمێنێت لەهەموو گۆران و جووڵەتە میتافیزیکیەکانی مرۆڤ و گەردوون .

دیکارت زۆر بەڕوونی بۆی دەرکەوتووە کە خودا بوونی هەیە ،چونکە هەستی دەکرد بیری دەکردەوە ئەگەر بیریشی کردەوە ئەوە دەبێت بەراستەقینە،چونکە بیرکردنەوە تەنها لە عەقڵێکی راستی و سروشت و دیدگایەکی خاوەن پێشینە و هاوراست لەگەڵ لۆژیک و پێکهاتەی میتافیزیکی دێتەوە ، بۆنموونە ئەگەر وجوودی خۆی نەبێت چۆن دەتوانێت بیربکاتەوە ؟ ئەگەر بیریشی کردەوە ئەوا سەلماندی کە بوونی هەیە دواتر بنەماکانی ئەم چەمکە فەلسەفیە بوون بە بیرۆک و ناونرا " پێموایە ، بۆیە منم " هەروەها پێی وابوو کە دەتوانێت پیشانی بدات کە هەبوونی خودا شتێکی لۆژیکی و نزیکە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا کە لە وتەیەکیدا دەڵێت : خودا هەمان بێکۆتاییە و بەڕوونی دەتوانێت بێکۆتایی ببینێت چونکە دەتوانێت بیر لەهەموو تەنێکی گەورەتر بکاتەوە ،بەڵام هیچ شتێکی گەورەتر نیە لە وجوودی خودا .

لەکۆتایدا دیکات پێی وابووە لەبەر

ئـەوەی دەیزانـی بیردەکاتـەوە بـەڵام تەنها دەتوانێـت شـتێکی تـر لەبـارەی خۆیـەوە بزانێـت ،بـۆ نموونـە دوو قـۆڵ و دوو قاچـی هەیـە ... چونکـە دەیزانـی خـودا بوونـی هەیـە هەمیشـە بـۆ نموونـەی وجودیەتـی خـودا بـەم جـۆرە شـیکاری بـۆ بیرۆکەکـەی کـردوە مرۆڤێـک دەبێت لـە دوو شـت پێکهاتبێـت وەک عەقـڵ کەبیـر دەکاتـەوە و ئـەو جەسـتەیەی کـە سـەربەخۆیە لەبیرکردنـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا پێکـەوە یەکگرتـوون ئەمـەش پێـی دەوترێـت "دوانەیزمـی کارتێـزی" .

دیـکارت زیاتـر بیرۆکـەی پەیوەنـدی داری بـە ئەفلاتـوون بەکارهێنـاوە و زیاتـر هاوبیـری بنەمـا فەلسـەفیەکانی ئـەو بـووە بەپێچەوانـەی زۆربـەی رۆشـنفکر و کەسـەکانی تـری سـەردەم کـە بیرۆکـەی پەیوەنـدی دار بـە ئەرسـتۆیان بەکارهێنـاوە لەبـەر ئەوەیـە زۆر جـار بـە عەقڵانـی ناوزەنـد دەکرێـت کـە بیرۆکـەی ئـەم چەمکـەش لـەوەوە هاتـووە کـە هەمیشـە ئـەو لەنـاو مێشـکیدا بـە وردی دەیڕوانـی و بۆوەڵامـی پرسـیارەکان و دەگـەڕا و شـیکردنەوەی وردی بـۆ دەکـردن تائـەوەی رووە فەلسـەفیەکەی ببینێـت و شـیکاریانەتر لیێڕوانێـت ، هەرچەنـدە دیـکارت ویسـتوویەتی لەگوومـان دوور بکەوێتـەوە و ئـەوەی سـیناریۆی گوماناوی هەیـە پشـتگوێی بخـات چونکـە ئـەو پێـی وابـووە کـە کاری سـەرەکی ئـەو یەکلاکردنـەوەی ئـەو شـتانەیە کـە چەنـد رەهەندێکیـان هەیـە و گومانـن لای خەڵکـی دواتـر لـە چوارچێـوەی ئـەو پـەڕی لۆژیـک و ئـاواز بونیـات بندرێتـەوە و رووی راسـتەقینە و چەمکـی مـاددەکان بەئاشـکرا دەربکەوێـت ،هەرچەنـدە لـە میدیتەیشـنەکانیدا وەسـفکردنی گومـان زۆر بـەدی دەکرێـت ،بەڵام هێشـتا بـە دووری لێـی روانیـوە .

د. ئەکرەم میهرداد

دیدگاکان بۆ ناسینی پرسی ژنان

پرس، دیاردەو راستییەکانی مرۆڤایەتی کەبەشێکی زۆر کاریگەرە لەژیانی هەمووماندا. بەردەوام زۆربەی بیرمەندان و بیریارانی بەخۆوە خەریک کردووە. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی راستینەی مرۆڤایەتیمان لەو دیاردەو پرسانەدا بۆتە کاری فکرو فەلسەفەو زانست. ئەو دیدگایانەی کە دەیانەوێ جیهانی دەوروبەرمان بناسن و پاشان ئەو جیهانە بەرەو بەهرەمەندی و ئازادی زیاتر بەرن. بۆ خۆشیان بوونەتە دیاردەو راستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی. هەوڵەکانی مرۆڤ لەناو بزاڤ و کاریگەرییەکاندا بەشێکی ئەم کارەیان بەدیهێناوە. ئەوەی بۆ من گرنگەو پەیوەندی بەناونیشانی نووسینەکەوە هەیە. ئەوەیە کەباس لەچۆنیەتی ناسینی راستییەکانی مرۆڤایەتی بکەم و پاشان ئەم چۆن ناسینە سەبارەت بەپرس و ناسنامەی بزاڤی ژنان بخەمەڕوو. سەرەنجامیش رێبازی ناسین یان (میتۆد) باشتر دەتوانێ کەراستینەی کێشەو ژیانی ژنان بنەخشێنێ. ناسینی باشتری راستینەکانی مرۆڤایەتی و لەناویاندا پرسی ژنان بەهۆی شارەزایی و ناسینی ئێمەوە دەبێت لەرێبازەکانی بیرو فەلسەفە سەبارەت بەدیاردەو راستیە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەمە بەر چەند بیرو میتۆدی بیریاری و فەلسەفی کەبەهرەمەندمان دەکەن لەناسینی ئایندەمان و پرسی

مەبەستمان باشتر ڕۆشن دەکەنەوەو بەهۆی ئەو ڕۆشن ناسینەشەوە باشتر دەتوانین لەلایەنە جیاوازو فرەکانی ژیانمان بەهرەمەندبین.

یەکەم:

ئێمە لەناسینی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا هەرگیز ناتوانین ڕاستی ڕەهاو تەواو بەدەستبهێنین. بەڵکو لەو ناسینە (یان ناسینانەدا) تەنیا لەسنوورەکانی ڕاستی نزیک دەبینەوەو ئەنجامی بەتەواوی ڕاست و دروست لەدیاردەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا پەیدا نابێت. لەزانستی سروشتی و زانستەکانی دیکەی ماتماتیک، بایۆلۆجی و کیمیاو فیزیادا دەتوانین ڕاستی تەواو پەیدابکەین. نموونەی ئەمانەش ئەوەیە لەناسینی ماتماتیکی و شێوەییدا بەهەمــوو جۆرێک ئەنجامی تەواو ڕاست بەدەست دەهێنین. هەروەها ئەو ڕەوشە بۆ ناسینی زانستی ئەزموونی یان تاقیکاری (بایۆلۆجی، کیمیاو فیزیک) هەر بەو شێوەیە، بەڵام لەزانست و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا ئەو ڕاستییە نەگۆڕو تەواوانە بەدەست نایەت و تەنها ئەنجامەکانی ئێمە لەو بیرو فەلسەفانەدا نزیک لەڕاستییە یان شێوەیەکی (تقریبی)ن. دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و ڕاستییەکانی مرۆڤایەتی وەکو دیموکراسی، سۆسیالیزم، نەتەوایەتی، فیمینیزم، مۆدێرن و پۆست مۆدێرن نەیانتوانیوە ڕاستینەی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی یان هەلومەرجی ئازادی و بەهرەمەندبوونی ڕەها بەدەست

بهێنن. بەڵکو ئەمانە بەشێکە لەو هەولانەی کە یارمەتیدەری ژیانی مرۆڤایەتیەو لەداهاتووشدا کاریگەری دەبێ.

لەکاتێکدا کەباسی ئەم خاڵە دەکەم. مەبەستم ئەوە نییە لەبایەخ و گرنگی دیاردەو راستییە مرۆڤایەتیەکان کەم بکەمەوە. بەڵکو هیوای ئەوە دەخوازم کەخۆمان و دیاردەکانیش رزگارو ئازادتر بکەین لەسەخت روانین و تاک ئەندێشەی و ئاسۆیەکی دیکەش بۆ بیروباوەڕەکان پەیدابکەین. سەرئەنجام بەیارمەتی ئاسۆو بیرەکان تواناو دەسەلاتی زیاتر. ئەگەری گەشەو فراوانبوون بۆ پرس و راستیە مرۆڤایەتیەکان فەراهەم بکەین.

ئەگەر پرس و ناسنامەی ژنان یان راستینەی بزاڤی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی لەمافەکاندا وەکو راستیەکانی مرۆڤایەتی تەماشابکەین (کە بێگومان هەروایە) ئایا دەتوانین بەهاوکاری و رۆشن بینی هەموو دیدگاو هەوڵەکان لەراستینەی تەواوی پرسی ژنان نزیک ببینەوە؟

یان هەموو ئەم هەولانە چەند وێستگایەکن بۆ باشترو رۆشنتر ناسینی راستینەی ژنان! زانستی کۆمەڵناسی فێرمان دەکات کە بەچ شێوەیەک لەگەڵ دیاردەو راستیە کۆمەلایەتیەکاندا مامەڵە بکەین و چۆن بتوانین لەو مامەڵەیەدا زیاتر لەراستی نزیک ببینەوە.

کۆمەڵناسی پێمان دەڵێت کەسێ ئاستی گرنگ هەیە بۆ ناسینی دیاردەو راستییەکانی کۆمەلایەتی کەئەوانیش ریالیزم، هێرمۆنیتکاو تیۆری رەخنەیین(١.

بایرسی ژنان و ناسنامەی ئەوان وەکو راستی یان وەک ریالیزمێک چاولێبکەین. بەلام هێرمۆنتیکا یان تەئویل کردن (واتە فرەیی و جیاوازی لەلێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا) دەتوانێ زیاتر لەرێگایەکمان بۆ پەیدابکات بۆ نزیکبوونەوە لەراستی یان لەراستییەکان و پاشان رەخنەی ئێمە یان دیدگای تایبەتی و تێڕوانینی فەلسەفی و سیاسیمان دەتوانێ مەبەستی تایبەتی ئێمە یان ئەو دیدگاو فەلسەفە تایبەتیە باشتر بنەخشێنێ بۆ ئازادی و بەهرەمەندبوون.

*مافەکانی ژنان و سەرەتاکانی خەبات بوون و بەردەوامبوونی توندوتیژی لەکۆمەڵگاکانداو بەتایبەتی لەکۆمەڵگا رۆژهەلاتی و دواکەوتووەکاندا پەیوەندی بەهەندێک

زەمینـــەی کـۆمـەڵایـەتـی، ئابووری، سیاســی، ئاینــی و نەریتیــەوە هەیــە. ئــەو زەمینانــە وایانکــردووە بــۆ مافــی و نەبوونــی ئــازادی بەســەر ژنانــدا بســەپێنرێ و هــەر ئــەو زەمینانــەش وایانکــردووە کــە ژێردەســتەیی و پیادەکردنــی توندوتیــژی لەســەر ئــەوان بــەردەوام بێــت ببێتــە بەشــێک لەژیانــی ئــەو کـۆمـەڵگایانــە. دەســەڵات و هەژمــوون و راســتینەی پیاوانــە کەهەمــو لایەنەکانــی ژیانــی ئــەو وڵات و کـۆمـەڵانــەی گرتـۆتــەوە. لەراســتیدا هەلومەرجێکــی سروشــتی و لەخــۆوە پەیدابــوو نییــە، بەڵکــو دەســەڵاتی ســەپێنراوی پیاوانیــش وادەکات کەزەمینەکانــی ژیانــی ئابــووری، کـۆمـەڵایـەتــی، سیاســی و نەریتــی لــەو کـۆمـەڵگانــە لەبەرژەوەنــدی ژنــان نەبێــت و هەتــا دێت ئەو زەمینانە رۆژرەشــی و دیلێتی ژنــان و منــداڵان و لاوان و پەراوێزکــراوەکان قــووڵ و فراوانتــر دەکاتــەوە. هــەر لــەو روانگەیــەوە کــە هەمــوو راســتییەکی مرۆڤایەتــی راســتیەکی دروســتکراو یــان ســەپێنراوە. هــەر بۆیــە دەتوانیــن وا بیربکەینــەوە کــە لەروانگــەو بەرژەوەنــدی چەوســاوەکان و پەراوێزکــراوەکان یــان لەروانگــەو بەرژەوەنــدی ژنــان و لاوان و منداڵانــی بێدەســەڵاتەوە راســتیەکی تــازە یــان زەمینەکانــی کـۆمـەڵایـەتــی و گشــتی جیــاواز لــەو زەمینــە کــۆن و

> پێـــوەری گشـــتی عەدالـەت و دادپـەروەری کۆمـــەڵایەتی دەتوانـــێ بـــکرێتە پێوەری مـاف و ئازادییـــەکان لەسەرانسەری جیهاندا کەباشـترین زەمینــەو گرەنتیـە بۆ هێنانـەدی کـــۆمەڵـــگایەکی ئـازادو بەهـــرەمەند و مـــرۆڤدۆست.

نەریتیانە پەیدابکەین. هێزی ناڕەزایی و بزاڤی ماف و ئازادییەکان لەروانگەی کە بتوانێ ماف و ئازادییەکانی ئەوان فەرهەم بکات و هەر لەم روانگەیەشەوە هەلومەرجی نالەبارو توندوتیژی لەسەریان کۆتایی پێ بهێنرێت.

لەو کۆمەڵگایانەی کە تازە هاتوونەتە ناو ئاستانەی دیموکراسیەوە. سەرەتا ئاڵۆزییەکی سەخت هەیە بۆ بەفەرمی ناسینی ئازادییەکان و دابینکردنی ئەو زەمینە گشتیانەی کە ئەو ماف و ئازادییانە بەدی دەهێنێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باشترین رێگا بۆ هێنانەدی ئەو زەمینانە لەسێ هۆکاردا خۆی دەبینێت:

-١ناسین و سەلماندنی ماف و ئازادییەکانی هەمو تاک و هاووڵاتیەکانی ناو کۆمەڵگا بەپێی دەستوورو یاسا.

-٢بوونی دەسەڵات و سیستەمێکی دیموکراتی گونجاو کەبتوانێ و بیەوێ ئەو ماف و ئازادیانە جێبەجێبکات.

-٣بوونی بزاڤی کۆمەڵایەتی و جەماوەری وەها کە هەمیشە زامنکەرو بەدیهێنەری ماف و ئازادییەکانی ناو دەستووری دڵخوازێت.

ئەگەرچی لەوڵاتی ئێمە چەندین رێگرو کۆسپ هەیە لەبەردەمی ئەو سێ هۆکارو هێزەدا. بەڵام ئێمەش وەکو بەشی زۆربەی وڵاتانی جیهان ناچارین کە هەوڵ و تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتی بدەین بۆ پەیداکردن و ئاواکردنی ئەو

زەمینانــــە. لەبەرئــــەوەی باســــەکەمان هاتەســـەر ناســـین و ســـەلماندنی مـاف و ئازادییــەکان بەشـێوەی فـەرمـی لەیاسـاو دەســـتووردا. هــەر بۆیــە ســەرەتا بەمافــی گشــتی و زەمینــە یاسـاییەکانی ئــەو مافانــە دەســـت پێدەکەیـــن. کەئەوانیـــش بـــەدەوری خۆیـــان کاریگـــەری فراوانیـــان دەبـــێ لەســـەر کەمکردنـــەوە یـــان نەهێشـــتنی توندوتیـــژی لـــەدژی ژنـــان.

ا- ناسـین و سـەلماندنی مافەکانـی تاک لەیاســـاو دەســـتووری گشـــتیدا وەکـــو مافـی پیـرۆز. سروشـتی و تـەواوی هەمـوو تاکێـک. سـەرەتا ئـەو مافانـەش بەمافـی سروشـتی و سـەرەتایی دەسـتپێدەکات لەدابینکـردنـی (خـواردن. پۆشـاک. شـوێنی ژیـان. تەندروسـتی. پـەروەردەو فێرکـردن. ئاسـایش. لایەنـی سـۆزداری و سێکسـی. کار یـان بیمـەی بێکـاری)و پاشـان دێتـە سـەر ئـازادی و ئـازادی بیروبـاوەڕو ویـژدان و ناڕەزایـی و خۆرێکخسـتن. سـەرەنجام مافی خۆسـەپاندنی خـودەکان و تاکەکان و ڕێـزی ئـەوان لەدەسـتووری گشـتیدا دەبێـت ئاشـکراو ناسـراوبێت. ئەرکـی راسـتەوخۆی دەوڵـەت ئەوەیـە کـە ئـەو مافانـەی بەپێـی دەسـتوور گرەنتـی بکات و لەدەسـتی کەسـانی دیکـە. لەدەسـتی گروپـەکان. دیـن و نەتـەوەو مەزهـەب و پـارت و خێڵـەکان بسـەنرێتەوەو بدرێتـەوە بەتـاک و وەکـو مافـی فەرمـی و سروشـتی بـێ ئەملاولایـان بناسـرێت.

بـۆ ئـەو کەسـانەی تەمەنیـان لەسـەرووی ١٨ سـاڵە (کیـژان و کـوڕان) دەبێـت بەفەرمـی بەهرەمەندبـن لـەو مافانـەو نابـێ ئـەوان ناچاربکرێـت لەگـەڵ دایـکان و بـاوکان یـان لەگـەڵ بەتەمەنـەکان بژیـن. بەڵکـو دەبـێ ئازادبن لەسـەربەخۆ ژیـان و بەجیـا ژیـان لـەوان. مافـی کارکـردن و مافـی بیمـەی بێکاری کـە یەکێکـە لەمافـە سـەرەتاییەکان. ئـەرک و مافـی هەمـوو کەسـێکەو دەبـێ یاسـاو دەسـتووری وڵات ئەوانـە بەفەرمـی و بەگشـتی بناسـێ. مافـی منـداڵان و بەخێوکـردن و پەروەردەکردنیـان. هەروەهـا مافـی ئـەوان کـە لەلێـدان و ئـازاردان بەدووربـن و دەبێـت ئـەم مافانـە بەپێـی یاسـاو دەسـتووری گشـتی بـۆ هەمـوو منداڵێـک بناسـرێ. نابـێ ئـەو مافانـە بخرێتـە دەسـت دایـکان و بـاوکان و مامۆسـتایان (یـان دەسـتی هـەر کەسـێکی دیکـە) واتـە بەخێوکـردن و پەروەردەکـردن و فێرکردنـی منـداڵان ئەرکـی فەرمـی دەوڵەتـە.

پێـوەری گشـتی عەدالـەت و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی دەتوانـێ بکرێتـە پێـوەری مـاف و ئازادییـەکان لەسـەرانسـەری جیهانـدا کەباشـترین زەمینـەو گرەنتیـە

بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئازادو بەهرەمەندو مرۆڤدۆست. پێوەرە گشتییەکانی عەدالەت لەلای هەردوو بیروباوەڕی سۆسیالیزم و لیبرالیزمی سۆسیالیستی یان پێشکەوتوخواز. کەسەرەنجام دەبێتە بنەمای سەرەکی ماف و ئازادی لەدەوڵەتی رەفادا سێ پێوەری گشتی و جیهانییە. کەئەمانەن:

-١دابینکردن و گرەنتیکردنی ماف و ئازادی و ستانداردی گشتی و جیهانی ئەو ماف و ئازادیانە. واتە پەیڕەوکردنی (جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ) لەسەر هەر سێ ئاستی تاک. کۆمەڵگاو دەوڵەت.

-٢کارکردن بەبنەمای یارمەتی و فریاکەوتنی کەس و لایەنە زۆر هەژارو نەدارەکان یان بێ هێزو پەراوێزکراوەکان و گەیاندنی ئەوان بۆ ئاستی چینی ناوەراست و کارکردن بەبنەمای دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی سامانی کۆمەلایەتی.

-٣بێگومان ئەم دوو پێوەرە لەئێستای جیهاندا تەنها بەدەوڵەت و دەستوور دەکرێت. واتە بەشداری راستەوخۆو مرۆڤانەی دەوڵەت لەو زەمینانەدا(٢).(

ب-رەخساندنی هەلی یاسایی و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی یەکسان و یاسایی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەهرەمەندبوون لەژیانی ئابووری و یاسایی بەجۆرێکی وەها کە مافەکانی ژنان و لاوان و منداڵانی تیا دەستەبەربکرێ. واتە دەبێ بەپێی دەستوورو یاسا هەلی یەکسان بۆ کارکردن. خوێندن. بەشداری لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بۆ هەموو تاکێک دابینبکرێت و لەم نێوانەدا هیچ جیاوازی و هەلاواردن لەنێوان ژنان و پیاوان نەکرێت. یەکسانی لەبەردەم یاسادا سەرەتایەکی زۆر گرنگەو بۆ ئەو مەبەستە هەموو تاکێک لەبەرامبەر ئەرک و مافە یاساییەکاندا دەبێ یەکسان بێت و سەروەری و دەسەلاتی یاساش هەموان بگرێتەوە. ئەگەرچی هەندێ ولاتانی جیهان لەیاساو دەستوورەکانیاندا باس لەیەکسانی و گشتیبوونی یاسا دەکەن (کەبوونی ئەم زەمینەیە مەرجێکی زۆر گرنگە بۆ ماف و ئازادی) بەلام ئەو هێزەی کە بەقازانجی ژنان و لاوان و منداڵان رەوشەکە دەگۆڕێت. بزووتنەوەی جەماوەری و رێکخراوەیی ئەوانە بۆ دابینکردن و پاراستن و بەردەوامکردنی ئەو ماف و یەکسانیانە.

پ-بەهرەمەندبوونی یاسایی و

گشـتی لەمافەکانـی ئـازادی بیـروڕا، خۆڕێکخسـتن و خۆپیشـاندان و ڕەخنـەو نەیـاری، مافێکـی زۆر گرنـگ و پێـوەری شارسـتانی و ئازادیخوازیـە بـۆ گرەنتیکـردن و پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکان لەبەرامبـەر سـنووردارکردن یـان پێشـێلکردنیان.

ت-دەبـێ بەپێـی یاسـا هەموو فشـارێکی جەسـتەیی، دەروونـی و ڕۆحـی لـەدژی ژنـان، منـداڵان و لاوان کۆتایـی پـێ بێـت، لێـدان و سـوکایەتی کـردن بەژنـان و منـداڵان دەبـێ بەپێـی یاسـا قەدەغـە بکرێـت و هـەر کەسـێک کارێکـی لـەو جـۆرە بـکات دەبـێ وەکـو تاوانبـار سـەیربکرێت و سـزابدرێت. مەبەسـتمان لـەم خاڵـە ئەوەیـە کەدیسـان نابـێ لێدان و سـووکایەتی بەنیـوە یان بەشـی زۆری کۆمـەڵ بـۆ لێکدانـەوەو ئـارەزووی تـاک یـان هێزێـک کـەس بەجـێ بهێڵـین و بەڵکـو دەبـێ وەکـو لایەنێکـی گشـتی و یاسـایی مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ.

ج-لەبەرئـەوەی کەژیانـی سـۆزداری و هاوسـەری ڕێکەوتنـی دوولایەنەیـە لەنێـوان ژن و پیـاو بۆیـە دەبـێ مافـی جیابوونـەوەش بـۆ هـەردوولا بەپێـی یاسـا گرەنتـی بکرێـت. واتـە هـەردوولا (نـەک تەنیـا پیـاو) دەبـێ بەهرەمەندبـن لەمافی ڕەهـای پەیوەنـدی یـان کۆتاییهێنـان بـەو ژیانـە هاوبەشـەو جیابوونـەوە.

ئەمانە ئەو زەمینە گشـتی و یاسـاییانەن کـە بەهـۆی هۆشـیاری و پیادەکـردن و بوونـی مـاف و داواکارییەکانـی ژنانـەوە دەتوانـرێ بکرێتـە سـەرەتایەکی گونجـاو بـۆ نەهێشـتنی توندوتیـژی و نایەکسـانی لـەدژی ژنـان. دیدگاکانـی یەکسـانی یـان بیروبـاوەڕی لیبرالـی، مارکسـی و کانتـی بـۆ مەسـەلەی مافـی یەکسـانی، کەهەریـەک لـەوان بەجۆرێـک باسـی یەکسـانی نێـوان تـاک کۆمەڵـەکان دەکـەن، هەریـەک لـەوان شـێوەیەکە لە(مانـادان)و پێشخسـتنی مانایـەک لەمانـاکان و یان فرەیی و جیاوازی لەمانادا ئـەوە دەسـەلمێنێت کەهێرمۆنتیـکای ڕیالیزمـی دیـاردەو هەلومەرجەکانـی ژیانمـان بـۆ پەیداکردنـی ڕاسـتی یـان چەنـد ڕاسـتییەک. ئـەوە دەسـەلمێنێت کەئێمـە لەناسـینی ڕاسـتییەکانی کۆمەڵایەتـی و مرۆڤایەتـی و ڕاسـتی ڕەهـاو تـەواو بەدەسـت ناهێنیـن. بەڵکـو لەسـنوورەکانی ڕاسـتیەکان نزیـک دەبینـەوە.

تێڕوانینێک بۆ ململانێکانی ئۆکرانیا

ئیدریس جەبار

مێژووی دەستپێکردنی ململانێکان لە ئۆکرانیا بۆ پێش ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکەی ڕووسیا دەگەڕێتەوە و ڕەگوڕیشەی دێرینترە لەو هەڵبژاردنە پەرلەمانیانەش کە لە لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە وڵاتەکەدا سازکران. بەڵام دەکرێت ئەو «هەڵبژاردنانە» بە دەستپێکی ڕاشکاوانەی ململانێکان لە ئۆکرانیا دابنرێن کە ڕۆشنتر بەریەککەوتنەکانی نێوان ڕووسیا و خۆرئاوایان لە وولاتەکەدا دەرخست.

ڕەوشی ناوخۆی ئۆکرانیا بەهۆی دەستوەردانی مۆسکۆ و پایتەختە خۆرئاواییەکان لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠وە ململانێی توندی لەنێوان لایەنگرانی کرملین و لایەنگرانی «دیموکاتی خۆرئاوایی» بەخۆوەبینی، ئەمەش

ڕەوشـــەکەی گـەیانــدە کــورد واتەنــی «بگــرە و بــەردە». هەڵبژاردنــەکان تایــەک بــە ســـەرکەوتنی لایەنگرانــی مۆســکۆ و تایەکــی دی بــە ســـەرکەوتنی لایەنگرانــی خۆرئــاوا کۆتاییــان دەهــات.

هەڵبژاردنــەکان خواســتی لایەنــە دەســـتبالاکانی تێرنەدەکــرد، بۆیــە دەســـتبردن بــۆ خۆپیشـــاندانی ناڕەزایــی و نزیکبوونــەوە لــە پێکداهەڵپژانــی نێوخۆیــی و بەریەککەوتنــی ناڕاســتەوخۆ، کرایــە ڕێگەچــارەو ڕێڕەوێــک بــۆ یەکلایــی کردنــەوەی هاوکێشــەکە.

یانلۆفیچ لە دوای چوار ساڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی گۆڕەپانی سەربەخۆیی لە کیێف لە بوونە مایەی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 100 کەس، لە شوباتی 2014 لە دەسەڵات دورخرایەوە.

شۆڕشی پرتەقاڵی

شــۆڕشــی پرتەقاڵــی یــان شــۆڕشــی هەمەڕەنــگ، لەنێــوان ســـالانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) لەڕێــی زنجیرەیــەک لــە خۆپیشــاندانی ناڕەزایــی و ڕووداوی سیاســی بەرپابــوو کــە لــە دوای گــەڕی دەنگدانــەوە لــە هەڵبژاردنــی ســەرۆکایەتی ئۆکراینــا لــە ٢٠٠٤وە هاتەئــارا، بــەو هۆیــەی دەگــوترا پرۆســەکە گەندەڵــی فراوانــی بەخۆوەبنیوە و دەنگــدەران تۆقێنــراون و گەندەڵــی ڕاســتەوخۆ لــە هەڵبژاردنــدا کــراوە.

کێیــف پایتەختــی ئۆکراینــا، خــاڵ و چەقــی جموجۆڵــی ڕۆژانــەی هــەزاران خۆپیشــاندەری ناڕازیــی بــوو، بەهــۆی

ململانێکان لەسەر دەسەڵات لەنێوان هەردوو لایەن کە بریتیبوون لە: لایەنی یەکەم: ڤیکتۆر یوشیشینکۆ سەرۆک کۆمار، و یولیا تیمۆشینکۆی هاوپەیمانی کە سەرۆکی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی (کەمینە) بوو. لایەنی دووەم: ڤیکتۆر یانکۆڤیچ و هاوپەیمانەکانی کە لە سەرکردەکانی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان کە زۆرینە پێکهاتبوون، ئەمەش بووە مایەی دروستبوونی حاڵەتێکی چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکە.

خۆپیشاندانەکانی نارەزایی لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی چاودێرانی خۆجێی و بیانی بوو لەسەر هەڵبژاردنەکە. لەگەڵ دروستبوونی دیدێکی میللی فراوان لەسەر دەنگدانەکەی ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤. لەنێوان کاندیدە سەرەکییەکانی ڤیکتۆر یوشینکۆ و ڤیکتۆر یانکۆڤیچ کە دەگوترا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ بەرژەوەندی یانکۆڤیچ ساختەکراوە. خۆپیشاندانەکانی نارەزایی کە تەواوی ئۆکرانیایان گرتەوە، بوونە مایەی هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانەکە. دادگای باڵای وڵاتەکەش بڕیاریدا بەدووبارەکردنەوەی دەنگدان لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، لەژێر چاودێرییەکی توندی چاودێرە خۆجێی و نێودەوڵەتییەکان، دەنگدانی دووەم بە پرۆسەیەکی «پاک و بێخەوش و ئازاد» ڕاگەیەندرا.

ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنی دووەم سەرکەوتنێکی ڕوونی یۆشینکۆی دەرخست کە نزیکەی ٥٢٪ی دەنگەکانی دەستەبەرکردبوو. بەرامبەر بە ٤٤٪ی بۆ یانکۆڤیچ.

بە فەرمی سەرکەوتنی یۆشینکۆ ڕاگەیەندرا و لەگەڵ دەستنیشانکردن و دانانی بە سەرۆک لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ لە کێیڤ، بەمشێوەیە شۆڕشی پرتەقاڵی کۆتایی هات.

لە ساڵانی دواییدا، شۆڕشی پرتەقاڵی دەستەواژەیەکی نەرێنی بۆ ناوەندەکانی سەر بە حکومەت لە بیلاڕووسیا و ڕووسیا پەیدا کرد.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٠، یانکۆڤیچ لە جێگەی یۆشینکۆ بوو بە سەرۆکی ئۆکرانیا، پاش ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردنەکان و چاودێرانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییان لە وڵاتەکەدا بە بێخەوش ڕاگەیاند.

یانکۆڤیچ لە دوای چوار ساڵ



لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی گۆڕەپانی سەربەخۆیی لە کێیڤ کە بوونە مایەی گیان لەدەستدانی زیاتر لە ١٠٠ کەس، لە شوباتی ٢٠١٤ لە دەسەڵات دورخرایەوە.

بیانووی ڕووسیا بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە ئۆکرانیا

ڕووسیا لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی بە ناوی «ئۆپەراسیۆنی تایبەت» لە ئۆکراینا دەستپێکرد، دوای چەند مانگێک لە درێژەکێشانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیبە، مۆسکۆ لکاندنی ناوچەکانی دۆنێتسک و لۆگانسک و خێرسۆن و زابۆرۆژیای بە یەکێتی ڕووسیای فیدراڵەوە ڕاگەیاند. ئۆکراینا ڕووی لە خۆرئاوا کردەوە، لەڕێی خواستی وڵاتەکە بۆ چوونە پاڵ هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی «ناتۆ» و پاشان هەنگاونان بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش بە بۆچوونی ڕووسەکان، هەڕەشە و مەترسی بەردەوام لەسەر ئاسایش و پەرەسەندن و بوونی وڵاتەکەیان دروست دەکات، سێرگی ناریشکین سەرۆکی هەواڵگری دەرەوەی ڕووسیا لەو بارەوە دەڵێت:»ئەو کارەی کێیڤ، ئایندەی ڕووسیا و پێگەی ئایندەی

وڵاتەکەیان لە جیهاندا دەخاتە سەر مەحەک».
ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا، ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە لە:«داماڵینی چەک لە ئۆکراینا و ڕیشەکێشکردنی نازیزم». کۆدەکاتەوە بۆ «پاراستن و پارێزگاری لەوانەی ٨ ساڵە ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی و کۆمەڵکوژی بونەتەوە بەدەستی حکومەتی ئۆکرانی». ڕەتیشیکردبۆوە:«لە پلانیاندا بێت خاکی ئۆکرانیا داگیربکەن و بە هێز هیچ شتێک بەسەر ئەوانی دی بسەپێنن».
لەو دەمەی ئۆکراینا لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، سەربەخۆیی وەرگرت، ڕووی لە خۆرئاوا و هەریەک لە یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی «ناتۆ» کرد.

ناوچەی کریمیا و جوداخوازانی خۆرهەڵات

ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٣ گوشاری خستە سەر ڤیکتۆر یانکۆڤیچ سەرۆکی ئۆکرانی سەر بە مۆسکۆ، تا ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ئیمزا نەکات.

لە 17ی حوزەیرانی 2022 کۆمسیۆنی ئەوروپا، ئەنجومەنی ئەوروپای ڕاسپارد، ڕێگە بۆ کاندیدکردنی ئۆکرانیا بۆ هاتنەپاڵ یەکێتی ئەوروپا خۆشبکات.
لە 23ی حوزەیرانی 2022، پەرلەمانی ئەوروپا پشتی بە بڕیارێک بەست کە داوا دەکات، دەستبەجێ ڕەوشی کاندیدی ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا بەخشرێت بە ئۆکرانیا

ئەمەش بووە مایەی بەرپابوونی خۆپیشاندانەکانی نارەزایی لە وڵاتەکەدا و دواجار لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ دەسەڵاتەکەی یانکۆڤیچ رووخا. رووسیا بە دەستگرتن بەسەر ناوچەی کریمیای باشوور لە ئۆکرانیا وەڵامی دایەوە و یاخیبوونی لە خۆرهەڵات وروژاند و پشتیوانی لەو جوداخوازانە کرد کە بۆ ماوەی ٨ ساڵ بوو دژ بە هێزەکانی ئۆکرانیا لە جەنگدابوون و تێیدا ١٤ هەزار کەس بوونە قوربانی. ئاگربەست و رێککەوتنی ئاشتی مینسک هەبوو لە ساڵی ٢٠١٥ کە هەرگیز جێبەجێنەکرا. پێش ماوەیەک لە دەستپێکردنی هێرشەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا، سەرۆک پۆتین رێککەوتنی ئاشتی دراند و دانی نا بە دوو دەوڵەتی بچووک کە لەلایەن رووسیاوە پشتیوانی دەکران، وەک دەوڵەتی سەربەخۆی جیابۆوە لە ئۆکرانیا.

کاتێک هێزەکانی رەوانەی ئۆکرانیا کرد، پۆتین ناتۆی بە هەرەشەکردن لە «ئایندەی مێژووییان وەک نەتەوە» تۆمەتبارکرد و ئاماژەی بە گواستنەوەی جەنگ کرد لەلایەن ناتۆوە بۆ کریمیا. رووسیا بەر لە جەنگ داوای کردبوو رێگە لە هەموو چەکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا بگیرێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ببرێنە دەرەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشنیازی دەستپێکردنی وتوێژی کردبوو بۆ بەرگرتن لە مووشەکە کورت و مامناوەند مەوداکان، و بەڵێننامەی نوێ سەبارەت بە مووشەکە کیشوەربڕەکان. بەڵام هەلێکی کەم هەبوو بۆ سازدانی ئەو وتوێژانە. رووسیا ترسی ئەوەی هەبوو بکەوێتە گێژاوی جەنگێکی نوێی ساردەوە، بۆیە خۆی بۆ ئاگادارکردنەوەیەکی نوێی بەهێزی خۆرئاوا ئامادەکرد کە توندتر و زیاتر سەربازی بێت.

ئۆکرانیا و یەکێتی ئەوروپا

لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢، دوای ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی داگیرکارییەکەی رووسیا، ئۆکرانیا داوای پێشکەش کرد، تا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. ڤۆڵۆدیمێر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیاش داوای کرد بەپێی «رێکارێکی تایبەت و نوێ»، دەستبەجێ داواکارییەکەیان جێبەجێ بکرێت. داوای لە سەرکردەکانی هەشت

وولاتی یەکێتی ئەروپا کرد. پرۆسەی چوونەناوەوەی وڵاتەکەی خێرا بکرێت. لەبەرامبەردا ئۆرسوڵا فۆن دێر لاین سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا رایگەیاندبوو. پشتیوانی لە هاتنەناوەوەی ئۆکراینا دەکات بۆ یەکێتییەکە. بەڵام پرۆسەکە کاتی دەوێت.

لە ١ی ئاداری ٢٠٢٢. پەرلەمانی ئەروپا راسپاردەیەکی پێشکەشکرد. تا بە فەرمی ئۆکرانیا بۆ ئەندام بوون کاندید بکرێت. لە ١٠ی ئاداری ٢٠٢٢ ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا داوای لە کۆمسیۆنی ئەوروپایی کرد. راوبۆچوونی خۆی لەبارەی داواکارییەکە بخاتەڕوو. لە ٨ی نیسانی ٢٠٢٢. فۆن دێر لاین روونکردنەوەیەکی یاسایی پێشکەشکرد بە زیلینسکی کرد و ئۆکرانیاش لە ١٧ی نیساندا وەڵامی دایەوە.

لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ کۆمسیۆنی ئەوروپا. ئەنجومەنی ئەوروپای راسپارد. رێگە بۆ کاندیدکردنی ئۆکرانیا بۆ هاتنەپاڵ یەکێتی ئەوروپا خۆشبکات. لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٢. پەرلەمانی ئەوروپا پشتی بە بڕیارێک بەست کە داوا دەکات. دەستبەجێ رەوشی کاندیدی ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا ببەخشرێت بە ئۆکرانیا. لە

٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی ئەوروپا، ئۆکرانیای کردە کاندید بۆ چوونە پاڵ یەکێتی ئەوروپا.

تێڕوانینێک بۆ ململانێکان

وڵاتانی ئەوروپا و بە تایبەت وڵاتانی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە، ترسی ئەوەیان هەیە رووسیا لە دوای سەرکەوتنی لە ئۆکرانیا، هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بکێشێت، بە تایبەت کە «یەکێتی ئۆراسیا» تا دێت پتەوتر دەبێت و کۆمارەکانی گورجستان و ئەرمینیاش بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکانیان پەنا بۆ کرملین دەبەن.

ئەوروپا هەروا بە ئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری وزەی رووسی ببێت، ئەمەش لەڕێی دەرکەوتنی کاریگەریی سەپاندنی سزاکانەوە بەڕوونی دەرکەوتووە، لە کاتێکدا ئابووری رووسی تادێت بەهێزتر دەبێت و هەنگاوە سەربازییەکانیشی وێڕای خاوبوونەوە، لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی دەشکێنەوە.

سەرکەوتنی رووسیا لە ئۆکرانیا گەر بێتەدی، هەر تەنیا سەرکەوتن نییە بەسەر کۆمارێکی پێشووی یەکێتیی سۆڤییەت و جڵەوکردنەوەی یاخیبوویەکی روو لە خۆرئاوا، بەڵکو سەرکەوتنە بەسەر تەواوی خۆرئاوا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشەوە کە خەریکە پشت لە پرەنسیپی تاک جەمسەری و دابەشکردنی رۆڵەکان دەکات لە جیهاندا.

پێناچێت لەمجارەدا رووسەکان هەڵەی پێشینەکانیان لە «یەکێتی سۆڤیەت» دووبارە بکەنەوە، بۆیە وردتر مامەڵە دەکەن و لە بری کەوتنەوە نێو جەنگێکی سارد، رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ هەڵدەبژێرن، لەڕێی هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش «بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی بوون و مانەوەی رووسیای فیدراڵ» دەکەن کە پێیانوایە لەوانی تر لەپێشترن بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان.

عەبدوڵڵا کۆمەڵە

فەرهەنگی زاراوەی سیاسی

ڕاست ڕەو و چەپ ڕەو

بەشی هەرە زۆرمان زاراوەی ڕاست ڕەوو چەپ ڕەومان لە نێو دنیای سیاسەتدا بیستووەو کەم تا زۆرێکیش زانیاریمان دەربارەی واتاکەی هەیە.

بەڵام بەشێکی کەم لە خوێنەران شارەزاییان دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی ووشەکە هەیەو نازانن بۆچی بە هەڵگرانی ڕێبازێکی فیکری سیاسی دەوترێت ڕاسترەوو. بەوی تریان دەوترێت چەپڕەو. ئایا ئەم ووشەی ڕاست و چەپە لەچیەوە هاتووە.

ڕاست و چەپ دوو دەربڕینی سیاسین کە لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێگە یان پێگەی پەرلەمانتاران لە پێوەندی لەگەڵ پێگەی سەرۆکی پەرلەمان. بنەماکەی ئەوەیە کە دەربڕینی ڕاست و چەپ دەربڕینێکی کاتییە کە... لەگەڵ گۆڕینی دۆخی دانیشتن دەگۆڕێت. چونکە ڕەنگە چەپی دوێنێ ببێتە ڕاستی ئەمڕۆ و بە پێچەوانەشەوە. بەڵام لە فەرهەنگی سیاسیدا هەتا ڕادەیەکی زۆر دوو بنەمای چەسپیون و زۆر جار مل دەکێشێت بۆ فەلسەفەو دنیابینیەکی ئایدیلۆجی و تا دەگاتە ڕادەی بە پیرۆزکردن.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەرباسی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیەو رەگی ووشەکە . با کورتەیەک لەسەر مانای هەردوو زاراوەکە بخەینە روو:

چەپ ڕەو

چەپ یان پارتی چەپ ڕەو بەهەڵگرانی ئەو رێبازە سیاسیە دەووترێت کە خوازیاری دابەشکردنێکی عادیلانەی داهات و درووست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و بوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتین. چەپگەرایی زاراوەیەکە کە نوێنەرایەتی ڕەوت و فیکرێکی سیاسی دەکات و هەوڵدەدات کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی یەکسانتر لە نێوان ئەندامەکانیدا. زیاتر چەپەکان مەیلیان بەلای بیری سۆشیالیستیدا هەیەو لە مێژوودا بەمارکسی و سۆشیالیستە کان ووتراوە چەپڕەو.

بە تێپەڕبوونی کات. بەکارهێنانی دەستەواژەی «چەپگەرایی» گۆڕان و لێک جیابوونەوەی تیا دروست بووە. لە ووڵاتانی ڕۆژ ئاوا و ئەوروپا بە فیکری سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیزمی دیموکراتی و لیبراڵیزم و لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی دەوترێت چەپ. بەڵام پەیڕەوانی فیکری سۆشیالیزمی زانستی فەلسەفەی مارکسیزم لینینیزم بە ڕێبازی ڕاستەقینەی چەپ بوون دەزانن و ئەوانەی تر بە لادەر(انحرافی) لە قەڵەم دەدەن. لە بنەڕەتدا ڕێبازی چەپگەرایی مارکسیزم لە سەر سێ کۆڵەکەی ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی و. تیۆری مێژوو. بەرنامەیەکی ئابووری سیاسی داڕێژراوە.

ڕاست ڕەو

کەسە ڕاست ڕەوەکان یان پارت و بزووتنەوە ڕاست ڕەوەکان . بەهەڵگرانی ئەو ڕێبازە سیاسیە دەوترێت کە کەمتر خۆیان لەقەرەی گۆڕانکاری بنچینەیی دەدەن و هەوڵ دەدەن سیستەمە کۆنەکان وەکو خۆیان بمێننەوە. بەلام چاکسازیان تێدا بکرێت و جوانکاریان بۆ بکرێت و هەوڵی گۆڕینی بنچینەیی لە پەیوەندیە چینایەتی و ئابوریەکان نادەن. هەروەها هەڵگرانی ئەم تێزە لە سیاسەت کردن زۆرجار داوای دەستوەردان لە ژیانی کۆمەڵگادا دەکەن بۆ پاراستنی نەریتی کۆمەڵگا. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی چەپ کە داوای سەپاندنی یەکسانی لە نێوان ئەندامانی هەمان کۆمەڵگادا دەکات. هەروەها پارتە ڕاست ڕەوەکان داوای بەهێزکردن و پتەوکردنی هەیکەلی سیستمی ئێستا دەکەن. پێچەوانەی باڵە چەپەکان کە داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکەن. بۆ یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا.

هەڵگرانی بیری ڕاست ڕەوی لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابووریەوە: باوەڕیان بە نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان هەیە. نەک نایەکسانی لە تواناکان. بەڵکو نایەکسانی ئابووری و کۆمەلایەتی. و دەڵێن ئەم نایەکسانییە شتێکی سروشتییە و تەنانەت ئایینەکانیش پشتیوانی ئەم نایەکسانییە دەکەن.

ناوی چەپ و ڕاست لە چیەوە هاتوە؟

ساڵی ١٧٨٩ لەسەرو بەندی شۆڕشی فەرەنسادا ئەندامانی پەرلەمانی ئەو وولاتە لەسەر داهاتوی سیاسی وولاتەکەیان بوونە دووبەشەوە. لە کۆبونەوەیەکی پەرلەماندا بۆ ساغکردنەوەی ئەو بابەتەی کە سیستەمی پاشایەتی لەفەرەنسادا هەر وەکو خۆی بەتەواوی دەسەڵاتەکانیەوە بمێنێتەوە. بەڵام پاشا گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا بکات. یان سیستەمی پاشایەتی لە بنچینەوە هەڵتەکێنرێ و سیستەمێکی پێشکەوتو جێگەی بگرێتەوە.

بۆ دەنگدان لەسەر ئەو بابەتە. ئەوانەی خوازیار بوون کە پاشا بەتەواوی دەسەڵاتەکانیەوە بمێنێتەوەو گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستەمی دەسەڵاتدا نەکرێت. چوونە لای ڕاستی سەرۆکی پەرلەمانەوە وەستان. ئەوانەشی کە خوازیار بوون سیستەمی سیاسی وولات لە بنچینەوە بگۆڕێت. چوونە لای دەستی چەپی سەرۆکی پەرلەمانەوە وەستان. ئیتر لەو مێژووە بەدواوە. ووشەی ڕاست و چەپ بوو بە ناسنامەی ئەو دوو ڕێبازە سیاسیە جیاوازەی کە ئێستا بە ڕاست ڕەوو چەپ ڕەو ناسراون.

سەرچاوە:

* فەرهەنگی زانستی سیاسی. دانراوی ئەحمەد شەبانی،دانشگاهی کوردستان،سنە
* مجتمع لازم تفهم،مدونة عربية مصرية
* وێب سایتی الموضوع
* مرکز النبأ الوثائقي
* ماڵپەڕی(اطلس المعرفه)

د.کامەران محەمەد

بەشی دووەم

ڕۆڵی هەتیو لە مێژوودا

هەتیو وەک ئەدیب

ئەگـەر ئـەدەب هونەرێـک بێـت لـە هونـەرە جوانـەکان و ڕەنگدانـەوەی دیمەنێـک بێـت لـە دیمەنەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی! یـان وێنەیـەک بێـت دەربـارەی واقیعـی کۆمەڵایەتـی بـە تـەواوی ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی وەک سـایکۆلۆجی و فیکریـی و ماددیـی و ...تـاد! یـان ئـەو ڕۆشـناییە بێـت کـە تیشـکەکانی دەخرێتـە سـەر ناڵاندنێکی دیاریکـراو و سـەرنجی کۆمەڵـی بـۆ ڕادەکێشـرێت و دواتـر چارەسـەرە ڕیشـەییەکانی بـۆ دەدۆزرێتـەوە! یـان ئەگـەر ئـەدەب ئاوێنەیـەک بێـت، بـۆ هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە کۆمەڵگـەدا دروسـت دەبـن و ڕەنگدانـەی کێشـە زیندووەکانـی کۆمـەڵ بێـت! ئـەوا ڕەنگـە کەسـایەتی منداڵێکـی هەتیـووی بێبـەش لـە سـۆز و خۆشەویسـتی، چاودێـری و سەرپەرشـتیکردن، گرنگیپێـدان و ...تـاد، لـە تـەواوی مرۆڤەکانـی تـر باشـتر واقیـع و ڕاسـتییەکان وەک خۆیـان ببینێـت! هـاوکات لەلایەکـەوە ئەگـەر تـاڵاوی ژیـان و نەهامەتییـەکان و

خەمەکانی ڕۆژگار ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستبوون و پێگەیاندنی کەسێتیی ئەدیبدا ببینن! ئەوا ڕەنگە لەمەشدا هەتیووەکان هەر پشکی شێریان بەربکەوێت. چونکە هەر لە قۆناغێکی سەرەتایی ژیانییانەوە شان دەدەنە بەر قورساییەکانی ژیان و لەگەڵ نەهامەتییەکاندا هاوڕێیەتی پەیدا دەکەن! لەلایەکی تریشەوە ئەگەر خۆشەویستی ڕۆڵی گرنگ لە دروستبوونی ئەدیبدا بگێڕێت. ئەوا بەهەمانشێوە کەسێتیی هەتیوو هەر زوو لەو خۆشەویستییە بێبەش دەبێت و دەیەوێت، بەهەرشێوەیەک بوویێت، بەدەستیبهێنێتەوە! ئەمە لەکاتێکدا زۆر بەڕوونی و بێ پەردە بەهەمموو ئەو دڵڕەقییانە ئاشنا دەبێت. کە (کۆمەڵ) بێ دەمامک بەرانبەریان ئەنجامی دەدەن! واتە ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەین – بەشێوەیەکی گشتی نەک ڕەها- ئەگەر بڵێین زەمینەکانی بوونە ئەدیب لە پانتایی هەتیووێتیدا لە هەمموو پانتاییەکانی تر باشتر گەشە دەکات! یان دەتوانیین بڵێین ئەو ئەدیبەی بەهەتیوێتی گەورە دەبێت. لە ڕووی (وردیی) و (قوڵیی) و (ئاست) و ...تاد. لەو ئەدیبانە پێگەیشتووتر دەبن کە هەتیوو نەبوون!

١- جاحظ
ئینسایکلۆپیدیای سەردەمی خۆی:

ناوی تەواوی ئەبو عوسمان (عەمرو ئیبن بەحر ئەلجاحظ)ە. لە ساڵی (**159**ک) لە بەسرە و بە هەتیوویی و هەژاریی لەدایک بوو. هاوکات زۆرینەی خەڵکی بە نازناوی (ناشرین) بانگیان دەکرد! بەڵام ڕۆح سوک و قسەخۆش بوو و حەزێکی زۆری لە گاڵتە و گەپ دەکرد. هەر لە منداڵییەوە حەزی بە فێربوونی زانست کرد و قورئان و لەبەرکردنی و ڕێزمانی زمانی عەرەبی

لای مامۆستاکانی ناوچەکەی خۆی فێربوو. بەڵام بەهۆی هەژارییەکەیەوە نەیتوانی خۆی بۆ خوێندن تەرخان بکات. بۆیە بە ڕۆژ دەست بە نان و ماسی فرۆشتن دەکات و بە شەویش دەچوو بۆلای ئەو کەسانەی کە کتێبیان هەیە تا بخوێنێتەوە! بۆیە هەر لە منداڵییەوە ئاگادارییەکی باشی دەربارەی ڕۆشنبیری فارسی و یۆنانی و هندی هەبوو! تەنانەت زۆرجار لەگەڵ خودی وەرگێڕی ئەو کتێبانەدا دەکەوتە گفتووگۆوە!

سەرەتا لای (الاصمعی) و ئەبو عوبەیدە و ئەبو زەیدی ئەنساری زمان و ئەدەبی عەرەبی دەخوێنێت. لەسەر دەستی ئەخفەش (الاخفش) یش نەحو دەخوێنێت. لای هەردوو زانا (ئیبراهیم بن سەیار بن هانی الناظم البصری زانستی کەلام دەخوێنێت. (من هو جاحظ اراجیز) ئەو حەزێکی لە ئەندازەبەدەری بۆ خویندنەوە هەبوو. بۆ نموونە (یاقوتی حەمەوی) لە (ئەبی هەفان) ەوە کە هاوسەردەمی جاحظ بووە. دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی:" هەرگیز نە بیستوومە و نە کەسێکم بینیوە وەک جاحظ کتێب و زانستەکانی خۆشویستبێت. ئەو هەر کتێبێکی

بەردەست کەوتبێت. هەرچۆنێک بووبێت، خوێندوویەتییەوە. بۆیە نامۆ نییە لە نووسینەکانیدا چەندەها بەشی بۆ کتێب و سوود و زیانەکانی تەرخان کردووە".

دواتر بە ناوی(الجاحظ)ەوە دەناسرێت، کە واتای (چاو هەڵتۆقیو) دەگەیەنیت! ئەمەش لەبەر ئەوەی چاوەکانی هەڵتۆقیوبوون و خۆی ئەم نازناوەی پێناخۆش بوو و داوای لە خەڵکی دەکرد بەناوی خۆیەوە (عەمرو) یان (ئەبو عوسمان) بانگی بکەن. بۆیە تا پیریش بوو ڕقی لەم نازناوە بوو! بەڵام کە تێبینی ئەوەی کرد، خەڵکێکی زۆر لە جیهانی سەردەمی خۆیدا بەم ناوەوە دەیناسن و بەشێکی زۆریان ناوە ڕاستەقینەکەی نازانن! بۆیە خۆی بەدەستەوە دا و دواتر خۆی بە (جاحظ) ناساند!

جاحظ بەیەکێک لەدیارترین ئەدیبەکانی سەردەمی عەباسی دادەنرێت. کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی جێهێشت. تیکەڵێکی گەورەبوو لە وزە زانستی و هونەرییەکان، کە دونیای پڕ کرد و خەڵکی بە بەهرە و لێهاتووییەکانییەوە سەرقاڵ کرد! ئەو عەقڵەکانی دەکردەوە و چێژی بە گوێیەکان دەبەخشی و خەمی دڵەکانی بەبادەدا!

ئەو زۆر لێهاتووانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی و ململانێکان بڕەوی بە پەیڤین و گفتوگۆکردن دەدا! ئەمەش لە زۆرینەی کتێبەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. تەنانەت نزیکەی بەرگ و نیوێکی کتێبی (الحیوان) بریتییە لە پەیڤینی خاوەن سەگ و خاوەن کەڵەشێرێک! ئەم پەیڤینەش بۆ گوزارشتکردن لەو دوژمنایەتییە بوو، کە لەنێوان هەردوو ڕەوتی عەرەبێتی و شعوبێتی! لە ئارادا بوو! بۆیە دوو ناویشی لە گەورە زاناکانی زانستی کەلام هێنابوو. ئەوانیش (ئەبو ئیسحاق ئەلنظام) و (معبد) بوون. وایلێکردبوون یەکێکیان بەرگری لە سەگ و ئەویتریشیان لە کەڵەشێر بکات. بۆ ئەمەش ڕاکانیانی هێنابوو! تەنانەت کەسێکی وەک تەوحیدی لە (پەیڤین) دا چاوی لە جاحظ کردبوو. هاوکات دەیگوت" ئەگەر بە قوڵی لە کاروباری مرۆڤەکان وردبیتەوە، ئەوا دەبینیت ئەوکەسانەی کە گرنگییەکی زۆر بە هەڵەی کەسانی تر دەدەن، ئەوانە خۆیان نەنگییەکانیان زیاترە!"

ئەو لە ڕووی فکرییەوە موعتەزیلە

جاحظ بەرهەمگەلێکی

زۆری پاش خۆی

بەجێهێشت، کە

دەگوترێت زیاتر لە (370)

کتێب بووە! زۆرینەیان

دەسنووسن و تا ئێستاش

چاپ نەکراون.

بــوو، واتــە عــەقڵــی لەســـەرو هەمـــوو شـــتێکەوە دادەنــا و بــە جیاکـــەرەوەی نێـــوان پرســـەکانی دادەنـــا! هـــاوکات بڕوایەکـــی پتـــەوی بـــە (گومـــان) وەک ڕێگەیـــەک بـــۆ گەیشـــتنە یەقیـــن هەبـــوو. ئـــەو کەســـێک بـــوو کـــە دارای مەعریفەیەکـــی فـــراوان بـــوو.

بـــە هەمانشـــێوە ئەدیبێکـــی بلیمـــەت و زانایەکـــی بـــواری زانســـتی کـــەلام و ڕۆچـــوو لـــە مێـــژوو و فەلســـەفەدا بـــوو! هـــاوکات گرنگیشـــی بـــە زیندەوارزانـــی و ڕووەکناســـی دەدا!

جاحـــظ بەرهەمگـــەلێکـــی زۆری پـــاش خـــۆی بەجێهێشـــت، کـــە دەگـــوترێـــت زیاتـــر لـــە (370) کتێـــب بـــووە! زۆرینەیـــان دەســـنووســـن و تـــا ئێســـتاش چـــاپ نەکـــراون، لـــە بەناوبانگتریـــن کتێبەکانیشـــی بریتیـــن لـــە: (البیـــان التبیـــن) لـــە چـــوار بەرگـــدا و (کتـــاب الحیـــوان) لـــە هەشـــت بەرگـــدا و (البخـــلاء) و (المحاســـن و الاضـــداد) و (البرصـــان و العرجـــان) و (التـــاج فـــی اخـــلاق الملـــوک) و (الامـــل و المامـــول) و (التبصـــرة فـــی التجـــارة) و (البغـــال) و (فضـــل الســـودان علـــی البیضـــان) و رســـائل الجاحـــظ).

لـــە کۆتاییەکانـــی تەمەنیـــدا نەخۆشـــی تەنگـــی پێهەڵچنـــی و تووشـــی نیـــوە ئیفلیجبوونێـــک بـــوو: بـــەلام ئـــەوە هـــۆکاری مردنەکـــەی نەبـــوو! بەڵکـــو زانســـتەکەی هـــۆکارە ڕاســـتەوخۆکە بـــوو! ئەوەبـــوو ڕۆژێـــک لـــە ڕۆژەکانـــی مانگـــی موحەڕەمـــی ســـاڵی (255ک) کـــە بەتەنهـــا و بـــە خشـــکەیی بەنـــاو کتێبەکانیـــدا کـــە لەســـەر یـــەک هەڵچنرابـــوون، دەگـــەڕا و کتێبـــە قـــەوارە گەورەکانـــی بەســـەریدا ڕوخـــان و گیانـــی لەدەســـت دا!

لـــە کۆتاییـــدا دەتوانیـــن بڵێیـــن گـــەر بمانەوێـــت پـــەی بـــە مـــرۆڤ ببەیـــن، ئـــەوا نووســـینەکانی جاحـــظ زۆر بەروونـــی و بـــێ پـــەردە وێنـــە جیـــاواز و جۆراوجۆرەکانیمـــان پێشـــکەش دەکات!

بیرەوەرییەکانی مستەر همفر

بەشی کۆتایی

بەرزان عەباس بەدری

چەند فەرمانێکی نهێنی بەمەبەستی وێرانکردنی ئیسلام

بەرپرسی ئەو دەزگایەی کە کارم بۆ دەکردن نهێنیەکی دیکەی بۆخستمە ڕوو، ئەمەش تەواو دوای ئەوەهات کاتێک سەرەنجی ئەوەی دابوو کە دوای ئاشکراکردنی نهێنی یەکەم زۆر بەتاسەوە چاوەڕێی ئەوەبووم ئەم نهێنیەشم بۆ ئاشکرا بکات، نهێنی دووەم نوسراوێکی ورد و دەتوانم بڵێم وەک دۆکۆمێنتێک بوو، خۆی لە پەنجا لاپەڕەدا دەبینیەوە، لەو نوسینانەدا بە وردی باس لەو ڕێکار و پلانانە کراوە کەمەبەست لێی وێران کردن و پارچە پارچە کردنی ئیسلام و مسوڵمانانە لەماوەی یەک سەدەدا، مەبەست لەم پلانانە ئەوەیە تاکو چیتر ئیسلام گرنگیەکی ئەوتۆی نەمێنێت وەک هەرسەردەمێکی ئاسایی باسی لێوە بکرێت، ئەو نەخشە ڕێگایەی کە بەرپرسەکەم پیشانی منی دا بەهەمان شێوە بۆ بەرپرسانی باڵای تایبەتمەند بەم کەیسەی ناردبوو بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، گرنگترین ئەوبابەتانەی کە پێویستە بەوپەڕی نهێنیەوە کاری لەسەر بکرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک دزەی پێ بکرێت بۆناو مسوڵمانان خۆی لە چوارده بەند و برگەدا دەبینیەوە کە ئەمانەن

١-هەماهەنگیەکی باش لەگەڵ قەیسەرەکانی (ڕوسیا) بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچەو شارانەی کەدەکەوێتە ژێر هەژموونی ئیسلامەوە وەک (بوخارا، تاجیکستان، ئەرمینیا، خراسان،هتد...) بەم

شێوەیە ئەو ناوچانەی دەکەوێتە نێوان عوسمانیەکان و ڕوسیا دەکەوێتە ژێر هەژموونی خۆمان.

٢-هەماهەنگیەکی تۆکمە وبەهێز لەنێوان فەرەنسا و ڕوسیا دروست بکەین. مەبەست لەم هەماهەنگیە داڕشتنی پلانێکی ورد بێت بۆ وێرانکردنی ئیسلام لە ناوەوە و دەرەوەدا

٣-دروستکردنی پشێوی و ئاژاوە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی. ئەوەش لەڕێگەی خۆشکردنی ئاگری تایفی و دەمارگیری لەنێوان هەردوولادا. هەروەها ئاشوب نانەوە لەنێوان ئەو هۆزو تیرانەی کەدراوسێی یەکترن. بەهەمان شێوە دروستکردنی دوو بەرەکی لەنێوان ئەو نەتەوانەی لە ژێر چەتری ئیسلامدا دەژین وەهەروەها زیندوو کردنەوەی ئەو مەزهەب و بیرو بۆچونە کۆنانەی کەپێشتر کاریان لەسەر کردووە.

٤-کارکردن لەسەر دابەشکردنی هەندێک ناوچە کە لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامدایە بەو کەس و لایەنانەی کە مسوڵمان نین. بۆ نمونە (یەسریب) بدرێت بە (جووەکان). (ئەسکەندەریە) بدرێت بە (کریستیانەکان). (یەزید) بدرێتر بە (زەردەشتیەکان). (عەمارە) بدرێت بە (سائیبەکان). (کرمانشاه) بۆ (کاکەییەکان). (موسڵ) بۆ (یەزیدیەکان). (کەنداوی فارس-عەرەب) بۆ (هیندەکان) دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر خێزان و

بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و بێ ڕەوشتی لەنێوان مسوڵمانان، ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی دیاردەی (زینا) و (هاوڕەگەزبازی) و خواردنەوەی مادە کحولیەکان، قومار، ئەمەش بەوکەسانە دەکرێت کە پێشتر لەم ناوچانەدا ژیاون و هەڵگری ئەو ئاینانەی کە پێش هاتنی ئیسلام ڕۆڵ و دەسەڵاتیان هەبووە و ئەبێت بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکاری بکرێن.

هاوڵاتی هیندی دەهێنرێت بۆ ناوچەکە. هەروەها (تەرابلوس) بۆ(درووزەکان) (قارس) بۆ (عەلەویەکان) .(مەسقەت) بۆ(خەواریجەکان)!! پێویستە بە وردیش کار لەسەر ئەم چین و توێژانە بکرێت و لەهەمان کاتدا لەڕوی دارای و چەک و پلاندانان و شارەزاییەکانمان هاوکارییان بکەین لەکۆتایشدا دەبن بە هۆکارێکی کاریگەر و سەرەکی بۆ ڕوخاندنی ئیسلام. ئەمەش دوای ئەوەی ناوچەی دەسەڵاتیان فراوان دەبێت.

٥-پلان دانان بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لەوناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی بەمەبەستی دروستکردنی چەندین دەسەڵات و حکومەتی خۆجێیی، بەهەمان شێوەی کە لەهندستان هەیە.

٦-دروستکردنی چەند ڕەوتێک و بیروڕا بەناوی ڕیفۆرم و نوێگەری لەجەستەی دەسەڵاتی ئیسلامی، بەشێوەیەک لەگەڵ هزر و بیری کەسانی عەوامدا بگونجێت. بۆنمونە دروستکردنی چەندین ڕەوت بەناوی نوێگەری لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی شیعەکاندایە. ڕەوتێک بۆ لایەنگرانی (حسێن کوڕی عەلی). لەلایەکی ترەوە بۆ لایەنگرانی (جەعفەر سادق). باوەڕدارانی دەرکەوتنەوەی (مەهدی). بەهەمان شێوە لایەنگرانی (عەلی ڕەزا) کەیەکێکە لە ئیمامە خۆشەویستەکان لەلای شیعە مەزهەبەکان. لەهەمان کاتدا بەپیرۆز

کردنی ئەو ناوچانەی کە تیایدا نێژراون. حسێن لە (کەربەلا)، جەعفەر لە (ئەسفەهان)، مەهدی لە (سامەڕا)، عەلی ڕەزا لە (خوراسان). سەبارەت بە چوار مەزهەبەکەی سوننە دەبێت بە شێوەیەک کاریان لەسەر بکرێت، هەریەکیان خۆی بە شایستە تر بزانێت لەوی تر، هەروەها کار لەسەر ئەوە بکرێت دووبەرەکی لەنێوانیان دروست بکرێت هەتا ئەو ئاستەی خوێنی یەکتر بڕێژن. لەلایەکی ترەوە کاربکرێتە سەر گومانکردن لە هەر نوسین و فەتوایەک کەلەلایەن هەریەکیانەوە دەربچێت. هەتا ئەو ئاستەی هەر لایەنێک ئەوی تر بە گومڕا و کافر ناوزەند بکات شەرعیەت بە پاکتاوکردنی یەکتر بدەن.

٧-بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و بێ ڕەوشتی لەنێوان مسوڵمانان. ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی دیاردەی (زینا) و (هاوڕەگەز بازی) و خواردنەوەی مادە کحولیەکان. قومار. ئەمەش بەوکەسانە دەکرێت کە پێشتر لەم ناوچانەدا ژیاون و هەڵگری ئەو ئاینانەی کە پێش هاتنی ئیسلام ڕۆڵ و دەسەڵاتیان هەبووە و ئەبێت بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکاری بکرێن.

٨-دروستکردن و دانانی کەسانی گەندەڵ و بێ ئەزموون لەسەر کورسی دەسەڵات. بەتایبەتی ئەو کەسانەی نزیکن لەدەزگاکەمان و دەتوانرێت بە ئاسانی ئەو مەرام و پلانانەی دایدەڕێژین بۆمانی جێ بەجێ بکات. ئەگەر توانراش ئەو کەسانەی بەرواڵەت مسوڵمانن و لە ناخەوە هیچ سۆزێکیان بۆ ئیسلام نیە بتوانین کاریگەریان لەسەر دروست بکەین بەهەمان شێوە دەتوانین بە زۆریەی ئامانجەکانمان بگەین!

٩-ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی زمانی عەرەبی بەپێی تایبەت مەندی هەر ناوچەیەک و کارکردن لەسەر مانەوەو فراوانکردنی ئەو زمانانەی کە ناعەرەبین. بۆ نمونە (سانس کرێتی، فارسی ، کوردی، پشتوو، هتد...) لەهەمانکاتدا زیندووکردنەوەی ئەو زمان و دیالێکتانەی کە بەزەبری هێز خەریکە لەناو دەبرێن. هەروەها کاربکرێت بۆ دابڕینی عەرەبی زمانەکان لە زمانە ڕەوانەکەیان کە ئەویش زمانی (قورئان)ە.

١٠-ڕواندنی کەسانی نزیک لەخۆمان لەچوارچێوەی دەسەڵاتداران و گەیاندنیان بە پلەی ڕاوێژکار بۆیان. لەم ڕێگەیەشەوە دەزگاکەمان دەتوانێت ئاگاداری هەموو وردەکاریەک بێت کە دەگوزەرێت. لەلایەکی ترەوە پێویستە سوود لەو کۆیلەو کەنیزەکانە وەر بگیرێت کە نزیکن لە دەسەڵاتدارانەوە. بەتایبەت ئەوانەی بەهرەدارن و زیرەکن. هەروەها پێویستیشە لەلایەن دەزگاکەمانەوە بەوردی مەشقیان پێ بکرێت و نزیکتریان بکەینەوە لەدەسەڵاتداران و منداڵەکان و هاوسەرەکانیان. بەم شێوەیە بەرە

بەرە دەسەڵاتداران بەشێوەیەکبن لەژێر هەژموون و بیروڕاکانیان لابدەن و وەک بازنێک بن لەدەستدا.

١١-فراوانکردنی بیروڕای ئاینی کریستیانی لە سەرجەم جومگوکاندا، بەتایبەت لە نێو ژمێریاران و پزیشکان و ئەندازیاران، هەتا ئەو ئاستەی خۆیان داوابکەن کڵێساو ناوەندی خوێندن بۆ کریستیانەکان دروست بکرێت، هەروەها دامەزراندن و دروستکردنی ڕێکخراوی خێرخوازی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەو ناوچانەی کە ئیسلام دەسەڵاتدارە، لەلایەکی تریش کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی کە باس لەچاکە و ئامۆژگاری مەسیح دەکات بەشێوەی بێ بەرامبەر و گرنگیدان بەمێژووی مەسیحیەکان و مسوڵمانان، ڕواندنی سیخوڕ لە ناو پەرستگاکان بەناوی پیاوی ئاینی و ڕاهیبات بەمەبەستی ئاسانکاری جموجۆڵی کریستیانەکان بۆ ئەوەی چاودێری هاتوچۆی مسوڵمانکان و بارودۆخیان بن. پێویستیشە (سوپا)یەک دروست بکریت بۆ شێواندنی مێژووی مسوڵمانان و بێ نرخ کردنی کتێبەکانیان.

١٢-دروستکردنی گومان لەلای گەنجانی کچ وکوڕی موسوڵمان بەشێوەیەک گومان بکەن لە ئاینەکەیان وتێکدانی داب ونەریتیان لەڕێگەی خوێندنگاکانیانەوە وبڵاوکردنەوەی کتێبی نامۆ بە کۆمەڵ وکردنەوەی (یانە)لەلایەن ئەوهاوڕێیانەیان

کەموسولْمان نین .هەروەهابابەتێکی گرنگی تر هەیە پێویستە کاری لەسەر بکریت .ئەویش دروستکردنی چەند ڕێخراوێک کە بەنهێنی لەلایەن گەنجانی جوویان کرستیان سەرپەرشتی بکرێت بەمەبەستی فریودان وبەلاڕێدابردنی گەنجانی موسولْمان بەهەمووشێوەیەک .

١٣-هەڵگرساندنی شەڕودووبەرەکی وشۆڕش لەناوخۆولەدەرەوەی سنوورەکان لەنێوان موسولْمانان و ئەوانەی موسولْمان نین .بەتایبەت کارکردن لەسەر تێکدانی تەبایی ویەکیەتی نێوان موسولْمانان هەتائەوئاستەی بەتەواوی دەپوکێنەوە وبیر لەپێشکەوتن ویەکگرتووی نەکەنەوە .بەم شێوەیەش لەڕووی هزرو بیرکردنەوەی ئەرێنی زەبرێکی باشیان لێدەدرێت .لەڕووە داراییەکەشەوە ئەوەندەی ترمایە پوچ دەبن .بەم شێوەیە گەنجەکانیان وبەهرەدارەکانیان وولات بەجێ بهێڵن .ئەوەش دەبێتە فاکتەرێک بۆپشێوی وناسەقامگیری زیاتر لەنێوانیاندا.

١٤-وێرانکردن وڕوخاندنی هەمووسەرچاوە ئابوری ودارایەکان .لەوانە کشتوکاڵ وبژێوی ژیان وڕووخاندنی بەنداوەکان ووشک کردنی ڕووبارو سەرچاوە ئاویەکان .بڵاوکردنەوەی بێ کاری ئەمەشیان ڕێگایەکی ترە بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری .کارکرن لەسەرکردنەوەی ئەوشوێنانەی زیاتر سەرقاڵی بێ کارەکان دەکات .هەتا ئەوئاستەی بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەفیون

ڕووخاندنی (کەعبە) بەناوی ئەوەی بۆتە جێگەی (شیرک) بۆخودا دروستکردن نەک پەرستنی خودا، لەلایەکی دیکەوە خەڵک بترسێنن بەوەی ئەگەر بێت وسەردانی مکە بکەن لەلایەن هۆزەکانی نزیک ئەوناوچەیە هێرشدەکرێتە سەریان ودوای ئەوەی شتومەکەکانتان بەتاڵان دەبەن دەشتان کوژن .

ومادده‌ی هۆشبه‌ری تێدا بفرۆشرێت ئه‌م چه‌ندخاڵه‌ی له‌سه‌ره‌وه ئاماژه‌مان پێدا به‌شێوه‌یه‌کی ورد ترو به‌شێوه‌ی نه‌خشه ودانانی وێنه‌ی هه‌ندێک له‌ناوچه‌کان خرابووه‌ناو به‌رنامه‌ی کاری ده‌زگاکه‌مانه‌وه.

سێیه‌مین گه‌شتم بۆعێراق

به‌م شێوه‌یه سپاسی به‌رپرسه‌که‌مم کرد بۆ ته‌واوی ئه‌وزانیاریانه‌ی که له‌ڕێگه‌ی ئه‌ونه‌خشه‌ودیکۆمێنتانه‌ی خستیه به‌رده‌ستم به‌مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ی کاریان له‌سه‌ر بکه‌م وبه‌رچاوڕونتربم .له له‌نده‌ن نزیکه‌ی مانگێک مامه‌وه هه‌تا ئه‌وکاته‌ی فرمانمان له‌لایه‌ن ده‌زگاکه‌مانه‌وه پێکرا بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێمه‌وه بۆ عێراق . به‌م شێوه‌یه به‌رده‌وام ده‌بین له‌قسه کردن ودانوستان له‌گه‌ڵ (محمد الوهاب).هه‌روه‌ها به‌رپرسه‌که‌م فه‌رمانی پێکردم هه‌مووهه‌وڵێک بخه‌مه‌گه‌ڕبۆئه‌وه‌ی کاریگه‌ری له‌سه‌ر دروست بکه‌م .به‌وپێیه‌ی له‌چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌که‌وه زانیاری به‌ده‌ست گه‌یشتووه که‌شێخ باشترین که‌سه که‌پشتی پێ ببه‌سترێت بۆ به‌ده‌ست هێنانی ئامانجی ده‌زگاکه‌مان پاشان به‌رپرسه‌که‌م پێی وتم :

به‌ڕاشکاوی قسه له‌گه‌ڵ شێخ بکه .مه‌به‌ستی (محمد عبدالوهاب) بوو.له‌به‌رئه‌وه‌ی باوه‌ڕپێکراوێکی خۆمان که‌له (ئه‌سفه‌هان)ه .ئه‌ویش به‌ڕاشکاوی قسه‌ی له‌گه‌ڵدا کردووه وشێخ ڕه‌زامه‌ندی ده‌ربڕیوه .به‌مه‌رجێک ئێمه‌ش ژیانی بپارێزین وتوشی هیچ مه‌ترسیه‌ک نه‌بێت له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵات داران وپیاوانی ئاینی وئه‌وکه‌سانه‌ی که بیروڕایان له‌گه‌ڵدا ناگونجێت .به‌تایبه‌ت ئه‌وکاتانه‌ی به‌وپه‌ڕی ڕاشکاویه‌وه قسه‌ده‌کات .له‌لایه‌کی تریشه‌وه پشتگیریه‌کی سه‌ربازیشی بۆدابین بکرێت .هه‌تا ئه‌وساته‌ی ئه‌گه‌ر بوار هه‌بێت (ئه‌ماره‌تێک)ی بچوکی له‌نزیک (نجده)ه‌وه بۆدروست بکه‌ین .له‌به‌رامبه‌ردا ده‌زگاکه‌مان هه‌مووئه‌و

مەرجانەی پێ قبووڵ بوو .ئەم قسانەی بەرپرسەکەم زۆر خۆشحاڵی کردم و نەمدەزانی چۆن گوزارشت لەوهەستە بکەم کە لەناخمدا قوڵپ دەخوات .لێم پرسی ...ئێستا فەرمانت چیە قوربان ؟داوا لەشێخ بکەم چیبکات ؟لەکوێوە دەست پێ بکەم ؟لەوەڵامدا پێی وتم :بۆئەم مەبەستەش دەزگاکەمان پلانێکی وردی داڕشتوە بۆ ئەوەی شێخ ئەنجامی بدات .ئەوەش خۆی لەم خاڵانەدادەبینێتەوە :

١-کارکردن لەسەر ئەوئامرازانەی کەوادەکات هەرموسوڵمانێک لەو (ئامۆژگاری)وقسانەی کە شێخ دەیکات دەرچێت بەکافر لەقەڵەم بدرێت ودەستبەجێ لەسێدارە بدرێت دەست بەسەرماڵ ومولک و خێزانیدا بگیردێت وهەرزان بازاڕبکرێت .کوڕەکانیشیان مامەڵەی کۆیلە وکچەکانیشیان وەک کەنیزەک دەستبەسەربکرێن.

٢-ڕووخاندنی (کەعبە)بەناوی ئەوەی بۆتە جێگەی(شیرک)بۆخودا دروستکردن نەک پەرستنی خودا .لەلایەکی دیکەوە خەڵک بترسێنن بەوەی ئەگەر بێت وسەردانی مککە بکەن لەلایەن هۆزەکانی نزیک ئەوناوچەیە هێرشدەکرێتە سەریان ودوای ئەوەی شتومەکەکانتان بەتاڵان دەبەن دەشتان کوژن .

٣-هەوڵدان بۆ یاخی بوون لەدەسەڵات وخەلیفە.هەتا ئەو ئاستەی گوشاریان لەسەر دروست بکەین و تەنانەت بەشوازێک لە شێوازەکان پرچەکیان بکەین سوپایان

ڕوخـــاندنی زۆرترین مەزارو مـــــزگەوت وئەو شوێنانەی لای موسوڵمانەکان پیرۆزە، ئیدی چ لەمـــەککە بێت یان مەدینە یان هەرناوچەیەک لەژێر هەژمونی موسوڵمانان وەدەسەڵاتەکایان بێت

بـۆ دروسـت بکەیـن .هەروەهـا پێویسـتە بەرەنـگاری (پیاوماقولانـی حیجاز)بکەیـن . بەومەبەسـتەی هەژموونـی دەسـەلاتیان کـەم بکەینـەوە ..

٤-ڕوخاندنـی زۆرتریـن مـەزارو مزگـەوت وئەوشـوێنانەی لای موسـوڵمانەکان پیـرۆزە. ئیـدی چ لەمەککـە بێـت یـان مەدینـە یـان هەرناوچەیـەک لەژێـر هەژمونـی موسـوڵمانان ودەسـەلاتەکایان بێـت . بەوبیانووەی لەئێسـتادا ئەوشـوێنانەی لەبری ئـەوەی خوداپەرسـتی تێدا بکرێـت بونەتـە شـوێنێک بۆدروستکردنی(شـیرک-هاوبەش بۆ خـودا) ئەمـەش بـێ ڕێزیـە بـە کەسـایەتی و مێـژووی پێغەمبـەر و جێگرەوەکانـی و هاوەڵەکانـی .

٥-بلاوکردنـەوە ی پشـێوی وکاری تیرۆرسـتی بەپێـی تایبەتمەنـدی هەرناوچەیـەک و دەسـەلاتێک .بەمەبەسـتی تێکدانی شـیرازە و دروسـکردنی دڵـە ڕاوکـێ.

چاپکـردن وبلاوکردنـەوەی قورئـان بەدەسـکاریەوە. واتـا زیادکـردن ولابردنـی هەندێـک ئایـەت.

پاشـان بەرپرسـی دەزگاکـە جەختـی لەبابەتێکـی هەسـتیار کردەوەوپێـی وتـم ..ئـەم نەخشـەوپلانەی کەدامـان ڕشـتووە دەبێـت هەموونگەکانـی و وردەکاریەکانـی بەهەنـد وەربگیرێـت .لەبەرئـەوەی ئـەم پرۆژەیـە پرۆژەیەکـی دوورمەودایـە ونەوەکانـی دوای ئێمـە بـرەوی پێـدەدەن .وەک ئاشکراشـە لای هەمـووان شانشـینەکەمان وحوکومەتەکەمـان بەوەناسـراوە کەنەفەسـیان درێـژەو پەلەیـان نییـە بۆگەشـتن بـەو ئامانجانـەی مەبەسـتمانە .هەروەهادەبێـت کەسـایەتی (محمـد عبدالوهاب)بەشـێوەیەک کاری لەسـەر بکرێـت کـە هیـچ کەمترنەبێـت لـە کەسـایەتی (محمـد)ی پێغەمبـەر بەوشـێوەیەش دەتوانیـن وەچەرخانێکـی گـەورەد رووسـت بکەیـن .

دوای ئـەوەی ماڵئاوایـم لـە دەزگاکەمـان وبەرپرسـەکەمان وخانـەوادە وهاوڕێکانـم کـرد توشـی دڵتەنگیەکـی سـەیرهاتم .بەتایبـەت لەکاتـی چونـەدەرەوە لەماڵـەوە منداڵـە بچوکەکـەم پێـی وتـم باوکـە تکایـە زوو بگەڕێـرەوە .خۆمـم پـێ نەگیـراو چـاوم پڕلـە فرمێسـک بـوون وبەتونـدی باوەشـم بەهەردووکیانـدا کـردوو بەگەرمـی ماچـم کـردن .بـەم شـێوەیە ملـی ڕێگـەم گرتەبەروبـەرەو عێـراق بـەڕێ کەوتـم .دوای ماندوبیەکـی زۆر گەشـتمە (بەسـڕە). کاتێـک گەیشـتمە بەسـڕە شـە وبـوو چـوم بۆماڵـی (عبـد الرضـا)لەوکاتـەدا خەوتبـوو .کاتێـک منـی بینـی بەگەرمـی پێشـوازی لـێ کـردم .ئەوشـەوە هەرلـەوێ مامـەوە بەیانـی لەخەوهەسـتام پێـی وتـم :شـێخ محمدعبدالوهـاب پێـش چەنـد ڕۆژێـک گەڕاوەتـەوە بۆبەسـرە و نامەیەکـی بۆجـێ هێشـتووم وداوای لـێ کـردوم بیـدەم بەتـۆ هەرهەمـان ڕۆژیـش بەسـڕەی بەجـێ هێشـتوە و نامەکـەم خوێنـدەوە

باس لەوە دەکات کە بەرەو (نجد)بەڕێ کەوتووە وبۆماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە .هەروەها ناونیشانی خۆی بۆنوسیوم بۆئەوەی هەرکاتێک بچم بۆ(نجد) لای ئەو بمێنمەوە منیش هەرهەمان ڕۆژ بەسەرەم بەرەو (نەجد) بەجێهێشت ودوای ماندووبونێک گەشتمە (نجد).دوای ئەوەی گەیشتمە نجد ڕاستەوخۆ چووم بۆماڵی (شێخ عبدالوهاب). کاتێک بینیم توشی سەرسوڕمان بووم .لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو کێشی دابەزی بوو.دوایی پێمزانی هۆکاری ئەولاوازیەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی سێکسی زۆر بەبەردەوامی لەگەڵ خێزانەکەی .هەربۆیە بەپێکەنینەوە پێموت تۆزێک کەمی بکەرەوە .پێویست بوو جۆرە سیناریۆیەک دابڕێژین بۆئەوە ماوەیەکی زۆر لە(نجد) ە بمێنمەوە لەهەمانکات دا سەرنجی خەڵک بەلای خۆمدا ڕانەکێشم .بۆیە بەشێخم ووت ..هەرکەسێک پرسیاری منی لێ کردی پێیان بڵێ ئەم کۆیلەیەم لەبەسرە کڕیوە وئێستا هاتووە بۆئێرە بۆهاوکاریکردنم وخزمەت کردنم .بەم شێوەیە بۆماوەی دووساڵ لەوێ مامەوە وهەموو ئامادەکاریەکمان کرد بۆ ئاشکراکردنی ئەوڕەوتەی ماوەی چەندین ساڵە ئامادەکاری بۆ دەکەین بەم شێوەیە هەتا ساڵی (١١٤٣) کۆچی بەردەوام بووین .ئیدی لەم ماوەیەدا توانرا لایەنگر و پشتیوانی باش کۆبکەینەوە و بەوپەڕی هێزەوە بەچەندین وتاری بەهێزوو وروژێنەر ڕەوتەکەی ئاشکراکرد .بەم شێوەیە هەتا دەهات ناو و ناوبانگی ڕەوتەکە لەگەشەسەندندا بوون .لە لایەکی ترەوە کارمان

بۆ ئـەوە دەكـرد ئەوكەسـانەی تێوەگلابـوون لـەكاری دزی و گـەندەڵـی تاڵانـكاری ئەوانـەش لەخۆمـان كۆبكـەینەوە وبەهەمووشـێوەیەك هاوكاریـان بكـەیـن .مەبەسـت لـەم كارە ئەوەبـوو كـە بەرپەرچـی ئەوكەسـانە بدەینـەوە كـە هێـرش دەكـەنـە سـەریان ودەیانەوێـت لەنـاوی بـەرن .هەندێـك جـار ئـەم بەرهەڵسـتكاریە دەبـووە هـۆی بـێ هیوابوونـی .بـەلام مـن بـەوە دڵنەوایـم دەدایـەوە وپێـم دەوت ورەت نابێـت بڕوخێـت لەبـەر ئـەوەی پێغەمبەریـش لەسـەرەتادا بەتوونـدی هێـرش دەكرایـە سـەری بـەلام وەك دەبینیـت لەئەنجامـدا سـەركەوتووبوو باسـی ئەوەشـم بۆكـرد بەڵـێ ئـەم ڕێگایـەی كـە هەڵیبـژاردووە ڕێگایەكـی سـەخت ودژوارە دەبێـت دان بەخۆتـدا بگریـت وبـەردەوام بیـن لەبـەر ئـەوەی ئەمـە ڕێـگای شـكۆو سـەروەری وچاكسـازی ڕاسـتەقینەیە ودەبێـت بەردەوامبیت.بـەم شـێوەیە بـەردەوام بویـن لەگـەڵ نەیارەكانمـان .بۆیـە بیـرم لەدانانـی سـیخوڕەكردەوە لەنـاو نەیارانـی شـێخ وتوانیمـان بـە پـارە قایلیـان بكـەیـن .بۆئـەم مەبەسـتە هەركاتێـك هەوڵـی ئـەوە بدرایـە كـە پـلان دابنرێـت بـۆ هـەر پشـێویەك وهێرشـێك ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن سـیخوڕكانمان هەواڵمـان بەدەسـت گـەیشـت وهەرلەوێـش پلانەكانمـان پوچـەڵ دەكـردەوە و.جارێكیـان هەواڵـم پێگـەیشـت كەپلانێـك هەیـە بۆتیرۆركردنـی شـێخ .بۆئـەم مەبەسـتەش پلانێكـی تۆكمـەم

بۆدارشـت بۆناشـرینكردنی نەیارانـی شـێخ .بەشـێوەیەك ئامانجەكـەی پێـكاو توانـرا هەسـتو سـۆزی خەڵكێكـی زۆر بـۆلای خۆمـان ڕابكێشـین وپیلانەكەیـان پووچـەڵ بكەینـەوە .شـێخ (محمـد عبدالوهـاب) بەڵێنـی ئـەوەی پێـدام هەمووپیلانـەكان جێبەجـێ دەكات .بـەلام هەندێـك بابەتـی هەسـتیاری بـۆ بـاس كـردم و ووتـی ناكرێـت لەئێسـتادا هەندێـك لـەو بڕگانـە جێبەجـێ بكرێـت كەلەپلانەكـەدا هاتـووە بۆنموونـە ووتـی بەهیـچ شـێوەیەك بیـر لـە ڕووخاندنی (كەعبـە)بكەینـەوە .لەبەرئـەوە یەكێـك لەبابەتـە هەسـتیارەكانەو دەبێتـە هـۆی گوشـاركردنە سـەر هەسـت وسـۆزی خەڵك وبەشـێوەیەكی خـراپ لەسـەریان دەكەوێـت .لەلایەكـی تـرەوە باسـی لـەوە كـرد كـە لەئێسـتادە دەسـت كاری كردنـی قورئـان كارێكـی مەحاڵـە .لەبەرئـەوەی ترسـێكی زۆری هەبوونـەوەك دەسـەلات دارانـی (مككـە)و (ئاسـتانا)بەتوندی ڕووبەڕوویـان بوەسـتنەوە .منیـش پاسـاو بۆچونەكانیـم بەهەنـد وەرگـرت بەوپێیـەی بارودۆخەكـە لەبارنەبـوو بـۆ ئـەو هەنگاوبڕیارانـە .وەك ئـەوەی شـێخ ئامـاژەی پێكـرد .

دوای چەندیـن سـاڵ لەمەشـق وڕاهێنـان دەزگاكەمـان توانـی (محمدبـن سـعود) بـۆلای خـۆی ڕابكێشـێت .ئەمـەش خـۆی بەدەسـكەوتێكی گرنـگ دادەنـرا بـۆ دەزگاكەمـان .بـەم شـێوەیە توانیمـان لەڕێگـەی هـەردوو محمـدەوە واتـا

(محمد الوهاب)و(محمدالسعود)هەروەها لەرێگەیانەوە توانرا هەست و بەسۆزی خەڵک بۆلای خۆیان ڕابکێشن .بەوپێیەی ئەگەر سەیری مێژوو بکەین هەردەسەڵات وحکومەتێک بەرگی ئاین وخوداپەرستی پۆشی بێت ماوەیەکی زۆر لەدەسەڵاتدا ماوەوهەژموونی خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان سەپاندووە .بەم شێوەیەش هەژموونی ئێمەش فراوان بوو بەو پێیەی توانیمان لە ڕێگایانەوە دەسەڵاتێکی پتەو بونیاد بنرێت کەلە بەرژەوەندی ئێمە گور بکات .شاری (الدرعیە)مان کرد بە پایەختی دەسەڵاتەکە .دەزگاکەشمان بەشێوەیەکی نهێنی هاوکاری دەکردن و نەیدەهێشت پێویستیان بە هیچ بێت لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە ئەفسەرە مەشق پێکراوەکانی خۆمانمان خزاندە ناو دەسەڵاتەکەیان .بۆئەوەی بەشێوازێکی باش ئاگاداری جموجۆڵەکانیان بین ژمارەی ئەوانەی کە باوەڕپێکراوبوون. یانزە کەس بوون کەمن یەکێک بوم لەوانە .کاری ئێمە مەشق کردن وڕاهێنان و داڕشتنی نەخشەو پلان بوو. بەم شێوەیە هەردوومحمدەکە لە ژێر کۆنترۆڵ وهەژموونی ئێمەدا بوون وبە پێی ئەو نەخشە ڕێگایەنە دەڕۆشتن کەبۆمان دادەڕشتن .هەنێک جاریش ئێمە گوێمان لەوان دەگرت.بەمەرجێک لەو هێڵانە لانەدرێ کەئێمە ڕامان کێشاوە .لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی هاوسەر گیریمان لەگەڵ کچانیاندا ئەنجام دا.من وەک خۆم زۆرسەرسام بووم بە ئەفرەتی عەرەب لەبەر ئەوەی زۆر بەخزمەت بوون بۆ مێردەکانیان .ئەم پرۆسەیە وای کرد پەیوەندیمان لەگەڵ هۆزەکان پتەوتربێت هەتا دەهات بارودۆخەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەرژەوەندی ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشترو باشتر دەچوو.ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت دەتوانین هەژموونی خۆمان فراوان تروو گەورەتر بکەین لەسەر ئاستی جیهان ودەتوانین ببین بەهێزێک کە هەمووودنیا بەو پەڕی شکۆوە لێی بڕوانێت و نەوەکانی داهاتووش بەرهەمی ماندووبوونی ئێمە بخۆن وئەوانیش بەهەمان شێوە تێبکۆشن بۆ نەوەکانی داهاتوو لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەمان

عومەر ئەحمەد مەرگەیی

ڕووداوە مێژوویەکانی باشوری کوردستان و لکاندنی بە ویلایەتی موسڵەوە :

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لایەنە زلهێزەکانی ئەو کات بەتایبەت « بەریتانیا » کە ئەم وڵاتەی داگیر کردوە. بەدەر لە ویستی خەڵکەکەی، هەوڵیداوە باشوری کوردستان بلکێنێ بەم عێراقەوە هەرخۆشیان ئینگلیزەکان. ئەو وڵاتەیان ناو ناوە «وڵاتێکی دروستکراو» وڵاتێک لە پاش ویلایەتی موسڵ کە نزیکەی «هەشت ساڵ» درێژەی کێشا لە نێوان لایەنەکانی ئەو سەردەمە. ئەنجامەکەی ئەوە بوو باشوری کوردستانیان لکاندوە بەو وڵاتەوە کە لە سێ ویلایەتی « عوسمانی » پێکهێناوە کە ئەویش (بەغداد و بەسرە و ویلایەتی موسڵ)بووە. ئەگەر باس ڕووداوەکانی کوردستان بکەین سەرەتا لە سلێمانیی و پاشان ئەو ناوچەیەی کە میحوەری ئەو ڕووداوانە بووە. بۆ ئەوەی باشتر لە ڕووداوەکان تێبگەین.

دەبێت بزانین عێراق چۆن دروستکراوە و مەلیکیان چۆن بۆ هێناوە؟ یان ڕێککەوتنی عێراق و بەریتانیا چۆن کراوە؟ ئەگەر نەزانین ڕێککەوتنەکانی نەوت چۆن کراوە و ڕۆڵی بەریتانیەکان چۆن بووە؟ ئەگەر نەزانین. پشکی ڕوسەکان چۆن بووە و ڕۆڵی نەیارەکانی ئەوان چۆن بووە؟ ئەگەر نەزانین نفوس و زۆنەکانیان چۆن بووە؟

هەتاکو ئەمانە باس نەکەین ناتوانین خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەوکاتە بکەین.یان سەرۆک هۆزە کوردییەکان. زۆر جار بیستوومانە



کاتێک پەیوەندی بە شێخ مەحمود و ئینگلیزەکانەوە هەبووە. خێرا بڕیار دەدرێت شێخ مەحمود ئاستی دبلوماسی و ڕۆشنبیری سیاسی جۆرێک لە جۆرەکان لاواز بووە. ئەوە بەلای ئێمەوە هەڵەیە. دەتوانین دیوەکەیتری قسەی لەسەر بکەین. یاخود نەتەوەکانی تری ئەم ناوچەیە لە چوار چێوەی دەوڵەتی عوسمانی وەک: ئەرمەن و عەرەب و تورک و هتد.. توانیان سود لەو هەلومەرجە مێژووییەی پاش جەنگ وەربگرن. بە سود وەرگرتن لە بەیانی « بەریتانی - فەرەنسی» کە بڵاویانکردەوە لە ناوچەکە کە مژدەی ئەوەیانداوە وەک ڕزگارکەر هاتوون بۆ گەلانی ئەم ناوچەیە لە ژێر دەستی دیکتاتۆرییەت و زولم و زۆری عوسمانیەکان ڕزگاریان بکەن. بە سود وەرگرتن لەو بەندانەی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا «وردو ویلسۆن» ١٤ بەندی پێشکەش کۆمەڵەی گەلانی ئەوکاتە کرد. لە نێویاندا بەندی ١٢ هەبوو کە مافی ئەوەی دەدا بە گەلانی ژێر دەستی عوسمانی کە حوکمی خۆیان بکەن. زۆربەیان لە دواییدا بوونە حوکمڕانی ناوچەکە. قەوارەی سیاسیان بۆ دروستکرا. ئەوەی کە مایەوە کورد بوو. ئەنجامەکەی بە پێوەلکاندنی بە ولاتێکیتری عەرەبییەوە کۆتایی پێهات. وەک لەوەی ببێتە کیانێکی سیاسی.

ئەو ڕەخنەیە ئاڕاستەی سەرکردایەتی ئەوکاتە دەکرێت. کە کوردەکان لە نێو خۆیاندا. لە باشور و ناوچەکانیتر نەیانتوانیوە ئەو مافە دەستەبەر بکەن. یان دەوترێت یەکگرتوو نەبوون لە نێوخۆیاندا. یاخود دەوترێ بەرژەوەندی

هۆزەگـەری و دینـی.. زۆر بابەتـی تـر زاڵبـووە بەسـەر «ئنتیما»ـی نیشـتمانی، ئـەم تێروانینـەش ڕاسـتە. تێروانینێکیتـر هەیـە پێیـان وایـە بەریتانیـاکان و فەرەنسـیەکان بەرژەوەندییـان وای خواسـتووە. کـە کـورد خـاوەن کیانـی خـۆی نەبێـت. ئـەم بۆچوونـەش ڕاسـتە.

ئینگلیـز هەمیشـە دوو ئارگیۆمێنتـی « Argument» دوو مشـت و مـڕی هەیـە پەنجا بـە پەنجـا ئەگـەر هەردولایەنـی مشـتومڕەکە لێـک بدەینـەوە. پاشـان دادوەریەکـە بـۆ هـۆکارەکان بگێڕینـەوە. ئـەوە بـە تەنیـا حوکمـی شـێخ مەحمـود نادرێـت کـە ئـەم کەمتەرخەمبووبێـت. ئەبـێ ئـەو هەلومەرجـە لەبەرچـاو بگیرێـت کـە شـێخ مەحمـود ڕاپەڕینـی کـردوە. تیـادا سیاسـەتی کـردوە لـە سـلێمانی. دانوسـتاندنی کـردوە لەگـەڵ تورک و بەریتانیـەکان. ئـەوەش دوای ئـەوە دێـت کـە داگیـرکاری هێـزەکان لـە ناوچەکـەدا هەبـوو. کۆنفرانسـەکانی ئاشـتی سـیڤەر لەنـدەن، قوسـطەنتەنیە. پاشـان لـۆزان، هاتنـی لیژنـەکان.. کـە پەیوەنـدی بـە ویلایەتـی موسـڵەوە هەبـووە. پشـکی نـەوت.. ئەمانـە دەبێـت لێکبدرێنـەوە و خوێندنەوەیەکـی وردی بابەتەتیانـە بکرێـت پاشـان دەتوانیـن ئـەو بڕیـارە بدەیـن کـە کـێ پیـاوی ئەو سـەردەمەی خـۆی بـووە. کـێ کەمتەرخـەم بـووە.

دوای ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان ڕوویداوە:

بەریتـــانیەکان پشتیوانی نوێنەری کوردیان کردوە لە شەریف پاشای خەندان بووە لە پاریس، بۆ ئەوەی باکـــووری کوردستان لە ماوەی ٦ مانگدا لیژنەیەک پێکبهێنن و «پرۆژەیەک» پێشکەش بکەن، لە خاڵی کۆتاییدا قەناعەت بە تورک دەکەن کە دەستبەرداری مافی خۆی بێت

بەرەی یەکەم: بەسەرۆکایەتی شانشینی بەریتانیا وەک: ڕووسیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و یۆنان و ئیتالیا و ڕۆما و سربیا و پەرتوگال و بەلەجیکا.

بەرەی دووەم: بەرەی وڵاتانی ناوەند وەک: دەوڵەتانی ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا و دەوڵەتی عوسمانی و بولگاریا. دروست بوو. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بە پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا ناوی دەرکردبوو. چووە ڕیزی وڵاتانی ناوەندەوە. ئەم ناوچەیەش وەک زۆربەی ناوچەکانی جیهان بووە شەڕو نائارامی. لە پێش جەنگ وڵاتە زلهێزەکانی ئەوکات. بە تایبەتی بەریتانیەکان و ئەڵمانەکان و ڕوسەکان. لە ململانێیەکی هەمیشەیی و بەهێزدابوون کێ دەتوانێت شوێن پێی خۆی زیاتر قاییم بکات لە ناوچەکەدا. ئەوەی کە دەمێنێتەوە زیاتر تەرکیزەکە لەسەر بەریتانییەکان بووە. چونکە ئەوان حکومی ناوچەکەیان بەرکەوت. ئەو سیستەمە حکومڕانیەی کە لە عێراقدا هەبوو تا ساڵی ١٩٥٨ بەریتانیەکان دایان هێنا. نفوسی سەرەکی بەریتانیەکان لە پێش جەنگ زیاتر لە کەنداوی فارسدا بوو. هەم نفوسی نەوتییان هەبوو لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی (فارسی ئینگلیزی یان فارسی بەریتانی) ئەم کۆمپانیایە وەک مەدەنی کاری کردوە. بەڵام تابعی حکومەتی بەریتانیا بووە. دەرهێنان و بەرهەمهێنانیان لە ناوچەکانی ئێران و ناوچە سنوریەکانی عوسمانی بووە. دواترلە نەفتخانە و خانەقین بووە. لەهەمانکاتدا لەسەرەتاکانی سەدەی ٢٠ لە ساڵی ١٩٠٤ شتێکی تر هەبووە لەم ناوچەیە پێی وتراوە « هێڵی سکەی قیتاری بەغداد بۆ ئەڵمانیا « کە بەر ئەڵمانەکان کەوتووە وەکو هاوپێچێک بۆ ئەم گرێبەستە. ئەڵمانەکان دەرهێنان و وەبەرهێنانی نەوتیان لە ویلایەتی بەغداد و موسڵ هەبووە. بۆیە لێرە کێبڕکێ لەسەر نەوت دەست پێدەکات و ئەنجامەکەی بە پێکهێنانی کۆمپانیایەک دەست پێدەکات بە ناوی « کۆمپانیاتی تورکی بەریتانی» لە سەدا پەنجای (٥٠٪) ی پشکی بۆ بەریتانیاکان دەبێ و لە سەدا پەنجاکەی تریشی دابەش دەبێت بەسەر هۆڵندی و ئەڵمانەکاندا. ئەمە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. کە جەنگ دەست پێدەکات ئامانجی سەرەکی بەریتانیا پەلاماردانی باشوری عێراق بووە لە بەسرە لە مانگی ١١ی ١٩١٤ پاراستنی بۆریە نەوتییەکان بووە لە ئەهواز و ناوچەکانی سنوری عوسمانی. پاراستنی خەتی بازرگانی بەریتانی لە میزۆپۆتامیای ئەو سەرەدەمە بۆ هیندستان درێژ بۆتەوە. هەم لە هێڵی دەریایی و هەم هێڵی وشکانی. ئەوکاتە بەریتانیەکان بازرگانیان لە (٨٠٪)ی لەسەر ئەم هێڵە بووە. بۆیە هەر لەگەڵ

دەستپێکردنی جەنگدا، لیژنەیەک دەنێرن بۆ ناوچەکە بەسەرۆکایەتی کەسێک بە ناوی « بەنزن» ناوێک. لەسەر فەرمانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٥ «هێندی ئەسکویس» دەنێرنە ناوچەکە، ئەو لیژنەیە بابەتی زۆر گرنگ بڵاو دەکەنەوە، باس لەوە دەکەن ئێمە تاکو بەصرە نەگرین وەکو قولایی ستراتیج ناتوانین ئەو خەتە ئاویە بەرەو هیندستان و ئێران و ئەو وولاتانە بپارێزین. لەبەرامبەر مەترسیەکانی پەلاماری پێچەوانەی تورک و ئەڵمانەکان. لە هەمانکاتدا بەریتانیەکان پێیان وابووە ئەگەر بەصراشیان بەدەستەوە بێت بەبێ گرتنی بەغداد ئەوان ناتوانن پارێزگاری لە بەصرە بکەن. بۆ ئەوەی بەغداد ببێتە ناوەندی حکومڕانی لە ناوچەکە پێویستیان بە ئەوەهەیە ویلایەتی موسڵیش بگرن. ئەگەر وانەبێ ئەوکەسانەی کە ڕاپۆرتەکەیان بەرزکردۆتەوە، ئەگەر تورکەکان لە ویلایەتی موسڵ بن واتا بە بەردەوامی زیاتر (١٠٠کم) لە بەغدادەوە دوردەبن. کە هەر کاتێک ویستیان تەنیا بەگرتنەوەی ئاو بە ڕێگریکردن لە بەروبوومی کشتوکاڵی لە نە ناردنی تەختەو بەروبومی ئاژەڵداری دەتوانن برسیەتی بۆ باشور و ناوەڕاستی عێراق دروست بکەن. کاتێک جەنگ دروست دەبێت ئەم ڕاپۆرتانەش دەبن. ڕێککەوتنی جەنگیش هەبووە کە بە نهێنی کراوە. پێویستە هەموو ئەو ڕووداوانە لێک بدرێتەوەو لە کۆتاییدا گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەکەی بکرێت.

پاش گرتنی بەصرە بەریتانیەکان بیر لەوەدەکەنەوە کە بەرەو سەرترهەڵکشێن. هەر واشدەکەن. کاتێک لە ١٩١٥ بەصرە دەگرن بیر لەوە دەکەنەوە پێشڕەوی بەرەو بەغداد بکەن. بەم پێشڕەوییە فەرماندەکان پێیان وایە توشی کۆمەڵێک بەربەست دەبن. فەرماندە سەر بازیەکەن پێیان وایە ئەگەر بە دوو لیوای تر پشتگیری نەکرێن جا لە هیندستانەوە بێ یان لە میسرەوە بێ ئەوان ناتوانن بەغداد بگرن. هەندێکیان پێیان وایە دەتوانن بە غداد بگرن و تورکەکان تێک بشکێنن. بەڵام دەڵێن ڕەنگە نەتوانین لە دوو مانگ زیاتر لە بەغداد بمێنینەوە. بۆیە سەرکێشییەک دەکەن بڕیاری گرتنی بەغداد دەدەن. بۆیە لەشەڕێکدا بە ناوی» کوتل عمارە» تێک دەشکێن. بەشێوەیەک سەرکردەکەیان بە ناوی (جەنەڕاڵ تاونشێد) دەگیرێن لەگەڵ ٢٠٠٠ هەزارسەربازدا. ئەمە کاریگەری لەسەر سومعەی هێزەکانی بەریتانی دەبێت. وەک خۆیان کە لە ئەدەبیاتی سەربازی خۆیاندا دەیڵێن. دەڵێن: لە ١٠٠ ساڵی ڕابوردو توشی شکستی ئاوا نەبووین. بە جۆرێک لە ناوچەکانی وڵاتەکانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا لە مستەعمەرەکانی هیندستاندا. ئەوە

بـڵاو دەبێتـەوە کـە دەکرێـت بەریتانیەکانیـش تێـک بشـکێنرێن وەک هـەر گەلێکیتـر.

لـە دوای ئـەوە بەریتانیـەکان جارێکیتـر لـە مانگـی ئـازاری ١٩١٧ خۆیـان ڕێکدەخەنـەوە و پلانـی نـوێ دادەنێـن. بەسـەرۆکایەتی « جەنـەراڵ سـتانلی مـود) بەغـداد دەگـرن. گرتنـی بەغـداد خاڵێکـی نوێیـە لـە مێـژووی سیاسـی ناوچەکـە. بـەڵام ئـەوان بەوەشـەوە ناوەسـتن بڕیـاردەدەن بـەرەو موسـڵ بـڕۆن. لەکاتێکـدا پێـش گرتنـی بەغـداد لـە سـاڵی ١٩١٦ ڕێککەوتنێکـی جەنگـی هەیـە بـە ناوی «سـایکس بیکـۆ» ئـەم ڕێککەوتنـە نهێنـی بـوو تـا ئەوکاتـەی شۆڕشـی بەلشـەفیەق لـە ڕووسـیا ڕوویـدا لـە ئۆکتۆبـەری ١٩١٧. شۆڕشـگێرانی شـوعی ئەوکاتـە لـە دژی ڕژێمـی پێشـوو لـە بەرەکانـی جەنـگ کشـانەوە. ڕێککەوتنەکەیـان بـۆ ڕایگشـتی ئاشـکرا کـرد. بـەوەش بەریتانیـەکان و فەرەنسـییەکان توشـی ئیعراجیەکـی گـەورە بـوون. کـە بەخەڵکیـان وتبـوو ئـەوان بـۆ ئازادکردنـی گەلانـی ژێردەسـتەی عوسـمانی هاتـوون. بـەڵام هێشـتا جەنگـە جیهانییەکـە تـەواو نەبووبـوو کێکەیەیـان لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشـکرد.

بـە پێـی ڕێککەوتنەکـە ویلایەتـی موسـڵ کـە مەبەسـتمان باشـوری کوردستانیشـە بـەر فەرەنسـیەکان کـەوت. هـەر بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنەکـە پێـش کشـانەوەی ڕوسـەکان کـە ئەوانـی تێـدا بـوو. دەبوایـە لـە خەتـی کرماشـان و خانەقینـەوە بـڕۆن بـەرەوە

لەبەر ئەوەی تورکەکان خۆیان بە میراتگری عوسمانی زانیوە لە تورکیا « بزوتنەوەی کەمالیستیەکان» کە مستەفا کەمال سەرۆکایەتی دەکات لە دوای ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩١٩ کە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵەوە بە هێز دەبن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ویلایەتی موسڵ مافی ئەوانە

موسڵ. بەریتانیەکان پشتگیری سەربازی و لۆجستیکیان پێشکەش بکەن. دوای کشانەوەیان ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییە دروست دەبێت، کە ڕوسەکان دەکشێنەوە هەر بەو هێڵەی لێی هاتوون بە ناچاری بەریتانیەکان بەرەو موسڵ دەڕۆن. یەک بە یەک ناوچەکانی موسڵ دەگرن. تاکو ئەوکاتەی چەند ڕۆژێکی دەمێنێت بۆ ئاگربەستی« مۆدرس» کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ ئەنجام دەدرێت لە نێوان هەردوو هاوپەیمانەکان. بەرەی یەکەم: بەسەرۆکایەتی شانشینی بەریتانیا. بەرەی دووەم: بەسەرۆکایەتی دەوڵەتانی ناوەند.

لە دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک شاری موسڵ لە لایەن بەریتانیەکانەوە دەگیرێت و کێشە دروست دەبێت. پاشان بڕیار لەسەر کێشەکە دەدرێت، کە پێی دەڵێن کێشەی ویلایەتی موسڵ. لەبەر ئەوەی تورکەکان خۆیان بە میراتگری عوسمانی زانیوە لە تورکیا « بزوتنەوەی کەمالیستیەکان» کە مستەفا کەمال سەرۆکایەتی دەکات لە دوای ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩١٩ کە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵەوە بە هێز دەبن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ویلایەتی موسڵ مافی ئەوانە. لەبەر ئەوەی دوای ئاگربەست ڕاگەیاندراوە و بەریتانیەکان پشڕەوییان کردوە وگرتوویانە. کێشەکە لایەنێکی یاسایشی هەبووە لەبەر ئەوەی بەریتانیەکان دوای جەنگ موسڵیان گرتووە. ئەوانیش بیانویان ئەوە بووە دوو خاڵ لە ڕێکەوتنەکەدا هەیە خاڵی١٦ ئەڵێن: عوسمانیەکان خۆیان ڕادەستی نزیکترین بارەگا و بنکەی سەربازی هاوپەیمانان بکەن. خاڵی٧ مافی ئەوە دەدات بە هاوپەیمان هەر بنکەیەک ببێتە جێگەی مەترسی دەتوانن بیگرن. بەریتانیەکان بیانویان ئەوە دەبێت لەو ڕووەوە گرتوویانە. بەڵام ئەم کێشەیە درێژە دەکێشێت. بۆیە لە ١٩١٨ بۆ ١٩٢٠ حکومی بەریتانی لە ویلایەتی موسڵدا حکومێکی سەربازی ڕاستەخۆ دەبێت. ئەو دوو ساڵی حکومڕانیە کێشەی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ تورکەکان بەردەوام دەبێت. هەر لەو دوو ساڵەدا ڕێککەوتننامەی جۆراو جۆر ڕوودەدات. لە پاریس ڕێکەوتننامە هەیە بە ناوی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە ١٨ی١ی ١٩١٩ دەست پێدەکات. قەزیەی موسڵ بە چارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە. لە دوای ئەوە ڕێککەوتننامەی سیڤەر هەیە کە ڕێکدەکەون لەسەر پەیمانەکە کە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێکهاتبوو. لە بەندەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ ڕاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردستانی کردبوو. پەیوەندی بە چارەنوسی کوردەکانی ژێر دەستی عوسمانییەوە هەبوو. کوردستانی عوسمانی مەبەست لێی کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا و باشورە. ئێرانی تێدا نەبووە. لەبەر ئەوەی ڕژێمی قاجەرلە کاتی

دەستپێکردنی جەنگدا رایانگەیاند ئەوان نابنە تەرف و ناچە خاڵی هیچ بەرەیەکی شەڕەکەوە بۆیە دواترلەم هەموو کێشە و گرفتە باس لە چارەنوسی کوردستانی ئێران نەکراوە وەک ئەوەی ئنتیدابی ئەو هێزانە بێت، بەڵکو لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێنێتەوە. بۆیە لەوێ باس لە چارەنوسی کوردستان کراوە. لەگەڵ ئەو بەشەی باشور، بەلام بەداخەوە بە چارەسەر نەکراوی مایەوە. ئەوەی کە هەشبووە سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن بووە. بەریتانیەکان پشتیوانی نوێنەری کوردیان کردوە کە شەریف پاشای خەندان بووە لە پاریس. بۆ ئەوەی باکوری کوردستان لە ماوەی ٦مانگدا لیژنەیەک پێکبهێن و «پرۆپۆزەڵێک» پێشکەش بکەن. لە خاڵی کۆتاییدا قەناعەت بە تورک دەکەن کە دەستبەرداری مافی خۆی بێت. لە خاڵی سێیەمیشدا ئەڵێ: ئەگەر باشورئامادەبێت بچێتە ئەم بەشەی باکورەوە ئەوە کیانێکی کوردی دروست دەکرێت. لە کاتێکدا باشور لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا بووە. لەهەمانکاتدا لە موسڵ رێککەوتنی تر هەبووە لە نێوان بەریتانیەکان و فەرەنسیەکاندا کە رێک نەکەوتوون. کە چۆن بەریتانیا بیکاتە بەشێک لە زۆنی خۆی. تا ئەو کاتەی بە پێی رێککەوتنی « سایکس بیکۆ» بەشێک بووە لە نفوسی فەرەنسیەکان. لە دوای ١٩١٨ ئەوەی هەبووە جارێکیتر گفتوگۆکردن بووە لە نێوان فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان. بۆ ئەوەی موسڵ ببێتە بەشێک لە نفوسی بەریتانیا. ئەمە دواجار لە ١٩٢٠ لە کۆنگرەی سان ریمۆ دەکرێت.

سەرچاوەکان

١. کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی د. جەلیلی جەلیل و: لە رووسییەوە د. کاوس قەفتان بەغدا ١٩٨٧

٢. کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دا (١٨٩٠-١٩٣٢)، کامەران مەنتک . سلێمانی ٢٠٠٠

٣. تۆماس ودرۆ ویلسۆن (بە ئینگلیزی Thomas Woodrow Wilson) سیاسەتمەدار و ئەکادیمی ئەمریکی بوو کە لە ساڵی ١٩١٣ تا ١٩٢١ وەک ٢٨مین سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەرکار بوو. لە ساڵی ١٩١٢. ویلسۆن سیاسەتی ئابووری نەتەوەکەی گۆڕی و لە ساڵی ١٩١٧ ئەمریکای بەرەو جەنگی جیهانی یەکەم بر

٤. کێشەی موسڵ لە وێستگە مێژووییەکاندا. د. جەبار جبار قادر https://www.pukmedia.com/KS/details/?Jimare=٩٢٤٥٥

٥. کۆنگرەی (سان ریمۆ)و مافی سپاردەی ئێراق بە دەوڵەتی بەریتانیا...(کۆنگرەی سان ریمۆلە ١٨-٢٦ی نیسانی١٩٢٠ز) لە شاری (سان ریمۆ)ی وڵاتی (ئیتاڵیا) لەنێوان هەر (دوو) دەوڵەتی (شانشینی بەریتانیا و فەرەنسا)و لەژێر چەتری سیاسی دەوڵەتی ئیتاڵیا و بە ئامادەبوونی نوێنەری وڵاتانی (ژاپۆن، بەلجیکا، یۆنان)و ...شاندێکی جوو واژۆ کرا

پ.ی. دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس

پیرەمێردو سروودی نیشتمانی
(١٨٦٧ — ١٩٥٠)

سروود کە هەوێنی جۆشدان و گڕگرتنی دەروونی پڕ لە سۆی گەلانی چەوساوەو ژێردەستە، شاعیرە شۆڕشگێڕ و داهێنەرو نیشتمانپەروەرەکان کە هەمیشە بیرو ئەندێشەیان لە خۆشەویست کردنی نیشتمان و چاندنی تۆوی عیشق و خاکپەرستی لە ناخی گەلدا دەخولێتەوە، هەرگیز پلەو پایەو کۆشک و تەلاری داگیرکەر و دوژمنانی ئازادی فریویان نادات، وەک زێوەر دەڵێت: «زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری». پیرەمێردی نەمریش یەکێکە لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی کە ئەوینی خاک و زێدەکەی دوای چەندان سالی ئاوارەیی و وەرگرتنی پۆستی بەرز بەرز لە وڵاتی تورکیا رێی گەڕانەوەی بەرەو کوردستان پێ دەگرێ و ئەو زانست و زانیاریەی لەوێ فێریشی بووە، دەیخاتە خزمەتی گەلەکەی و ساڵانی دواتر پێشەنگی کردنەوەی ئاگری نەورۆزو رێکخەری ئاهەنگی ئەم یادە دەبێ لە گردی (یارە)و کارێزی (وەستا شەریف). سرووده مارسلیزئاساکەی (نەورۆز)یش بەرهەمی ئەو عەشقە پیرۆزەی پیرەمێردی نەمرە بۆ نەورۆزو جەژنی نەتەوایەتی (دوور لەم بۆچوونانە)ی ئەمڕۆ کە رووداوە مێژووییەکان پێچەوانە دەخوێننەوە.

سروودە هەمیشە زیندوەکەی (نەورۆز) لە ساڵی ١٩٤٨ دانراوە، کە بە (نەورۆزی ساڵی بڕوخێ) ناسراوە، چونکە لەو ساڵەدا راپەڕینێک لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا بەرپا

بـــوو دژی ڕێکەوتننامـــەی (پەیمانـــی پۆرتســـموپ) کـــە ســـاڵح جەبـــر لەگـــەڵ بەریتانیـــا ئیمـــزای کردبـــوو لـــە ١٩٤٨/١/٥. پیرەمێردیـــش لەنـــاو ئـــەم ڕووداوە ژیـــاوە. کـــە ڕۆژانـــە لـــە بـــەر دەرکـــی ســـەرا کاروانـــی حۆپیشـــاندەران هوتافیـــان کێشـــاوە.

«ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار» 1

پیرەمێـــرد لـــە دێـــری دووەمـــی ئـــەم ســـروودە ئامـــاژە بـــە شکســـت و نەهامەتـــی و ژێردەســـتەیی ســـاڵەهای کـــورد دەکات تـــا دەگاتـــە (تاکـــو و پـــار)؛ مەبەســـتی لـــە ســـێدارەدانی چـــوار ئەفســـەرەکەیە. لای شـــاعیر گوڵـــی ســـوورو ڕەنگاوڕەنگـــی بەهـــار خوێنـــی شـــەهیدانی دوێنـــێ و ئەمڕۆیـــە. کـــە بـــێ بـــاک لـــە مـــردن بـــۆ ئـــازادی خوێـــن دەڕێـــژن.

«ئەو ڕەنگە سوور بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی، بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد» 2

ئـــەو ڕەنگـــە ســـوورە مەبەســـتی ئـــەو خوێنـــە گەشـــەی شـــەهیدانی کوردســـتانە. کـــە بۆتـــە هەوێنـــی هەڵاتنـــی ڕۆژێکـــی نـــوێ و مـــژدەی ســـەرفرازی و ڕزگاری بـــە گەلانـــی جیهـــان دەگەیەنـــێ و پیرەمێـــرد لـــە شـــیعرێکی تـــردا دەڵێـــت:

«کورد نابڕێتەوە خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە» 3

پیرەمێرد گەیشتۆتە ئەو راستییە. کە بە بێ خوێن بەخشین هیچ گەلێکی ژێردەست ناگاتە ئامانج و لە دیلیەتی دەر ناچێ.

«نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە» 4

گڕی نەورۆز ئەوەندە پیرۆزو کاریگەرە لەسەر دڵ و ناخی لاوان. کە بۆ نەکوژانەوەی بڵێسەی ئەم ئاگرە. کە رەمزی ئازادی و مەرگی زۆردارانە. بە عەشقەوە تێدەکوشن و ترسیان لە مەرگ نییە.
لە دێرێکی تردا دەڵێت:

«تا ئێستە رووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا» 5

«کە دێتە سەر (قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ) ئەمووست راکێشانە بۆ راپەڕینی کانوون. شەڕی سەر پردی بەغدا کە کچانی کۆلێژەکانی بەغدا سنگی خۆیان کردبوو بە قەڵغانی گو گوللە و رەشاش و میترالێوز سڵیان نەدەکرد»
لە دێری کۆتایی دا دەڵێت:

«پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین» 6

شەهید باڵای کە هێندە بەرزو گیانی بەرزەفڕ بێ لە ئاسمانی نیشتمان پێویستی بە شیوەن و رۆڕۆ نییە. چونکە ئەو کەڵەمێردانەی بە خواستی خۆیانو خوێنی خۆیان بوونەتە پارێزەری گەل و نیشتمان هەرگیز نامرن و هەمیشە زیندوون و رەمزی سەربەرزی و قوربانیدانن، ئەم دێرەی چەند ساڵێک

پێشـتر لـە شـیوەنی مامۆسـتا (عەبدولواحید نـووری) نووسـیوە. ئامادەکەرانـی دیوانـی پیرەمێـرد دەڵێـن: «تـا بزانـرێ لـە چ بارودۆخێکـدا و لـە چ زەمینەیەکـی خۆشـکراودا، پیرەمێـرد ئـەو شـیعرەی وتـووەو ئـەوەش روون بـێ کـە ئەگەرچـی راپەڕینـی کانـوون هەوێـن بـوو بـۆ شـیعرەکەی، بـەڵام داسـتانی قارەمانێتـی کـورد و خەباتـی خوێنـاوی رۆڵەکانـی لـە شـیعرەکەدا وەک ئاوێنـە دەردرۆشـێتەوە«.

پیرەمێـردی شـاعیر خاوەنـی کۆمەڵێـک شـیعری تـری نیشـتمانی و چەنـد سـروودێکی تـرە. وەک: گـۆرانـی بەهـار

«کە دەڵێن، ئەمڕۆ دەشتوکێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە
بچۆ سەرگردی یارە ببینە
لە جیهاندا گوڵێکی رەنگینە» 7

«ئـەم سـرووده بـە رای مـن لـە ئـاوازی عـەرەبـی وەرگیـراوە. کـە لـە بنچینـەدا (موشـحاتی) ئەندەلوسـیە. بـۆ یەکـەم جـار گـۆرانیبێـژ مـەلا کـەریـم لـە سـاڵانی سـییەکان لەسـەر گرامافـۆن واتـە (قـەوان) تۆمـاری کـردووە و دواتـر هونەرمەنـد مەزهـەر خالقـی. سـاڵی ١٩٨٦ بـە شـێوەیەکی جـوان دووبـارە تۆمـاری کردۆتـەوە« 8. شـاعیر بـاس لـە جوانـی شـاری سـلێمانی لـە وەرزی بەهـاردا دەکات. کـە چـۆن سـەوزایی سـەرتاپای شـاخو پێدەشـتی داگرتبـێ و بـە تایبـەت لەسـەر گـردی مامـە یـارە دیمەنـی رەنگینـی دیـارە. کـە لـە جیهانـدا وێنـەی نییـە. ئـەم سـرووده وەسـفێکی زۆر شـاعیرانەی پیرەمێـردە بـۆ شـاری سـلێمانی.

(سـروود بـۆ نەوجوانـان): ئـەم سـرووده لـە خوێندنگاکانـدا وتـراوە. کـە هانـی خوێنـدکاران دەدا روو لـە زانسـت بکـەن و دوا نەکـەون و تێبکۆشـن بـۆ ئـازادی.

«ئەی نەوجوانانی وەتەن
سا پێش کەون ئازا بڕۆن
ئێوە بەرەو زانین بڕۆن
رەی تێکۆشن دوا مەکەون
لە سێبەری سەربەستی دا» 9

لــە کۆیلەیەکــی تــر روو لــە دوژمنــان دەکات، کــە گــەل دەچێتــە کــۆڕی خەبــات و رزگـاری دەبــێ لــە چەوســانەوە و چیتــر لــە کۆیلەیەتــی ناژیــن و دڵــت خــۆش نەبــێ بــە ژێردەســتیمان

«ئەی دوژمنەکانی نەزان
گەل ئەچێتە کۆڕی مەیدان
رزگار ئەبێت وڵاتمان
زوو نامێنێ دواکەوتنمان
بە هێزی لاوی نەوجوان» ١٠

سـروودی (ئێمــە کوردیــن): ئــەم ســرووده لــە ســاڵی ١٩٢٦ وتــراوه و تــا کۆتایــی حەفتاکانیــش لــە خوێندنگاکانــدا دەوتــراوە، کــە بــاس لــە خۆشــەویستی زمانــی کــوردی و لاوک و بەســتەو گـۆرانــی کــوردی چەنــدە بەســۆزن لــە ئاســت نامــەی ئاســمانی داود پێغەمبــەرەوە (س.خ) بــە نــاوی (زەبــوور)، لــە وەســفی کوردســتانیش لــە لای هێنــدە جــوان و خــۆش و رەنگینــە، بــە جۆرێــک کــە دەڵێــت: (جنــە المــأوی) وا لــە شــارەزوورەوە، هێنانــی نــاوی چەنــد ســەرکردە و کەســایەتی مێژوویــی کــورد، کــە لــە رێــی نیشــتمان گیانیــان بەخشــیوە، لای شــاعیر وایــە نموونــەی ســەرکردەکانی کــورد لای گەلانــی تــر نییــە، کــە ئەمــە بۆچوونــی شــاعیر خۆیەتــی، لەوانەیــە پێچەوانــەش بــێ:

«ئێمە کە کوردین لە لامان وایە
زوبانی کوردی زۆر بێ هاوتایە
لاوکی کوردی دەنگی زەبوورە
«جنە المأوی» لە شارەزوورە« ١١

لــە کۆتایــی ســروودەکە شــاعیر دەگاتــە ئــەو راســتییە، کــە تــا لاوان گیــان بەخــت نەکــەن لــە رێــی نیشــتمانو هــەزاران لــەم پێنــاوەدا شــەهید نەبــن و بــە خامــەی خوێــن شــیوەنیان بــۆ نەکــرێ، هەرگیــز کــورد رزگاری نابــێ و ژێردەســتە دەمێنێتــەوە.

«ئەم میللەتەی کورد رزگاری نابێ
پێشك ئەم ئیشە هەر ئەبێ وابێ» ١٢

پیرەمێردی نەمر وەک شاعیرێکی هوشیارو پێشکەوتنخواز و درک کردن بەو راستییەی، ئەگەر ژن نەیەتە مەیدان و هاوبەشی پیاو نەکات لە ئەرک و فەرمانی رۆژانەداو کچان رێی خوێندن نەگرنە بەر، ئەوا پێشکەوتن و دەرچوون لە تاریکی ژیان مەحاڵە، بۆیە هانی کچان دەدا روو لە خوێندنگا بکەن، چونکە وەک ئەو وتەیەی کە بڵاوە (ژن نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی ترە). پیرەمێرد دڵنیایە ئەگەر دایکی نەوەی نوێ خوێندەوار بێ، بێگومان نەوەیەکی هوشیار و نیشتمانپەروەر و زانستخواز پێدەگەن، کە ئەمەش مژدەی رزگاربوون و بە کاروانی گەلان گەیشتنە.

ئەی کچینە

«ئەی کچینە! وەرنە مەکتەب، ئێوە تەسکینی دڵن

زینەتی باغو تەرەقین، رەونەقی دەستەی گوڵن

تازە ئێمە تێگەیشتووین، دایکی چاکی خوێندەوار

نەسلی وا دێنێتە مەیدان، قەومەکەی پێ بێتە کار

هەر کچانی خوێندەوارە، میللەتی پێ سەرکەوێ

تەربیەی منداڵ هیوایە، پێشڕەویمان بەرکەوێ» 13

سەرچاوەکان

١- دیوانی پیرەمێرد، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٩٠، ل ٢٠٧.

٢- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢٠٨.

٣- سەرچاوەی پێشوو . ل ٩٢.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠.

٥- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢١٠.

٦- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢١١.

٧- پیرەمێرد، دیوان، محەممەد رەسووڵ هاوار، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٣٥.

٨- جیهان بەخش محمد کۆیی . دیدەنی . لە هەولێر ١٢/١٠/٢٠٠٧.

٩- دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٩٠، ل ٢٠١.

١٠- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢٠١.

١١- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢٧٦.

١٢- سەرچاوەی پێشوو . ل ٢٧٧.

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣.

ئاوات گۆکەیی

کێ شەقامەکانی سلێمانیی ناوناوە؟

ئاوڕدانەوەیەک لە (بەنگینە)ی شاعیری گەل

بەنگینە، شاعیری بەهەڵوێست و واقیعیبیەت، هەڵگری خەمی نیشتمانی و ماندووی ڕێگەی زانست و زانین و خوێندەوارییە. هەستی نەتەوایەتی وشۆڕشگێڕی و پەرۆشیی زۆری بۆ هۆشیاربوونەوەی گەلەکەی لە سەراپای هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.
ئەم شاعیرە، ئەگەرچی ساڵانی سی و چل و پەنجاکان ناوێکی دیاری ناو ڕۆژنامەکان و بۆنەو ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرخودانەکان بووە و بە شیعرە ئاگرینەکانی ڕۆحی خەڵکی جۆشداوە و هانیداون بۆ خەبات و خوێندەواری و زانست و زانیاری، بەڵام زەمانە غەدرێکی زۆری لێکردووە و لە لای نەوەی ئێستا وەک ئەوەی هەیە، نەناسراوە.
بەنگینەی شاعیری گەل تا دوای روخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا شیعرەکانی نەکران بە کتێب و دیوانی بۆ چاپ نەکرا، لە دوای ئەو مێژووە و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە زۆرکەم لە بارەیەوە نووسراوە، ئەوەی نووسراوە و باسیش کراوە لە ئاست گەورەیی خودی بەنگینە و لە ئاست بە پێزیی شیعرو پەیڤە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانیدا، نییە.

بەنگینە کێیە و کام ساڵی لە دایکبوونی ڕاستە؟

لە دیوانەکەی و هەندێک سەرچاوەی تردا نووسراوە: ناوی (فەیزوڵلا باقر ئەحمەد)ە و ساڵی لە دایکبوونی بە ١٩٠٨ی شاری سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان نووسراوە و گوایا لە تافی لاویدا رویکردۆتە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە و بەوشێوەیە ژیاننامەکەی جێگیرکراوە. بەڵام لە کتێبی (گوڵچنی گیو)ی مامۆستا گیو موکریانی کە دکتۆرە کوردستان موکریانی-ی کچی لە دووبەرگدا چاپی کردووە. ژیاننامەکەی بەنگینەی تێدایە و جیاوازە لەو ژیاننامەیەی لە دیوانەکەیدا هەیە.

دیارە کتێبەکەی مامۆستا گیو شیعرو ژیاننامەی سەدان شاعیری کلاسیک و هاوچەرخی ئەوکاتەی لە خۆگرتووە. لەوانە (بەنگینە) کە شیعرێک و ژیاننامەکەی بڵاوکراوەتەوە و لە پەراوێزدا نووسراوە: (لە ١٩٧٢/٩/٦ لە خۆیم وەرگرتووە. گیو)- لاپەڕە ٢٤٢.

واتا: مامۆستا گیو ژیاننامەکەی لە بەنگینە خۆی وەرگرتووە. ئێ دیارە ئەوەش راستترە لەوەی کە لە دیوانەکەی و لە هەندێک سەرچاوەی تردا بڵاوکراوەتەوە.

لەو کتێبەدا نووسراوە: فەیزوڵلا کوڕی باقر. کوڕی سۆفی. ساڵی ١٩٠٠ لە سلێمانی لە دایکبووە. لە سەفەریەردا (دەبێت مەبەستی سەفەربەلەک بێت) بە دایک و باوکەوە هەڵاتوون و روویان لە ئێران کردووەو چوون بۆ سەقز. لەپاش سەفەربەر. کە دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە. بە دووبرایانەوە گەڕاونەتەوە سلێمانی.

بەهەمان شێوە. لە کتێبەکەی مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە-شدا (دەنگی کورد). هەمان زانیاری کتێبەکەی مامۆستا گیو و هی زیاتریشی تێدا تۆمارکراوە لە بارەی بەنگینەوە. لەوانە: بەشداریی راپەڕینەکەی رۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی کردووە و لەسەر ئەمەش شەش مانگ لەگەڵ بێکەسی شاعیر زیندانی کراوە. نووسراویشە: بەکێکیشە لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و چۆتە خزمەتی پێشەوا قازی محەمەد.

کەواتە: ساڵی لەدایکبوونی بەنگینە ١٩٠٨ نییە و ١٩٠٠ە، هەروەها ناوی باپیریشی (ئەحمەد) نییە و سۆفی یە.

بەنگینە و پیرەمێرد

بەنگینە خوێندکارو ئاشنای پیرەمێردی شاعیر بووە و هەر بەگەنجی کەوتۆتە ژێرکاریگەریی دنیابینی و بیروبۆچوونەکانی ئەوەوە. زۆر دۆست و نزیکی یەکتری دەبن و تەنانەت هەندێکجاریش بە پیرەمێردی وتووە (خاڵە).

بە کورتی، بەنگینە بووە بە رێبواری سەوداسەری پیرەمێردو لە دوو رووەوە بۆتە خوێندنکاری ئەو، هەم لە قوتابخانەی زانستی ئێواران خوێندویەتی و هەمیش بەرهەمەکانی لە رۆژنامەکانی ژین و ژیان بڵاوکردۆتەوە.

لە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز کە پیرەمێرد سازیدەکردن، بەنگینە بە شیعرو وتار بەشداریکردووە. لە شانۆگەرییەکیشدا رۆڵی (حاجی باقی)ی بینوە و ئەو ناوەی بەسەردا براوە. هەروەها لە شانۆیی(مەم وزین)یشدا وەک ئەکتەر رۆڵی (بەنگین)ی بینیوە. نواندنەکەی ئەوەندە جوان و سەرنج راکێش بووە، پیرەمێرد ناسناوی بەنگینەی پێبەخشیوە و ئیتر کەس بەناوی فەیزوڵلاوە بانگی نەکردووە، بەڵکوو بووە بە بەنگینە یان حاجی باقی، یان هەردوو ناوەکە بەیەکەوە (حاجی باقی بەنگینە). دواتر ناوی بەنگینە بووە بە ناسناوی شیعریی ئەم شاعیرە گەورەیەی کورد.

بەنگینەی شاعیر لە سەردەمی پاشایەتیدا بەردەوام لە ریزی خۆپیشان و راپەرینەکاندا بووە و بە شیعرو وتارە ئاگرینەکانی جەماوەری جۆشداوە. چەندینجاریش دەستگیرکراوە و خراوەتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی سەختەوە. لەگەڵ ئازارو ژانی گەلەکەی و لەگەڵ هەژاراندا هاوهەڵوێست بووە، قوربانیی داوە و ئاسوودەیی ژیانی خۆی خستۆتە پێناو نەتەوەکەیەوە. بۆیە کاتێکیش بەعسییەکان تەختی فەرمانڕەوایی عیراق دەگرنەدەست، بەنگینە دەبێتە ئامانجی ئەوان و لە رەشەکوژییەکەی زەعیم سدیقی خوێنڕێژدا فەرمانی گوللەبارانکردنی بۆ دەردەکرێت، بەڵام بە ئازایەتی و وریایی خۆی، دەربازی دەبێت. لە ئەنجامی هەڵاتن و گیران و ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمەی ئەوی تیادا ژیاوە، زۆرێک لە شیعرەکانی فەوتاون. لە تەواوی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ئەوکاتە ئامادەیی بووە و شیعرەکانی بوونە هەوێنی هەڵوێست و حەماسی نیشتمانیانەی خەڵک، هەر بۆیە بە شاعیری گەل ناسراوە.

حاجی باقی بەنگینە لە رۆژی ١٩٧٢/٩/١٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەیوان بەخاک سپێراوە.

شیعرەکانی بەنگینە

بە وردبوونەوە لە تێکستە شیعرییەکانی، خوێنەر بۆی ڕووندەبێتەوە کە بەنگینە بەرلەوەی شاعیر بێت، کوردێکی خاوێن و کوردپەروەرو شۆڕشگێڕێکی خاوەن هەڵوێستی بەرزی نیشتمانییە، هەر بۆیەو مەبەستەش شیعری نووسیوە. واتا ئەدەب و توانا ئەدەبییەکەی لە خزمەت مەبەستە شۆڕشگێڕییەکەیدا بووە.

هاوارو خەمێکی قووڵ بە شیعرەکانییەوە دیارە. خەم لە ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی و هاوارێکی بەرز و بڵند بۆ هۆشیاربوونەوە.

چەندخۆشە پیربی و خوێنت گەرم بێ
وەتنفرۆشی لەلات شەرم بێ
بۆ خەباتکردن ژیرو چالاک بی
لەناو لاوانا دیارو تاک بی
قەسەم بەگەل و خاکی کوردستان
هەر خەبات ئەکەم، بە بێ پشوودان
قەت مل کەچ ناکەم لە روی دوشمنان
هەتاکو ئەچمە ریزی شەهیدان

یان

ئەوا من مردم نەگەیمە ئاوات
لاوان لامەدەن لەکۆڕی خەبات

هەروەها پەندو ئامۆژگاریی دڵسۆزانە و لاکردنەوە لە خوێندن و فێربوونی زانست، پانتاییەکی زۆری شیعرەکانی گرتووە. لەو ڕووەوە تیشکی ڕووناکیی بیرکردنەوە فراوانەکەی بەنگینەمان بۆ دەردەکەوێت:

تۆ وەرە تۆوی چاکە بچێنە
بۆت دێتە بەرهەم کاتی دروێنە
فراپە هیچی لێنایاتە بەر
بەهیوای مەبە تا ڕۆژی مەحشەر

یان

مەکتەب بۆ ئێوە پێویستە کوردان
ئەبێ پێی بڵێن بەهەشتی جیهان

سەرگوزشتەی ناونانی شەقامەکان

بە مەبەستی ناونانی شەقامەکانی شاری سلێمانی، ئەنجومەنی شارەوانی لە ژمارە ١٣٤٩ی هەفتەنامەی (ژین)ی ساڵی ١٩٥٧دا بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوە و داوای لە خەڵک کردووە ناو هەڵبژێرن. بەنگینەش بە پیر بانگەوازەکەوە چووەو بەم شیعرە بەشداریی کردووە کە لە ژمارە ١٣٥٠ی هەفتەنامەی ژین بڵاوی کردۆتەوە:

ژینی خۆشەویست، چرای ئەم شارە
ناونانی شەقام فەرزە ئەمجارە
لە سەرا بەرەو خوار ناوی نراوە
شەقامی کاوە، خاوەنی ناوە
شەقامی کەرکووك، بەهەشتی زەوی
ناوی لێبنێن جادەی مەولەوی
لەبەر سانەوی، هەتا سەرقەبران
ناوی لێبنێن شەقامی سەیوان
شەقامێك ئەڕوا بۆ ماڵە شێخان
خوا ناویناوە جادەی کانێسکان
ڕێگای سەرەکە، کە جادەی ناوە
سابوونکەرانە، قەت نەگۆڕاوە
پیرەمێرد، نەمر و دڵی زۆر جوانبوو
مزگرو زبانی ژیانی کوردانبوو
ئەویش لەم شارە بەشی خۆی ئەوێ
جا نازانم کام شەقامی بەرئەکەوێ.

بەنگینە و نەجمەدینی مەلا

وای بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە، ئەنجومەنی شاوەرانی سلێمانی پەسەندیکرد و شەقامەکانی بەوجۆرەی بەنگینە پێشنیازی کردبوو، ناونا.

وەسفی گرەکەی یارە

بەنگینە چەندین شیعری جوان و ناسکیشی هەیە لە وەسف و ستایشی کوردستان و جەژنی نەورۆز و کەسایەتییەکان و تەنانەت ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەش. یەکێک لەو شیعرانە (ئۆخەی گردەکەی یارە)یە کە ڕەشۆلی هونەرمەند و مەقامبێژ بە ئاوازێکی خۆش و بەسۆز، چریکاندویەتی و لەو ساوە تا ئێستاش رادیۆ کوردییەکان پەخشی دەکەن. بەهۆی جوانی و بەرزیی ئاستی شیعرەکە و ڕەسەنایەتی دەنگی ڕەشۆڵەوە، نەوە دوای نەوە و دوای دەیان ساڵ لە تۆمارکردنی، هەر زیندووە و خەڵک دەیڵێنەوە. سەرەتای شیعرەکە دەڵێت:

ئۆخەی گردەکەی یارە
چەند شیرین و نازدارە
ئەو کاریزەی لە بەر پێی
ئاوی شیرینی شارە ....

عەشقی نیشتمان نەک هی چاوی جوان

زۆر بەکەمی شیعرێکی بەنگینە دەبیندرێت کە بۆن و هەستی ئەویندارانەی لە خۆگرتبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عەشقە نیشتمانییەکەی بەنگینە لە سەروو هەر هەست و حەزێکی زاتیی خۆیەوە بووە.

لەم ڕووەوە مامۆستا عوسمان هەورامی کە دیوانی بەنگینەی کۆکردۆتەوەو و ئامادەو چاپی کردووە. نووسیویەتی (پاش ئەوەی لە سەردەمی لاوی و هەرزەکاریدا. هەندێ هۆنراوەی دڵداری لە کانگای دەروونی بەکوڵیەوە سەریانهەڵداوە. لە پڕ گوژمە تەزوویەکی بەگوڕ، بەهەمموو بوونیا گوزەریکردووەو. لە نووکی خامەکەیەوە. بەم چەشنەی خوارەوە. وزەو تینی دەرکەوتووە):

بەنگینە بەسیە وەسفی چاوی جوان
وەرگەڕێرە سەر مەدحی نیشتمان.

ڕێگە نەدرا دیوانەکەی چاپ بکرێت

مامۆستا عوسمان هەورامی لە ساڵی ١٩٧٩وە سەرقاڵی کۆکردنەوەی شیعرەکانی بەنگینە بووە تا لە دوتوێی کتێبێکدا چاپیان بکات. لە ژمارەکانی بڵاوکراوەکانی ژین و ژیان و گەلاوێژو هەتاو شیعرەکانی وەرگرتووەو تۆماری کردوون. سەرئەنجام دیوانەکە ئامادەکراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی چاپکردن. دوای ساڵانێکی زۆرچاوەڕوانی. هەر چاپ نەکرا.

دیارە ئەو ڕێچکە نەتەوەییەی کە بەنگینە گرتوویەتییە بەر، هۆکاربووە بۆ فەرامۆشکردنی چاپی دیوانەکەی لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری ئەوسای حکومەتی عیراقەوە. بە درێژایی دوای ڕاپەڕینیش دیوانەکەی هەر چاپ نەکرا تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەهەوڵی (خەبات تۆفیق بەنگینە)ی کوڕەزای. یەکەم چاپی دیوانی بەنگینە کرا. ١٣ ساڵ دواتر و لەساڵی ٢٠١٦دا بەهەوڵ و کۆششی (ڕێبوار تۆفیق بەنگینە)ی کوڕەزای بەنگینە. دیوانەکە بەشێوەیەکی فروانترو دەوڵەمەندتر. چاپکرایەوە.ئەوەی لەم دیوانەی بەردەستدا بڵاوکراونەتەوە. ئەو شیعرانەن کاتی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ژین و ژیان و گەلاوێژ و هەتاو بڵاوکراونەتەوە. لەگەڵ هەندێک پارچە شیعری دیکە کە لای بنەماڵەکەی دەستکەوتوون.

سەرچاوەکان:

١- دیوانــی بەنگینــە. کۆکردنــەوەو ئامادەکردنــی: عوســمان محەمــەد هەورامــی. چاپــی دووەم- ٢٠١٦.

٢- چراکانی نیشتمان. نووسینی: خەلیل عەبدوڵلا- چاپی دووەم ٢٠٢١.

٣- گوڵچنــی گیــو- کۆکردنــەوەی گیــو موکریانــی. بژارکــردن. رێکخســتن. ســاخکردنەوەو زێدەکردنــی کوردســتانی موکریانــی- بەرگــی یەکــەم ٢٠١٩.

٤- دەنگــی کــورد. یەکەمیــن رۆژنامــەی سیاســیی کوردیــی ســەربەخۆیە. گردوکــۆ. ســاغکردنەوەو ئامادەکــردن عەبدوڵــلا زەنگەنــە- ٢٠٢٢.

٥- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ رێبوار تۆفیق بەنگینە. کوڕەزای شاعیر.

گۆشەی

ئامادەکردنی: بەشی شە

نامرن ئەوانەی والەدڵی میللەتدا دەژین

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو حیزبەی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا زیاتر لە(18)هەزار شەهیدی پێشکەش بە گەلی کورد کردووە هەر ئەوەشە کە یەکێتی نازناوی حیزبی شەهیدانی پێ بەخشراوە،بستە خاکێکی نیشتیمان نابینی بەخوێنی ڕۆڵەیەکی یەکێتی سوور نەبووبێت،مێژووی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە تا ئێستا بەچەند قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیووە و مێژووەکەشی لێوان لێوە لە سەروەریی گەورە و گران بەهـا(ی.ن.ک) بەدرێژایی خەباتی چەکداری شاخ و شار دەیان داستان و قارەمانێتی بۆ میللەتەکەی تۆمار کردووە لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان نزیك لەیەك چارەکە سەدە خەبات و بەردەوامی شاهیدی ئەو ڕاستیەن و لەوپێناوەشدا دەیان سەرکردە و سەدان فەرماندە و هەزاران پێشمەرگەی بەئەمەك لەدژی شەڕەنگێزی داگیرکەران و هێرش و پەلاماری تیرۆرستان لەسەنگەری بەرگریدا شەهید بوون و بەخوێنی گەشیان ئەم ئازادیەی ئەمڕۆیان دروست کرد. (گۆشەی نەمران لەگۆڤاری "ڕێبەر") تایبەتە بە شەهیدان هەوڵ دەدەین لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەك ژیان نامەی چەند شەهیدێك بخەینە بەر دیدەی هاوڕێ و هاوسەنگەر و خوێنەرانی بەڕێز.

لەگەڵ ڕێزدا.

نەمران

ی ڕێکخستنی پێشمەرگە

رائد / حسێن ئیسماعیل محەمەد خەمیس
لەساڵی 1976 لە خانەقین لەدایک بووە ،
لە ساڵی 1991 بووە بە پێشمەرگە و کۆتا ئەرکی پێشمەرگایەتی (ف. سریە) بووە لە یەکەی 136ی گەرمیان.
لەبەرواری 27/8/2014 لەجەلەولا شەهید بووە.

نەقیب ئومێد قادر ئینجە محەمەد
لە ساڵی 1978 لە چەمچەماڵ لەدایکبووە
لە ساڵی 1992 بووە بە پێشمەرگە و کۆتا ئەرکی پێشمەرگایەتی پایە: جێگری فەوج بووە لە یەکەی 136ی گەرمیان .
بەرواری 10/8/2014 لە جەلەولا شەهید بووە

ملازم اول / چۆمان ڕەحمان مەحمود سلێمان
لەساڵی 1990 لە کەلار لەدایک بووە.
لە ساڵی 2007 بووە بە پێشمەرگە لە یەکەی/ 136ی گەرمیان پایە: (ف. سریە)بووە
لە بەرواری: 27/10/2014 لە جەلەولا شەهید بووە

مارف عوسمان ئەحمەد
لە ساڵی 1992 لە خورماتوو لەدایکبوون.
لەساڵی 2013 بووە بە پێشمەرگە لە یەکەی 136ی گەرمیان.
لە بەرواری 23/11/2014 لە جەلەولا شەهبد بووە

پیرەمێرد

جاران ئەم کوردە هێندە بەوەفا بوو
دزیشیان قەدری وەفای لابوو
ئێستا کە پارووت کرد بە دەمییەوە
پەنجەشت ئەخوا هەر بەدەمییەوە
تۆ تێری ئەکەی لەنان و کەرە
ئەو کە تێری خوار پێت ئەڵێ کەرە

ئەمنە سوورەکە

دوایین مۆڵگەی ڕژێمی بەعس

کاتی ڕزگارکردنی شاری هەڵمەت و قوربانی